دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

یەکشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩١ _٢٠ی مای ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٨٣ | نرخ: ١٥٠ تمەن

## پارلمانی ئەمریکا خوازیاری گەمارۆی زیاترە



لە ٢٨ی بانەمەڕ ٤٠١ نوێنەری پارلمانی ئەمریکا بە پەسندکردنی بڕیارنامەیەک وێڕای وریاکردنەوەی لە سەر هەوڵەکانی ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی داوا لە ئۆباما دەکەن گووشار ئابووریی و دیپلۆماسییەکانی سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی توندتر بکا. بە دوای ئەویشدا پارلمان لە پەسندکراوی بودجەی بەرگریی ئەمریکادا راشکاوانە باس لەوە دەکا ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە لایەن ئێرانەوە هەڕەشەی ناوکییان لە سەر بێ، ئەمریکا دەتوانێ هێرشی سەربازیی بکاتە سەر ئەو وڵاتە.

## یوکیا ئامانۆ دەچێتە تاران



بەدوای کۆبوونەوەی دوو رۆژەی ئاژانسی وزەی ناوکی لە ڤییەن دەگەڵ ئێران و لە بەرەبەری کۆبوونەوەی ئەو وڵاتە دەگەڵ گرووپی ٥ کۆی ١ لەبەغدا یوکیائامانۆ سەرۆکی ئاژانس بڕیارە رۆژی یەکشەممە ٢٠ مای سەردانی تاران بکا. لە بەیاننامەیەکدا کە ئاژانس، رۆژی هەینی ٢٩ ی بانەمەڕ بڵاوی کردەوە، هاتوە کە ئاژانس ئامادەیە لەبارەی بەرژەوەندیی هەر دوولا لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی قسە بکا.

### بە بیانووی پڕوپووچ
# تاوان لە دژی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بەردەوامە



لە ٢٧ی بانەمەڕ، پایەگای بەسیجی جێگیر لە گوندی «نستان»ی ناوچەی رەبەت کەسێکی ئەو گوندەیان بەناوی رەحمان کوڕی حوسێنی حەمەڕەش کە بە ماتۆرسیکلێت لە ئاوایی دەچووە دەر، دایە بەر دەسڕێژ و گیانیان لێ ئەستاند. پێشتریش رۆژی ٢٤ی بانەمەڕ، لاوێکی خەڵکی شنۆ بەناوی یوسف مەعرووفی کە بۆ گیاکردن رووی لە چیاکانی رۆژئاوای سینگان کردبوو، لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەدرێتە بەر دەسڕێژ و دەیکوژن. لە ١٥ی بانەمەڕیش، لە پیرانشار مەئمورێکی هێزی ئینتیزامی تەقەی لە ماشێنێکی شەخسی کردبوو و هاوسەری دووگیانی شۆفێری ماشێنەکە (سولەیمان دوورباش)ی بەتوندی برینداز کردبوو.

لە ٢٤ی بانەمەڕیش دا، ماشێنێکی پەیکان کە دوو کەسی خەڵکی شاری سنە بەناوەکانی موجتەبا زاهیدی و هیوا فەتحیی تێدابوو، لە جادەی نێوان مەلایر- هەمەدان کەوتە بەر دەسڕێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و هەردووکیان کوژران. لە مانگەکانی پێشووشدا چەندین نموونە لە کوشتنی کۆڵبەران و کاسبکارانی سەر سنوور روویدابوو. بیانووی چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم تاوانانە ئەوەیە کە گومانیان کردوە ئەو کەسانە یا بە ماشێنەکانیان باری قاچاغیان پێ بووە! تا ئێستا لەسەر کوشتنی کاسبکارانی بێ تاوانی کوردستان، هیچ کاربەدەست و بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی سزا نەدراوە. بۆیە تاقە رێگا بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو تاوانانە، نارەزایەتیی دەربڕینی جەماوەری و یەککرتووانەی خەڵک دژی کوشتاری رۆڵەکانی ئەم خەڵکەیە.

## بانکێکی ژاپۆن دەست بە سەر بڕیکی زۆر پوڵی ئێران دادەگرێ



بانکی میتسیوبیشی ژاپۆنی رایگەیاندووە کە رێز لە بڕیاری دادگایەکی ئەمریکا سەبارەت بە دەستبەسەرا گرتنی دوو میلیارد و ٦ سەد ملیۆن دۆلاری ئێراندا دەگرێ و ئەو پوولە بە حکوومەتی تاران ناداتەوە.

وتەبێژێکی ئەو بانکە لە توکیۆی پایتەختی ژاپۆن رۆژی ١٧ی بانەمەڕ بە هەواڵدەریی فەرانسەی راگەیاند لە سەر داوای دادگایەکی ئەمریکا ئەو پوڵە ناداتەوە بە ئێران. دادگایەکی ئەمریکا بە تاوانی ئەوەی حکوومەتی ئێران لە تەقینەوەیەکدا کە ساڵی ١٩٨٣ لە بەیروتی پێتەختی لوبنان روویدا بڕیاری راگرتنی ئەو برە پوولەی ئێرانی دەرکردووە.

هەرچەندە ئەو وتەبێژەی بانکی میتسیوبیشی ئامادە نەبوو بری پوڵی حکوومەت و کاربەدەستانی ئێران کە لای ئەو بانکە پاشکەوت کراوە ئاشکرا بکا، بەلام کەسانێکی شارەزا دەڵێن کە دەیان میلیارد دۆلاری حکوومەتی ئێران لەو بانکەدا پاشەکەوت کراوە و بڕیاری ئەو بانکە بە دەسپێکێک بۆ دەستبەسەردا گرتنی باقی ئەو پوولە دەزانن کە لە حسابەکانی ئەو بانکە دایە.

### باڵوێزی ئەمریکا لە ئیسراییل:
## گەلاڵەی ئامریکا بۆ هێرشکردنەسەر ئێران ئامادەیە





دۆن شاپییەرۆ، باڵوێزی ئەمریکا لە ئیسرائیل دەڵێ سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا هیوادارە دیپلۆماسی و گەمارۆکان ئێران ناچار بە گۆڕینی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی بکەن، بەلام لەهەمان کاتدا بەربژێری نیزامی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە ئامادە کردوە. کاربەدەستانی ئامریکایی و بەتایبەت ئۆباما دەڵێ بەربژێری نیزامی سەبارەت بە ئێران رەد نەکراوەتەوە.

ئامریکا و هاوپەیمانانی دەڵێن ئێران لە هەوڵی دروستکردنی چەکی ئەتومی دایە، بەلام ئێران هەموو جارێ ئەو بانگەشەیەی رەد کردۆتەوە.

شاپییەرۆ هەروەها گوتی: وا باشترە ئەم مەسەلەیە لە رێگەی دیپلۆماتیک و فشارەوە چارەسەرە بکرێ نەک لە رێگەی هێزی نیزامیەوە، بەلام ئەوە بەو مانایە نییە کە بژێرەی نیزامی لەگۆڕێ دا نەبێ. بژێرەی سەربازی نە تەنیا بوونی هەیە، بەڵکوو ئامادەشە و بەرنامەرێژیی پێویست بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دراوە تا لە ئامادە بوونی دڵنیا بین.

جۆرج لیتڵ، وتەبێژی پێنتاگۆنیش رۆژی پێنج شەممە جەختی کردەوە کە سیاسەتی ئامریکا لە بابەت ئەو بابەتە « هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتوە.»

ناوبراو گوتی: « وتەکانی باڵوێز بە تەواوی لەگەڵ ئەم شتەی کە ماوەیەکە سەبارەت بە ئێران گوتوومانە و دەیڵێینەوە یەکتر دەگرێتەوە و چڕکردنەوەی ئێمە لە ئامریکا کەڵک وەرگرتن لە کەرستە دیپلۆماتیک و ئابوورییەکانە.»



هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان لە تۆرنۆمێنتی فەلەستین

پەیاممان

# شەهیدانی راپەڕینی ٤٧_ ٤٦ هەروا رێنیشاندەرمانن

**قادر وریا**

١٢ی بانەمەڕ رۆژی شەهیدبوونی دیارترین سیمای جوولانەوەی چەکدارانەی ٤٧_ ٤٦ی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سمایل شەریفزادەیە.

ئەگەرچی، بۆ یاد کردنەوەی جوولانەوەی چەکدارانەی ٤٧_ ٤٦ی، رۆژ و مانگێکی دیاریکراومان نییە، بەلام رۆژی شەهیدبوونی سەرکردەی جوانەمەرگ سمایل شەریفزادە، دەتوانێ بۆنەیەکی گونجاو بێ بۆ یادکردنەوەی سەرجەم شەهیدەکانی ئەم راپەڕینە و خودی راپەڕینەکە. چونکە سمایل شەریفزادە جگەلەوەی یەک لە دیارترین رووماى ئەو جوولانەوەیە بوو، دەتوانین بڵێین لەباری فیکری و سیاسییشەوە شوێندانەرترین رێبەرانی راپەڕینەکە بوو.

سمایل شەریفزادە، خوێندکاری زانکۆ بوو و لە نێو خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران دا، توانیبووی گەرای کاری سیاسی و تێکۆشانی حیزبی و چالاکیی خوێندکاری لە راستای خەباتی نەتەوەیی دا، بلاو بکاتەوە. راستە ئەویش وەک زۆربەی رووناکبیرانی سەردەمی خۆی، هەڵگری بیر و باوەڕی چەپ بوو. بەلام لەو چەپانە بوو کە بیر و باوەڕی چەپیانەی خۆی لە خزمەت خەباتی نەتەوەیی و رزگاریی نەتەوەکەی لە بندەستی دا، پەروەردە کردبوو. کاتێکیش ساواک شوێنی هەڵگرت و ئیمکانی مانەوە لە نێوخۆی ئێرانی بۆ نەمایەوە، هاتە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دیوی گەرمێن. بە هۆی توانای فکری و سیاسی و خاوەن هەڵوێست بوون و سەلماندنی رۆڵی سەرکردانەی خۆی لە مەیدانی کردەوەدا، بە زوویی جێگای خۆی لە نێو تێکۆشەرانی ئەوکاتی حیزبەکەی دا کردەوە. هەر بۆیە کاتێک تێکۆشەرانی حیزب، مانەوەیان لە کوردستانی گەرمێن لەگەڵ گرفت بەرەوڕوو بوو و بە ناچار سەرەڕای نالەباربوونی هەلومەرجەکە بۆ تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات، گەڕانەوە رۆژهەلاتی کوردستان، شەریفزادە رۆڵی سەرەکیی لەم حەرەکەتە دا کەوتە ئەستۆ.

ئەوان بە نیازی وەڕێخستنی راپەڕینی چەکدارانە دژی رێژیمی شایەتی نەبوون و دەیانەویست لە نێو خەڵک و نیشتمانی خۆیان دا، بمێننەوە و کاری سیاسی و حیزبی بکەن. بەلام دیار بوو هەڵسووڕانی دەیان کادر و پێشمەرگە لە بەشێک لە «ئەمنترین دوورگەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا» (بە تەعبیری ئەوکاتی شای ئێران)، بەبێ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ لەشکرکێشیی رێژیمی پەهلەوی، مومکین نییە. هەر بۆیە راپەڕینێکی چەکدارانەیان تووشبوو و بە گیانی خۆیان هەزینەی ئەم راپەڕینەیان بژارد. لە ماوەی ١٨ مانگ درێژەکێشانی ئەو راپەڕینەدا، چەندین کەس لە بە نرخترین تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات شەهید بوون.

ل ٢

راگەیەندراو



بەبۆنەی کۆچی دوایی سەمبولی خەبات و وەفا مامەقالەی سووتوو

٤

سیاسی



بودجەی ساڵی ١٣٩١، لە خزمەت خەڵک یا رێژیمدا؟

٥

وتووێژ



نامۆ عەبدوڵڵا: رۆژنامەنووسیی کوردی لە باروودۆخێکی زۆر خراپ دایە

٦

یاد



بۆ دووەم ساڵرۆژی ئیعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوچارەنووسەکانی

٦

کۆمەڵایەتی



پەرەسەندنی خەسار و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا

٧

# پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حدک بۆ ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کاک خالید عەزیزی بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پەیامێکی بۆ ئەمینداری گشتیی ئەو حیزبە ناردوە. دەقی پەیامی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەم جۆرەیە:

**بەڕێز مامۆستا محەممەد فەرەج ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان!**

وێڕای خۆشحاڵیم لە تەواوبوونی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێزتان بە ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەم کۆنگرەیە دا، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ بەڕێزتان لەم ئەرک و پۆستە نوێیەتاندا و بۆ سەرکردایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتوو، سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەیی و ئازادیخوازانەکاندا، بە ئاوات دەخوازێ.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**٧ ی مای ٢٠١٢**

# بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە کانادا لە کۆبوونەوەیەکی بەرەی دێمۆکراتیکی گەلی ئەهواز دا

هەیئەتێکی حدک لە کانادا لە کۆبوونەوەیەکی بەرەی دێمۆکراتیکی گەلی ئەهواز دا بەشدار بوو.

ڕۆژی شەممە، ١٦ ی بانەمەڕ لە سەر بانگهێشتنی « بەرەی دێمۆکراتیکی گەلی ئەهواز» هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاوڕێیان برایم جەهانگیری و جەعفەر موقەدەم بەشدارییان لە کۆبوونەوەیەکدا کرد کە بۆ یادەوەریی ڕووخانی حکوومەتی شێخ خەزعەل لە ئەهواز پێک هاتبوو.

لە کۆبوونەوەیە دا کە بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو، برایم جەهانگیری وتارێکی پێشکەش کرد. ناوبراو شیکردنەوەیەکی ئیدە و بیری داگیرکەرانەی میللەتانی باڵادەستی لەلایەن نەتەوە باڵادەستەکانەوە کرد و چەوسانەوە و ستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی بە ئیدئۆلۆژیی باوی نەتەوە باڵادەستەکان لە هەموو جیهان ناوبرد. لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا برایم جەهانگیری وێڕای شیکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب و بەرنامەی حیزب بۆ دوا ڕۆژ کە فیدراڵیزمی وەک سیستەمی گونجاو بۆ حکوومەتی داهاتووی ئێران پەسند کردوە، ئاماژەی بەو خاڵە گرینگە کرد کە ئەوە بەرنامەی ئێمەیە بۆ دوارۆژی ئێران.

شایانی باسە کە نوێنەرانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، حیزبی سەربەخۆیی ئازەربایجانی باشوور، ڕێکخراوێ مافی مرۆڤی گەلی بەلووچستان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی گەلی تورکەمەن.

# سەردانی هەیئەتێکی حدک لە مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێری کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ١٨ ی بانەمەڕ هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێری کرد و لەلایەن شاندێکی مەکتەبی سیاسی و کومیتەی ناوەندیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەهمەن حوسێن، جێگری سکرتێری گشتیی ئەو حیزبەوە بە گەرمی پیشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی چەند سەعاتەی نێوان دوو لایەندا هەر دوو شاند چەند تەوەرێکی گرینگ لە پرسە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەیان تاوتوێ کرد و لە سەر هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان لە گەمەی هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

# ئێعدامی زیندانییەکی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی شاهروود

زیندانیەکی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی شاهروود لە دار درا.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ١١ ی بانەمەڕ چەنگیز مەجیدی، کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی گولانک لە شیمالی کوردستان لەدار دا.

چەنگیز مەجیدی ساڵی ١٣٥٧ و لە دوای ئاشکرابوونەوەی چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتە ریزی پیشمەرگەکانی حیزب و بۆ ماوەی ٥ ساڵ تا ساڵی ١٣٦٢ پێشمەرگایەتی کرد.

چەنگیز ساڵی ٦٢ بە هۆی کۆمەڵێک کێشەی بنەماڵەیی بە ناچاری وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، بەڵام پێوەندیی تەشکیلاتی خۆی لە گەڵ حیزب پاراست و دڵسۆز و نیشماندۆست مایەوە.

ناوبراو لەو ماوەیەدا زۆر جار لە لایەن ڕێژیمەوە خرایە ژێر فشار و دواجار بە تۆمەتی ئەمنیەتی گیرا و دوای ٤ ساڵ مانەوە لە زیندان لە بەندیخانەی شاهروود لە دار درا.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری چەنگیزی مەجیدی دەکا و خۆی بە شەریکە خەمی ئەو بنەماڵەیە دەزانێ.



# دیداری نێوان هەردوو کومیتەی حدک و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری یۆتێبۆری سوید



ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ ی بانەمەڕ هەیئەتێکی کومیتەی یۆتۆبۆریی حدک پێک هاتوو لە هاوڕێیان کەریم حوسێنی بەرپرسی کومیتە و حشمەت وەلەدبێگی بەرپرسی بەشی تەشکیلات و نەبەزعلیدوست ئەندامی کومیتە بە مەبەستی هەرچی بەرین وپتەوکردنی هاوکاری و هاوفکری لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستان، سەردانی کەرتی ڕێکخستنی ی.ن.ک لە باژێری یۆتۆبۆرییان کرد و لە لایەن سەرجەم ئەندامانی دەستەی کارگێری کەرتی ڕێکخستنی یەکێتییەوە پێشوازی ومیوانداریيەکی گەرمیان لێ کرا .

لەو دیدار وچاوپێکەوتنەدا بەرپرسانی هەریەک لە کومیتەی حێزبی دیموکراتی کوردستان لە یۆتۆبۆری و کەرتی ڕێکخستنی ی.ن.ک لە یۆتۆبۆری پاش باس وگفتوگۆ لە سەر مەسەلە پێوەندیدارەکانی ڕەوەندی کوردی و سەنگ وقورسایی هەر دوو لایەن و پێشنیاری هێندێک ڕێکار بۆ چڕ کردنەوەی پێوەندییە دوو قۆڵیەکان لە داهاتوو دا، هیوایان خواست کە ئەو جۆرە دیدار و کۆبوونەوانە بەردەوام بن. هاوڕێیانی کومیتەی یۆتۆبۆری حدک وێڕای سوپاس لە میوانداریی هەڤاڵانی کەرتی ڕێکخستنی ی.ن.ک و ئاواتی سەرکەتن بۆیان کوتاییان بە دیدارە کە هێنا.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی یادی شەهیدانی ١٩ی گوڵان لە شاری سلێمانی

بە بۆنەی دووهەمین ساڵیادی لە سێدارە درانی چوار تێکۆشەری سیاسیی کورد لە بەندیخانەی ئێوینی تاران، فیدراسیۆنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی جیهان لەگەڵ بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و ژمارەیەک لە بنەماڵەی بەندکراوانی سیاسیو مەدەنی ڕێوڕەسمێکی لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی بەڕێوە برد.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان سۆران ڕەمەزان، سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی جیهان وتاری فیدراسیۆنی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.

ناوبراو لە بەشێکی وتارەکەیدا داوای ئازادیی بەندکراوانی سیاسیی کوردو هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لە سێدارەدانی کۆمەڵێک لەو بەندکراوانەی لە دەسەڵاتی ئێران کردو گوتیشی کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەن لەگەڵ ڕێژیمی ئێران دانیشتن بکەن و دەنگی بنەماڵەی بەندکراوان بەوان بگەیەنن.

پەیامی ویدیۆیی دایکی شەهید فەرزادی کەمانگەر بڕگەیەکی ئەو ڕێوڕەسمەی لە خۆ گرتبوو، دایە سەڵتەنە لەو پەیامەیدا گوتی کە فەرزاد هەر ماوە، هەر کات وەرزی بەهار دێ ئەویش دێتەوە نێو خەڵک و خەڵکیش دەبێ حەقی شەهیدەکان بستێنن. شیرین، فەرزاد، فەرهاد و عەلی هەر ماون. ئەو ڕۆژە دێ کە قوتابیانی فەرزاد ببنە مامۆستا، من چاوەڕێی ئەوانم جێی فەرزاد بگرنەوە. دوای پەیامی دایە سەڵتەنەش پەیامی دەنگیی منداڵەکانی شەهید فەرهاد وەکیلی بە بۆنەی ١٩ی گوڵان پێشکەش بە ئامادە بوان کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، مەلائیکە عەلەم هوولی پووری شەهید شیرین عەلەم هوولی وتاری بنەماڵەی شەهیدانی ١٩ی گوڵانی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە سزای سێدارە کێشەی کورد چارەسەر ناکا و لە سێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانەش بوو بە هەوێنی خەباتێکی نوێ بۆ داوا کردنی مافەکانمان، بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی ئێران دان بە مافەکانی گەلی کورد دابنێن.

ئامینە قادری دایکی زانیارو لوقمان مرادی، دوو بەندکراوی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا وتاری بنەماڵەی بەندکراوانی سیاسیی پێشکەش کرد. ناوبراو لە بەشێکی وتارەکەیدا گوتی کە بە شێوازی جۆراوجۆرو بە سیناریۆی دەسکرد و دوور لە راستی ڕۆڵەکانمان قۆڵبەست و ئێعدام دەکەن و بە تاوانێک کە نەیانکردوە سزا دەدرێن. دایکی زانیار و لوقمان پێی لە سەر ئەوە داگرت کە تۆمەتەکانی سەر کوڕەکانی سیناریۆیەکی دەسکرد بوون و کاتێک زانیاری کوڕی دەستبەسەر کراوە تەنیا ١٨ ساڵی تەمەن بووە.

عەدنان هونەروەر لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامێکی زانیار و لوقمان مرادی خوێندەوە کە بەم بۆنەیەوە لە نێو زیندانەوە ئاراستەی خەڵکی کوردستانیان کردبوو و تێیدا ئاماژەیان بە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئێعدام و بێ سەرو شوێن کردنی چالاکانی کورد کردبوو.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەشدا ئاماژە بە برووسکەو پەیامی چەندین حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتیی کوردستان و لەوان پەیامی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.

فیلمی «مردنی باڵندەکان کۆتایی فڕین نیە» لە دەرهێنانی «زانا حەمە غەریب» کە لە سەر ژیانی شەهیدانی ١٩ی گوڵان ئامادە کرابوو بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەی پێک هێنابوو کە سەرنجی ئامادەبووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.



پاش پیشاندانی ئەم فیلمە دێکیۆمێنتاریيە، نووسەر، عەلی کەریمی وتارێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

دوای وتاری عەلی کەریمی، جەلال کەماڵیزادە وتاری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی خوێندەوە. هەروەها ڕاپۆرتێک لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران وچەند پارچە شێعر چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون. لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا کەمپەینێکی کۆکردنەوەی واژۆ بۆ پشتگیریی لە زیندانیانی سیاسیی و مەدەنی ڕاگەیەندرا.

شایانی باسە کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان کەریم مەهدەوی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە شاری سلێمانی و ئیقباڵ سەفەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بوون.

# کۆبوونەوەی بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمیتەی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان لە فینلاند

ڕۆژی هەینی، ٤ی مایی ٢٠١٢ لە شاری هێلسینکی ولاتی فینلاند کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بەڕێز هێمن هەورامی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و لێپرسراوی پێوەندیەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمیتەی هاوکاریی هێزەسیاسیە کوردستانیەکان پێک هات.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە: ئەییوب سوری بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزب لە فینلاند و محەممەد پوزش هاوکاری بەشی پێوەندییەکان بەشدار بوو. ئەوکۆبوونەوەیە گەلێک باس و بابەتی تێدا هاتنە گۆڕێ، لەوانە: هەلومەرجی ناونەتەوەیی و ئالوگۆرەکان و دەرفەت و هەرەشەکانی بەردەم گەلی کورد ، هەلومەرجی ئێستای کوردستان لە هەرکام لە بەشەکانی دا و ئەرکەکانی نوێنەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لەو هەلومەرجە دا، پێوەندییەکانی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و پێویستیی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن هاوکاری لەگەڵ یەکتر.

هەروەها بەیانیی ئەو ڕۆژە سیمینارێکی دیکەش بۆ هێمن هەورامی لە شاری هێلسینکی پێک هات.

لەو سیمینارە دا هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بەشداری سیمینارەکە بوو . لەو سیمینارەدا کۆمەڵێک باس و بابەت لەسەر هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستان و سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی و بەتایبەت لەسەر هەلومەرجی کورد لە سووریە هاتنە گۆڕێ و ئالوگۆری بیرورایان لە بارەیەوە کرا.



# بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی سویسی حدک لە سمینارێکی دوکتور ساڵح ئاکین

هەیئەتێکی کومیتەی سویسی حدک لە سمینارێکی دوکتور ساڵح ئاکین، مامۆستای زانکۆی « روویەن» لە ژنێڤ بەشدار بوو.

ئەو سمینارە ڕۆژی پێنجشەممە، ١٧ ی بانەمەڕ لە ژێر ناوی زمان، ناسناو و زۆردەستیی زمان لە زانکۆی روویەنی شاری ژنێف بە بەبشداریی دەیان کەس لە کوردانی چوارپارچەی کوردستان و چالاکانی سیاسی و ڕووناکبیری بەڕێوە چوو.

لەو سمینارەدا دوکتۆر سالح ئاکین مامۆستا لە زانکۆی روویەن روانگە و بیر و بۆچوونی خۆی لەو پێوەندیە دا خستە باس کرد و دواتر باسەکە بە پرسیار و دیالۆگی بەشداران دەوڵەمەندتر کرا .

شایەنی باسە هەیئەتێکی چەند کەسیی کومیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی پەیمان ڕەسوولپوور، بەرپرسی پێوەندییە بیانییەکانی ئەو کۆمیتەیەی حیزب و لەسەر بانگهێشتی دوکتور ساڵح ئاکین بەشداری ئەو سمینارە بوو.

**درێژەی:**

# شەهیدانی ڕاپەڕینی ٤٧_ ٤٦ هەروا ڕێ نیشاندەرمانن

بەڵام بەو زەبرانەی لەو ماوە کورتەدا لە ئەرتەشی ڕێژیمی شایەتییان وەشاند و لەمەش زیاتر بە بەخشینی گیانی خۆیان، ناوی حیزبەکەیان و پێویستیی خەبات دژی بندەستیی نەتەوەییان لە فکر و حافیزەی خەڵکەکەیان دا چەسپاند. ئەم ڕاپەڕینە ١٨ مانگەیە و ناو و یادی شەهیدەکانی، بوو بە سەرمایە و پشتیوانەیەکی مەعنەویی جێی شانازی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە پاش شانازییەکانی وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان و خەباتی چەندین ساڵەی تێکۆشەرانی لە قۆناغی جۆراوجۆردا، لە کاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شایەتی دا، حیزبی دێموکراتی کرد بە حیزبی یەکەمی کوردستان.

لە ٤٥ ساڵەی دەستپێکردنی جووڵانەوەی ٤٧_ ٤٦ و لە بیرەوەریی شەهیدبوونی سەرکردەی لاو سمایل شەریفزادە دا، بەڕێزەوە یادی ئەم جووڵانەوەیە و شەهیدە بە نرخەکانی دەکەینەوە. جێی خۆشحاڵییە کە خوێندکارانی ئەمڕۆی کوردستان، ئەم ڕووناکبیرە شۆڕشگێرەی هەر دوو سەنگەری زانکۆو شاخیان کردوە بە ئولگووی خۆیان و لە چالاکی و تێکۆشانی خۆیان لە زانکۆکانی کوردستان و ئێران دا، ئیلهامی لێ وەرگرن. هەروا کە مایەی شانازییە موعینییەکان، مەلا ئاوارە، مەلا ڕەحیم وێردی، زەنگەنە، مینەشەم، ساڵە لاجانی و .. سەرجەم تێکۆشەرە شەهیدەکانی ئەم ڕاپەڕینە لە بیر و ئەندیشەی درێژەدەرانی ڕێگەکەیان دا زیندوون و وانەی کۆڵنەدان لە بەرامبەر ستەم و بندەستی و گیان بەخشین لە ڕێگای ئازادی و نیشتمانیان دا فێر دەکەن.

# پەیامی کومیتەی خوێندکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## به بۆنەی دووەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی فەرزاد کەمانگەر و هاوبەندییەکانی

هاوڕێیان؛ دووەمین ساڵوەگەڕی نەمر بوونتان پیرۆز بێ!

لە بەرەبەیانی ١٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی، دەسەڵاتی پاشڤەڕۆ و سەرەڕۆی تاران، زام و برینێکی دیکەی خستە سەر جەستەی نەتەوەیەک کە سەردەمانێکە لە گەڵ ئەم دەرد و ژانانە ژیاوە. جارێکی دیکەش دەسەڵاتدارانێک کە ئاستی بیرکردنەوەیان بە بەرینایی بازنەی پەتی سیدارەکانیانە، گیانی چەند رۆڵەی ئازا و بوێری نەتەوەی کوردیان ئەستاند. ئەو رۆڵانەی کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، دیوارە بەرزەکانی ئێوین لە مەزنایەتیی هزر و خۆڕاگرییان واق ماون. دەسەڵاتدارانی تاران، بەرپرسانی بێدادگەکانی شۆڕش و زیندانەوانە بەکرێگیراوەکانیان، تەنانەت بۆ ساتێکیش لە قووڵایی پەیامی فەرزاد کەمانگەر نەگەیشتن و هەتاهەتاشە لە بەرامبەر ئەم هەقیقەتەدا داماو و کلۆڵن کە «ئەو هەمیشە وەک مامۆستایەک دەمێنێتەوە و ئەوانیش وەک زیندانەوان».

دوو ساڵ لەو زامە قووڵەی خراوەتە سەر جەستەی نەتەوەی کورد و کولاندنەوەی غورووی نەتەوەیی ئەم گەلە ستەملێکراوە تێدەپەڕێ. لە ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی فەرزاد کەمانگەر و هاوبەندەکانیدا و لە سەروبەندی بیرەوەریی مانگرتنی گشتی و بەشکۆی ٢٣ی بانەمەڕی کوردستان کە ئەودەم بۆ شەرمەزار کردنی ئەو جینایەتە پڕ لە شوورەییەی دەسەڵاتدارانی ستەمکاری تاران بەڕێوەچوو، ئێستا دەرفەتێکی لەبارە بۆ تێڕامان لە هزری رزگاریخوازانە و ئازادیخوازانەی فەرزاد کەمانگەر و فەرزادەکانیتری هاوڕێبازی.

فەرزاد کەمانگەر، خەباتگێڕێکی هەڵکەوتوو بوو کە لە پۆلەکانیدا وانەی ئازادی دەوتەوە و پڕۆڤەی شەوی قوتابییەکانی تیۆری یەکسانیی مرۆڤ بوو، مامۆستایەک کە بە مەرگی سەربەرزانەی «ماسییە ڕەشە بچکۆڵەکە»ی سەمەد بێهرەنگی بۆ جارێکیتر لە زەینەکاندا زیندوو کردەوە و لە سەر سێدارەش، لە بێدەنگییەکدا کە بە هەزار زمان دەدوا ئەم وتەیەی دەهۆنییەوە کە: «خەمی من بۆ گۆلاوەکە نییە، خەمی من بۆ ئەو ماسییانەیە کە بیری دەریا نەکەوتۆتە مێشکیانەوە». ئێستا ئیتر فەرزاد قوتابخانەیەکە بۆ تێڕامان و تێگەیشتن لە مەزنایەتیی مامۆستایەکی ڕێگەی ئازادی.

هەر ئەم تایبەتمەندییانە، فەرزادی لە ئاخێوی شۆڕشگێڕانە و خەباتگێڕانەی نەتەوەی کورد دا کردە ناوێکی دیار و تایبەت. رەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم دیار و بەرچاوبوونەش مامۆستا بوونی فەرزاد کەمانگەر بێ، بەڵام دەبێ ئەم خاڵەشمان لە بیر بێ کە ناوبراو زیندووکەرەوەی دوو بنەواشەی خەباتگێڕانە بوو کە لە راستیدا وەک میراتی بەجێماوی فەرزاد بۆ جووڵانەوەی نەتەوایەتی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران دەژمێردرێ. فەرزاد بە نامە ماندگار و قووڵەکانی، ئەدەبیاتی بەرگری لە واتایەکی نوێدا کە منالانی گوندنشین و کرێکار ـ منالانێک کە فەرزاد پێیوایە پێکەنین و پرسیاری لەوانەوە بە میرات وەرگرتوە ـ تەوەری سەرەکی و قارەمانی دێڕەکانی بوون، گیانێکی نوێی وەبەرنایەوە و دیسانەوە «فەرزاد» بە ئیرادەیەکی جێی ستایش، زیندانی کردە مەتەرێزی خەبات و لە راستیدا فازی خەباتی ناو زیندانی بووژاندەوە و ئەم خەباتەی تا چوونە بەردەمی سێدارە کە بە ناهەق بۆیان هەڵخستبوو، درێژە پێدا و بە وتنی سروودی «ئەی رەقیب» ماڵاوایی لە ژیان کرد.

بەڵام شەهیدکران، کۆتایی فەرزاد و هاوڕێیانی نەبوو. دیوارە بەرزەکانی زیندان، سەروسەکوتی مۆن و رقاویی زیندانەوانەکان، سێدارە و ئەو بە خەروار چەو و چیمەنتۆیەی کە گڵکۆی فەرزادی کەمانگەر و شەهیدەکانیتری ١٩ی بانەمەڕی داپۆشی، بڕیار بوو دەنگی مافخوازیی فەرزاد و هاوبەندییەکانی لە گەرووداا قەتیس بکا، بەڵام تێکرای ئەمانەش نەیانتوانی «پرۆمتەی سەرکێش ملکەچ بکەن»، چونکە فەرزاد دەرکەوتەی ئەقڵ و هزر بوو. ئەقڵ و هزرێک کە نەتەوەیەکی لە سەردەمانی کۆنەوە بەزیندوویی راگرتوە و کولتوورێکی لە ناو ئەم نەتەوەیەدا پێکهێناوە کە هەتاهەتایە بەراوەستاوی دەمێنێتەوە و لە داوێنیدا هەزاران «فەرزاد» پەروەردە دەبن و هەنگاو دەنێنە گۆڕەپانێکەوە کە چەند دەیە لەمەوبەر، پێشەوا قازی محەممەد لە بەردەم سێدارەدا، وەها مزگێنییەکی بە دوژمنانی نەتەوەکەی دابوو: «ئێوە ئەمڕۆ گیانی من دەستێنن، بەڵام هەزاران قازی لە داهاتوودا بۆ رزگاری نەتەوەکەیان هەر ئەم رێگایە دەگرنەبەر».

بەم تێگەیشتنە کە دەسەڵات لەم کات و ساتەدا دەیەوێ بە شێوازی جۆراوجۆر تەواوی کۆمەڵگە قۆرغ و پاوان بکا و بەتایبەت زانکۆکان، قوتابخانەکان و ناوەندە زانستییەکان بکاتە مەیدانی تەراتێنی خۆی و لە هەوڵی ئەوە دایە بە زاڵ کردنی کەشی ترس و زەبروزەنگ، پێش بە خەباتی توێژی خوێندەوار و فەرهەنگی، بەتایبەت مامۆستایان و خوێندکاران بگرێ و لەم بارەشەوە لە هیچ هەنگاوێک ناپرینگێتەوە، کومیتەی خوێندکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دووەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و شیرین عەلەمهولی وێڕای بەرزنرخاندنی یادوبیرەوەری ئەم خەباتگێڕانە، داوا لە نەسڵی لاو، خوێندەوار و ئاگای کوردستان دەکا، شێلگیرتر لە رابردوو و بە سەرچەشن دانانی بیر و هزری هەقخوازانە و مرۆڤانەی «فەرزاد کەمانگەر»ەکان، لە ئاراستەی دەستەبەرکردنی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکان هەنگاو بنێن و تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم شەهیدانە و سەرجەم شەهیدانی نەتەوەی کورد لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک تەنەخی مەکەن.

**کومیتەی خوێندکاریی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٩ی بانەمەڕی**
**١٣٩١ی هەتاوی**



# پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشی
## به بۆنەی کۆچی دوایی
## مامۆستا حەمەی موکرییەوە

به داخێکی زۆرەوە، رۆماننووس ، وەرگێڕ و رووناکبیری ناسراوی کورد، مامۆستا حەمەی موکری شەوی یەکشەممە، ٦ی مانگی مای(١٧ بانەمەڕ) لە شاری سلێمانی دڵی لیدان وەستا و کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا حەمەی موکری، لە نیوەراستەکانی دەیەی هەشتای زایینییەوە، ئەو کاتەی وەک پێشمەرگەی قەڵەم و باوەڕ لە سەنگەری چیا دا خەریکی تێکۆشان بوو، خۆی و نووسینەکانی، کەوتنە بەر سەرنج و هۆگری و رێزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات. ئەو، بە نووسینی کۆمەڵێک رۆمانی بوێرانە و وەرگێڕانی بەنرخ، رۆڵێکی دیاری لە دەولەمەند کردن و پەرەپێدانی ئەدەبیاتی بەرگریی کورد دا هەبوو. لە رۆمان و نوسینەکانی دا وێڕای بەرز نرخاندنی خەبات و تێکۆشانی پڕلە قوربانیدانی رۆڵەکانی نەتەوەکەی، بوێرانە رەخنەی لە دیاردە زیانبارەکان، چ لە ناو خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی و چ لە ناو کۆمەڵی کوردەواری دا دەگرت. نووسینەکانی مامۆستا حەمەی موکری، ئەو ئاوینە روونەن کە سەربردە و ژیانی پڕکارەساتی نەتەوەکەمان بە تایبەتی لە باشووری کوردستان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمیان تێدا دەخوێندرێتەوە. دواتریش لە رێگای نووسینەکانییەوە هەوڵی دا ببێتە زمانحاڵی تاکی کورد لە سەردەمی نوێدا.

هێشتا زوو بوو بۆ ئەوەی تەوری مەرگ بکەویتە جەستەی ئەم دارە بەبەرو پڕبەرهەمە، هێشتا ئەو کانییە زوڵاڵەی ئەدەب و داهێنان، دەیتوانی تینوێتیی زۆری دیکە لە خوێنەرانی کورد بشکێنێ، بەڵام بە داخەوە بە ناوەخت دڵی لە لیدان وەستا و ماڵاوایی یەکجاریی لێکردین.

ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای بەداخبوون لە مەرگی ئەو سیما پڕشنگدارەی ئەدەبیات و نووسینی کوردی، هاوخەمی و سەرەخۆشیی خۆی پێشکەشی بنەماڵەی ئەم نووسەر و رووناکبیرە بەنرخە و سەرجەم موکریدۆستان دەکا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**ناوەندی راگەیاندن**
**٢٠١٢/٥/٦**
**(١٧ی بانەمەڕی ١٣٩١)**

# راگەیەندراوی هەشت رێکخراوی
# ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان

**ژنانی ئازادیخواز وخەباتگێری کوردستان!**
**ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان !**

هەر وەک ئاگادارن بە پێی راگەیاندنەکان بریارە دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد لەژێر دروشمی هەمە رەنگی و یەکدەنگیی ژن بۆ یەکیتی نەتەوەیی لە رێکەوتی ١٣٩١/٣/٢ی هەتاوی بەرانبەر ٢٠١٢/٥/٢٢ی زایینی لە هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان پێک بێت. بە هۆی وەبەر چاونەگرتنی سەرەتاییتر مافەکانی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسەوە وهەروەها ئالۆز بوونی بەرنامەکان و رەوتی بەرێوە چوونی کۆنفرانس، ئێمە ژنانی ئەو هەشت حیزب وریکخراوەی رۆژهەلاتی کوردستان کە ناومان لە خوارەوە هاتوە، بە هەست کردن بە بەر پرسایەتی سەبارەت بە دۆخی هەستیار وگرینگی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان وەکوو ژنانێکی چالاک وخاوەن مێژوو کە خاوەنی قورسایی سیاسی و کۆمەلایەتی لە ئاستی کوردستان وناوچەدان، رادەگەیەنین کە لە دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد دا بەشداری ناکەین.

لێرەدا بۆ رێزگرتن لە تێگەیشتوویی ژنانی کوردستان و بەتایبەت ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان بە پیویست دەزانین هۆکارەکانی ئەم بەشدار نەبوونەمان بخەینە بەر دەستی سەرجەم ژنانی رۆشنبیر وخەباتکاری کورد:

**١– نادیار بوونی چونیەتی و پێوەرەکانی دابەشکردنی کورسیەکان و رێژەی بەشداربوون بەسەر ژنانی چوارپارچەی کوردستان، دیارە ئەو پێوەرە نە بە پێی حەشیمەت بووە ونە بە پێی چالاکی.**

**٢– ناروون بوونی چۆنیەتیی کرانەوەی کۆنفرانس وپەیامی سەرەکی کۆنفرانس بۆ هەموو بەشدار بووان.**

**٣– دیاری نەکردنی تەوەرەکانی کۆنفرانس و بەشدار بووانی پانێلەکان.**

**٤– دیاری نەکردنی شیوەی پەسەند کردنی بریارەکانی کۆنفرانس ومیکانیزمەکانی ئەو کارە.**

**لە کۆتایی دا هیوادارین پرسی ژنانی کورد لە داهاتوو دا بە شێوەیەکی باش تر و بەرپرسایەتییەکی زۆرترەوە بێتە ئاراوە.**

**ناوی ژنانی سەر بە حیزب وریکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ؛**

**–یژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**–ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**– ژنانی کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران**
**– ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**– ژنانی یەکیەتی شۆرشگێرانی کوردستان**
**– ژنانی سازمانی خەباتی کوردستان**
**– ژنانی پارتی سەربەستی کورد**
**– ژنانی یەکیەتی دیموکراتیکی کوردستان**

**تێبینی؛ دەقی داخوازیەکانی ئێمە کە لە رێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢ رادەستی لێژنەی ئامادەکار کراوە، بۆ زانیاریی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان لە خوارەوە هاوپێچی ئەم راگەیاندنە کراوە.**

**٢٥ی بانەمەڕی ١٣٩١**
**١٤ی مای ٢٠١٢**

**داخوازیەکان:**

بۆ بەرێز خاتوو ئامینە زکری و دەستەی بەرێوەبەری کۆنفرانسی ژنانی چوار پارچەی کوردستان!

وێرای سڵاو وماندوو نەبوونی!

لەگەڵ رێز و پێزانینی ئێمە بۆ بەرێوەبردنی کۆنفرانسێکی لەو شێوەیە لە لایەن ئێوەوە بۆ ژنانی چوارپارچەی کوردستان، تێکۆشانتان لەو بوارەدا بە هەولێکی بەجێ بۆ دەستەبەر کردنی مافە ئینسانیەکانی ژنی کورد دەزانین و چالاکیتان بەرز دەنرخێنین. ئێمە ژنانی نوێنەری هەشت حیزب و رێکخراوی رۆژهەلاتی کوردستان رادەگەیەنین کە، بە هۆی بوونی هێندێک کەم وکووڕی لە کاری بەرێوەبردنی کۆنفرانس دا تەنها کاتێک بەشداری لە کۆنفرانس دا دەکەین کە ، ئەو داواکاریانەی کە لە خوارەوە بۆتان دەخەینەروو لە لایەن ئیوە بەرێزانەوە جێبەجێ بکرێ.

**١– دیاری کردنی رێژەی حەڤدە کەس، وەک نوێنەرانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان رێژەیەکی زۆر کەمە وداوا دەکەین لانی کەم ئەو رێژەیە بکرێت بە بیست وپێنج کەس.**

**٢– ئامادە بوونی نوێنەری ژنانی ئەو هەشت حیزب وریکخراوە لە لێژنەی بەرێوەبەریی کۆنفرانس دا.**

**٣– نوێنەرایەتیی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رۆژی یەکەمی کۆنفرانس دا پەیامی تایبەتی خۆی هەبێ.**

**–ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**–ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**– ژنانی کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران**
**– ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**– ژنانی یەکیەتیی شۆرشگێرانی کوردستان**
**– ژنانی سازمانی خەباتی کوردستان**
**– ژنانی پارتی سەربەستیی کوردستان**
**– ژنانی یەکیەتیی دیموکراتیکی کوردستان**

# بەرێوەچوونی رێورەسمی سەرەخۆشیی مامە قالەی سوتوو
# لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک



**کوردستان و کورد نیوز:** دوای بە خاکسپاردنی تەرمی مامە قالەی سوتوو، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان پرسەی ماتەمینی مامە قالە بە شکۆیەکی تەواو بەرێوەچوو.

لەو رێورەسمەدا کە بەیانیی رۆژی سێشەممە، ١٩ ی بانەمەڕ بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب نیشتەجێ لە باشووری کوردستان بەڕێوە چوو، یاد و بیرەوەریی مامە قالەی سووتوو بەرز راگیرا و لەگەڵ ئامانجەکانی مامەقالەی شۆرشگێر پەیمانی وەفا و بەڵێن نوێ کرایەوە.


لەو رێورەسمەدا سەرەتا کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو رێورەسمەدا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە وتەیەکی کورتی لە سەر مامە قالەی کۆچکردوو پێشکێش کرد و لە سەر چەند تایبەتمەندییەکی ژیانی مامە قالە بۆ بەشداران دوا کە دەقی قسەکانی بەرێزیان لەم ژمارەیەی «کوردستان» دایە.

کاک حەسەن عەبدوڵلاهی، پێشمەرگەی دێرینی حدک و کوڕی مامە قالە لە دوایین برگەی ئەو رێورەسمەدا وێڕای گێڕانەوەی چەند بیرەوەرییەک لە باوکی کۆچکردووی ئاماژەی بە چەند تایبەتمەندییەکی گرینگی باوکی کرد.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە مام قادر عەبدوڵلاهی، ناسراو بە مامەقالەی سووتوو تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە ناوچەی بانە ئێوارەی رۆژی دووشەممە، ١٨ ی بانەمەڕ بە هۆی راوەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد.

# کۆچی دوایی مام حەمە قامیشەیی پێشمەرگەی دێرینی حدک



ئێوارەی رۆژی شەممە، ٢٣ ی بانەمەڕ کاک محەممەد محەممەدپوور، ناسراو بە خاڵە حەمە قامیشەیی، دوای تەمەنێک پێشمەرگایەتی و دڵسۆزی بۆ نیشتمانەکەی بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

خاڵە حەمە ساڵی ١٣٢٢ ی هەتاوی لە ناوچەی رەبەت لە دایک بوو و دوای هەڵگیرسانی خەباتی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦ –٤٧ بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات و لە سەرەتای سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکانی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ کردەوە.

خاڵە حەمە دوای سەپانی شەر بە سەر کوردستاندا لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە ساڵی ١٣٥٨ وەک پێشمەرگە لە هێزی شەهید موعینی سازمان درا و لەو کاتەوە تا نەخۆشی برستی لێ بڕی، تەواو وەخت لە خزمەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابوو.

دوای بەخاک سپێرانی خاڵە حەمە لە نێو کۆڕی هاوسەنگەرانیدا بەیانیی رۆژی یەکشەممە، ٢٤ ی بانەمەڕ رێورەسمێکی تایبەتیی پرسە و ماتەمینی بەو بۆنەیە بەرێوە چوو.

لەو رێورەسمەدا کە بە بەشداریی سەدان کەس لە هاوسەنگەران و خەڵکی میوان لە باشووری کوردستان لە ساڵۆنی بۆنە و رێورەسمەکانی حیزب بەرێوە چوو،کەسایەتیی ناسراو و تێکۆشەری دێرین، کاک جەلیل گادانی بە کورتی لە سەر ژیان و بەسەرهات و کەسێتیی خاڵەحەمەی کۆچکردوو بۆ بەشداران دوا.

کاک جەلیل لە نێو قسەکانیدا رایگەیاند کە خاڵە حەمە جیا لەوەی خۆی تەمەنێک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو، کوڕێکیشی بە ناوی حوسێن کە پێشمەرگە بوو، لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب و لە شەڕ لە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا شەهید ببوو، بەڵام شەهید بوونی کوڕەکەی بوو بە هەوێنی ئەوەی کە تا دوا هەناسە لە سەر رێبازی شەهیدان و پەیمان و بەڵێنی کوردایەتی بمێنێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو رێورەسمەدا پەیامی بنەماڵەی خاڵەحەمە لەلایەن رەسووڵ لەیلانی خوێندرایەوە.




## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ماڵاوایی یەکجاریی سەمبولی خەبات و وەفا، مامە قالەی سووتوو

**خەڵکی قەدرزانی کوردستان! تێکۆشەران! ئەندامان و سەرجەم هۆگران و دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە ئێوارەدرەنگانی دووشەممە ١٨ی بانەمەڕ(٧ی مانگی مای) تێکۆشەری دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتیی خەباتگێڕ عەبدولقادر عەبدوڵلاهی ناسراو بە مامە قالەی سووتوو، لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە شاری کۆیە، کۆچی دوایی کرد.

عەبدولقادر عەبدوڵلاهی ساڵی ١٣٠٥ لە نجنێی ژووروووی ناوچەی بانە، لە دایک ببوو. لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا کە لاوێکی ٢٠ ساڵە بوو، بە هۆی شەهید مەلابرایمی حیکمەتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی بە رووگەی خەبات و تێکۆشانی خۆی هەڵبژارد. بەم جۆرە مامەقالەی سووتوو هەر لە گەڵ دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چارەنووسی خۆی لە خەباتی ئەم حیزبە گری دا و لەو کاتەوە تا دوا ساتی تەمەنی، بۆ ماوەی زیاتر لە ٦٥ ساڵ، وەک تێکۆشەرێکی وەفادار و نەسرەوتوو، خزمەتی حیزبەکەی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد.

لە ئاکامی تیکۆشانی بێوچان و شوێندانانی خەباتی خاوێن و نەترسانەی مامەقالەی سووتوودا، زۆر کەس نەک هەر لە نجنێ و سووتوو و ناوچەی مەیدانان، بەڵکوو لە ناوچەکانی دەوروبەریش، بوونە ئەویینداری نیشتمان و ڕێگای کوردایەتی و حیزبی دیموکراتیان هەڵ بژارد. مامە قالە لە مەڵبەندی تێکۆشانی خۆیدا، ببووە سیمایەکی دیار کە ئەندامانی نهێنی و کادرەکانی حیزب، راوێژیان لە گەل دەکرد، ڕێنوێنیان لێ وەردەگرت و پشتیان پێدەبەست.

مامەقالەی سووتوو، لە دەیەکانی ٣٠ و ٤٠ ی هەتاویدا، لە گەل هەموو شەپۆلەکانی گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن ساواکەوە، چووە بەندیخانە و لە سەریەک لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی شایەتیدا، ٦ساڵ و ٣ مانگ لە سەر کوردایەتی و ئەندامەتیی حیزبی دیموکرات لە زیندان دابوو. بەندیخانە، سەنگەرێکی دیکەی تێکۆشانی ئەو مرۆڤە خەباتکارە بوو. ئەشکەنجە و گوشاری جیسمی و ڕۆحی لە بەندیخانەکانی تاران، تەورێز، قزڵقەلعە، جەڵدیان، سەقز و ورمێ، مامەقالەی سووتوویان لە سەر ڕێبازەکەی سوورتر کرد. ئەو کە پێشتر لە مەڵبەندی تێکۆشانی خۆیدا ببووە ناوێکی ناسراو، بە هۆی خۆڕاگری و ورەی بەرز و بڕوای پتەوەوە لە بەندیخانەدا، ناوبانگی دەرکرد و ڕێز و متمانەی بەندییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. کاتێکیش لە بەندیخانە هاتەدەر، جارێکی دیکە بۆوە بە پردی پیوەندیی ئەندامان و کادرەکانی حیزب و تێکۆشان و تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە ناوچەی بانە بووژاندەوە.

مامەقالە لە کاتی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی شایەتی لە ساڵی ١٣٥٧دا رۆڵێکی چالاکی لە ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ناوچەی بانە دا هەبوو. لە گەڵ ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بوو بە پێشمەرگە و بێ‌سڵکردن لە مردن، ئەرک و بەرپرسایەتیی نیزامی و پێشمەرگانەی لە کۆمیتەی شارستانی بانە و هێزی شەهیدانی وردیدا گرتە ئەستۆ و بەڕێوەی برد .لە ماوەی ساڵانی ١٣٦١-١٣٦٣دا دوو جار بە توندی لە شەڕ لە گەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا بریندار بوو و بەم هۆیەوە لاقێکی لە دەست دا. بەڵام کەمئەندامبوونیش مامە قالەی لە کۆڕی تێکۆشان دوور نەکردەوە. ئەو، خۆی و بنەماڵەکەی لە ریزی تێکۆشەرانی مەیدانی خەبات و لە بنکەکانیپێشمەرگە دا مانەوە، تا لە بەڕێوەبردنی ئەرکە قورسەکان و لە سەختی و ناخۆشییەکان و لە خۆشی و سەرکەوتنەکاندا، لە ریزی هەرە پێشەوە و لە مەیدانی ئەسلیی خەبات دا بن. هاوسەرە رووسوور و سەربەرزەکەی، دایە نەجیب کە لە درێژایی ٦ دەیە خەباتی مامەقالە و لە هەر هەلومەرجێکدا، پشتیوان، هاندەر و یارمەتیدەری بۆ تێکۆشان بووە، وەک دایکی هەموو پێشمەرگەکان و خەمخۆری هەموو بنەماڵەکان و ماڵەکەشی بە ماڵی هەموان دەژمێردرێ. تەنیا بەرهەمی هاوبەشی ئەو ژن و مێردە نموونەیەش، کاک حەسەنی کوڕیان، بە ئیلهام وەرگرتن لەو دایک و بابە، لەوەتا دەستی چەکی گرتوە، وەک پێشمەرگە و کادری حیزبی دیموکرات،لە سەنگەری تێکۆشان دایە. مامە قالە بەو ڕابردووە پڕشانازییەوە و بە تایبەتمەندییە ئینسانی و کۆمەڵایەتییە بەرزەکانی ببووە کەسایەتییەکی ناسراو کە ڕێبەرانی حیزب و سەرتاپای ریزەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵانی خەڵک خۆشیان دەویست و ڕێزیان بۆ دادەنا. ئەو، ماندوویی و ناهومێدیی نەدەناسی، هەموو کاتێک کێوێک لە ورە و بڕوا و ئیمان بوو و هەر وا کە ئەو، شانازیی بە پێشمەرگایەتی، کوردایەتی و حیزبایەتیی سەربەرزانەی خۆیەوە دەکرد، حیزبەکەی، هاوسەنگەران و هاوباوەڕانیشی شانازی بەوەوە دەکەن.

بە کۆچی دوایی مامەقالەی سووتوو، نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەمان کوردستان، هەروەها حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەکێک لە دێرینترین، پاکترین ، بەوەفاترین و دلسۆزترین خەباتکارانی خۆیان لە دەست دا. دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو نموونە کەم هاوتایەی خەبات و تێکۆشان، لە قووڵایی دڵەوە سەرەخۆشی لە دایە نەجیب،کاک حەسەنی مامەقالە و هەموو ئەندامانی بنەماڵە سەربەرزەکەیان دەکا. هەروەها سەرەخۆشی لە هەموو ریزەکانی حیزبی دیموکرات، تێکڕای تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین. ئێمە بەداخین کە مامە قالەی پێشەنگ و گەورەمان، سەرەرای زیاتر لە ٦٥ ساڵ خەباتی بی بێماندووبوون و دیتنی بەندیخانە و ئاوارەیی و چێشتنی ئازاری مەرگی دەیان و سەدان هاوخەباتی خۆشەویست، بە ئاواتی رزگاریی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەگەیشت. بەڵام گیانی بەرزی ئەو نەمرە دڵنیا دەکەین کە ناو و یادی لە حیزبی دیموکرات و لە نێو نەتەوەکەی دا بە زیندوویی و بە بەرزی دەمێنێتەوە و چۆنیەتیی ژیان و مردنی سەربەرزانەی ئەو دەبێتە سەرمەشق و مایەی لێ فێربوون بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی مامە قالەی نەمر

بەردەوامی بۆ ڕێگا پڕشانازییەکەی و بە هیوای وەدیهاتنی ئامانجی رزگاریی کوردستان، ئاواتی پیرۆزی مامە قالەی سووتوو و هەموو شەهیدان و نەمرانی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٩ی بانەمەڕی ١٣٩١**
**٨ی مای ٢٠١٢**

# دەقی قسەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە:

## لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی مامە قالەی سووتوودا




بەخێر بێن و سوپاسی هەمووتان دەکەم کە لە دەوری یەک کۆبوونەوە بۆوەی تێکۆشەرێکی ڕێگای ئازادی ئەوەندەی کە لە دەستمان دێ، بەو جۆرەی کە شیاویەتی لەنێو خۆمان بەڕێ بکەین. بۆیە دەڵێم ئەوەندەی لە دەستمان دێ، چونکی ئەو نەمرە زۆر لەوە پتر هەڵدەگرێ. دڵنیام ئەگەر لەنێو خەڵکەکەی خۆی بایە، لە مەراسیمی بە خاکسپاردن و سەرەخۆشییەکەی دا بە هەزاران و تەنانەت بە دەیان هەزار کەس کۆدەبوونەوە وە بە حەق حەسرەتیان بۆ دەخوارد و فرمێسکیان لە دووری هەڵدەڕشت.

ئەوانەمان کە لێرەن زۆرمان مامەقالە دەناسین و هەر بۆیەش خۆشەویستیی ئەو زاتە ئێمەی لە دەوری یەکتر کۆکردۆتەوە. هێندێک لە خزمانی دەوروبەری کۆیە و تەق تەق و دێهاتی ئەم نزیکانە مامەقالە وەکوو ئینسانێکی بەرزی کۆمەڵایەتی، ئینسانێکی «متدین» و موسوڵمانێکی راستەقینە کە هەمیشە لە فکری بەجێهێنانی ئەرکە ئایینی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دابوو، دەناسن. مەجلیسی مامەقالە چ ئەو وەختەی سەردانی دۆستانی کردوە و چ ئەو وەختەی دۆستان سەردانیان کردوە، مەجلیسێک کە بەڕاستی کەس لە بیری ناباتەوە. تێکۆشەرانی نێو حیزبی دێموکرات ئەوانەمان کە لەو دەورووبەرە دەژین مامەقالە لە هێندێک بوارەوە دەناسین، کەسێک کە لە بن سەری هەموو نەخۆشەکانمان دادەنیشت، لە تەعزیەی هەموو مردووەکانمان لە ئەوەڵەوە هەتا ئاخر وەکوو ساحەب تەعزیە دادەنیشت. لەگەڵ تەفاوەتی عومری، تەنانەت کچ و کوڕەکانیشمان کە زەماوەندیان دەکرد لە باوەشی دەگرتن و لە خۆشییاندا بەشدار دەبوو.

وەکوو تێکۆشەری دێموکرات مامەقالەی وا دەناسین کە وەک لە بەیانییەی دەفتەری سیاسییشدا هاتبوو لەگەڵ ئەوەی نەک لاقێکی لە خەباتدا لە دەست دابوو، لە واقیعدا هەموو ئەندامانی لەشی لە دەست دابوو، ئەو لاقەی کە بە حیساب مابوو بە گوللەی چەکی دوژمن ئاژن ئاژن کرابوو. دەستی بە گوللەی چەکی دوژمن شکابوو، لە چەند جێی بەدەنییەوە بریندار بوو. سەرەرای ئەوە لەگەڵ نەخۆشی گەدە و دڵ و لەگەڵ زۆر نەخۆشیی دیکەش دەست و پەنجەی نەرم دەکرد.

لەگەڵ گیرو گرفتەکانی ئەو خەباتە سەخت و دوور و درێژە کە ئەو تووشی ببوو، لەگەڵ ئەوانەش بەرەڕوو بوو. بەڵام لە سەختترین هەلومەرجدا هەر وەختێک کە ئینسان دەچووە لای مامەقالە، قەڵایەک لە باوەڕ و چیایەک لە ورەی لە بەرابەر خۆیدا دەدی و بەراستی یەکێکی جوانتر لە خۆی چ زۆر گەنج و چ کەم تەمەنتر لە خۆی شەرمی دەکرد کە بڵێ ئێمە لەگەڵ گیر و گرفتی ڕێگای خەبات بەرەڕوویین. ئەو ئینسانە ئەوەندە بە ورە و بە ئیمان بوو کە ورەی دەدا بە هەموومان. هەمووشمان مامەقالە دەناسین کە ئەو پەیمانی لەگەڵ دوو کەس هەبوو، یەک خودای خۆی، دوو میللەتەکەی. ڕاستگۆ بوو لەگەڵ هەردووکیان تا ئەو جێیەی لە توانایدا هەبوو ئەمری خودای و ئەرکی نەتەوایەتی بەجێ هێنا. بەڵام هەرچەند لە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیدا هاتبوو، پێمخۆشە ئیزنم بدەن بابدەمەوە سەر دەورانێک کە لانیکەم بۆ لاوەکانمان یا بۆ ئەو خزم و دۆستانەمان کە لێرەیان مامەقالە ناسیوە و ئاشنا بوون. مامەقالە یەکێک لە کۆنترین ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

هەروەک ئیشارەی پێکرا لە دەورانی کۆماری کوردستاندا بۆتە ئەندامی حیزب. ئەوەیان ڕەنگە لە تەمەن و بیرەوەری منیش بە دوور بێ، بەڵام ئەمن باسی ئەو دەورانەی دەکەم کە ئەگەر نە زۆر لە نزیکەوە بەڵام پەناوە مامەقالەم دەناسی. مامەقالە ئینسانێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام چ شانازییەک لەوە گەورەتر کە لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا لەگەڵ وشیارترین و ئاگاترین خوێندەوارەکانی میللەتی کورد هاوسەنگەر بوو. لە خەباتی نهێنی دا ئەو پیاوە ئەمیندار و جێی متمانەی کەسانی وەکوو قادر شەریف، وەکوو عەبدولرەحمانی قاسملوو، وەکوو ئەسعەد خودایاری تەرەف بوو. لە دەورانی زینداندا لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەودەم هەر لە شارەکەی خۆی قاقەی کەریمی، کەریم وسووقی، عەزیز یووسفی، غەنی بلووریان، جەلیل گادانی، حەسەن ڕەستگار و دەیانی دیکە هاوسەنگەر بوو. لە دەورانی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ دا مەکۆی کۆبوونەوەی تێکۆشەران بوو. ئەمیندار و خەبەرهێن و ڕاوێژی کەسانی وەکوو سمایلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە و سولەیمان موعینی و هەموو ئەو تێکۆشەرانە بوو کە هەموومان بە شانازییەوە یادیان دەکەینەوە. لە ڕۆژەکانی دیکەی خەباتیشدا کە بەشێکی باس کرا کە هەر ئەوانەی کە لە نزیکەوە لەگەڵی بوون دەزانن و ئاگایان لێیە کە ئەو پیاوە لەگەڵ تەمەنی کەمێک لەسەری (دیارە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ تا ٣٥ ساڵ پێش ئێستا)، و لەگەڵ ئەوەی کە چەند جار لە شەڕدا بریندار بوو بەڵام بە حوکمی ورە و ئیمانی لە مەیدانی خەباتی چەکدارانەدا، و بە حوکمی مەوقەعییەتی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵدا، یەکێک لە کاریگەرترین کادرەکان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی میللەتی کورد بوو. بەڕاستی نامهەوێ ئیحساسات بجووڵێنم، بەڵام باوەڕم وایە و هەمیشە کوتوومە کە جێی کەس پڕ نابێتەوە بەڵام جێی مامەقالەی سوتوو لەنێو ئێمەدا یەکجار زۆر دیارە. چونکی وەک کوتم لە بن سەری هەموو نەخۆشەکانمان بوو، هەموو وەختێک هەمووی بەسەر دەکردنەوە بەو عومرەیەوە کە من بۆخۆم شەرمم دەکرد هەتا من جارێک سەردانم دەکرد، ئەو ڕەنگە ٣ جار، ٤ جار بە ریشی سپییەوە و بەو وەزعییەتەوە دەهاتە سەردانم.

نامهەوێ ئەو فورسەتەم لە دەست بچێ کە سوپاسی ئەو تەقدیرە بکەم کە مامەقالە و باجی نەجیبی پێکەوە کۆکردۆتەوە، چەندین جار ئەمن میوانی ماڵی مامەقالەی سوتوو بووم کە مامەقالە لە زیندان بوو، بەڵام ئەو ماڵە بێ مامەقالەیی پێوە دیار نەبوو. بەحەق هەر دەبێ بەرهەمی وەسڵەت و پێوەندیی ئەو ژن و پیاوە بەڕێزەش کوڕێکی وەک کاک حەسەنی بێ. دەبینین لەگەڵ ئەوەی تەمەنی لە ئێمە کەمترە بەڵام لە هەموو شتێکدا دیسان یەکێکە لە غەمخۆرانی هەموان. لە ڕێی خەباتدا و لە ڕێی مەسائیلی کۆمەڵایەتیدا کاک حەسەن و منداڵەکانی دڵنیام ئەو ڕێگایەی مامەقالە کە ڕێگای سەربەرزی و شانازییە هەر درێژە دەدەن. بە حەق دەتوانم بڵێم هەم ژیانی ئاوا بۆ مامەقالە و بۆ کەس و کارەکەی و بۆ ئێمەش وەکوو هاوسەنگەرانی جێگای شانازییە. هەم مردنێک کە هەموو بۆی بەداخن دیسان جێگای شانازییە. هەروەک گوترا بەداخەوە مامەقالە کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی ئاواتە گەورەکەی ببینێ، بەڵام ئاواتی من و هەمووتان ڕەنگە هەر ئەوە بێ کە ئەو ڕۆژە ببینین کە وڵاتەکەمان ڕزگار بێ جا بچینە سەر گڵکۆکەی و بە قەولی هەژاری ڕەحمەتی بڵێین «مامە گیان بەسیەتی مردن هەستە، موژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە». ئەمنیش لەو دەرفەتەدا بەراستی بە دڵێکی پڕ لە کەسەرەوە سەرەخۆشی لە ڕێبەریی حیزب، لە هەموو تێکۆشەران، لە بنەماڵە بەڕێزەکەی، لە خەڵکی مەنتەقەی بانە بەتایبەتی و دەورووبەری دێیەکەی خۆیان و لە هەموو کوردستان دەکەم و ڕێگاکەی بەردەوام بێ و ئێوەش هەر شاد بن.



**شانازییەک لەوە گەورەتر کە لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا لەگەڵ وشیارترین و ئاگاترین خوێندەوارەکانی میللەتی کورد هاوسەنگەر بوو. لە خەباتی نهێنی دا ئەو پیاوە ئەمیندار و جێێ متمانەی کەسانی وەکوو قادر شەریف، وەکوو عەبدالرەحمانی قاسملوو، وەکوو ئەسعەد خودایاری تەرەف بوو. لە دەورانی زینداندا لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەودەم هەر لە شارەکەی خۆی قاقەی کەریمی، کەریم وسووقی، عەزیز یووسفی، غەنی بلووریان، جەلیل گادانی، حەسەن رەستگار و دەیانی دیکە هاوسەنگەر بوو**

# جامی ژەهرێکی دیکە یا کایەی کات کڕین



تەها ڕەحیمی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی کە پاش ١٥ مانگ زیزبوون لە دانوستان دەگەڵ وڵاتانی ٥ کۆی ١ گەڕایەوە سەر مێزی دانوستانەکان ڕۆژی ١٤ی مای لە ڤییەن کۆتایی بە سێ مانگ پچڕانی پێوەندییەکانی دەگەڵ ئاژانس هێنا دیارە دوای دوو ڕۆژ وتوویژ لە پشت دەرگە داخراوەکان درێژەی ئەو کۆبوونەوانە بۆ حەوتووی داهاتوودا دوا خرا. سەرەڕای جەختی کاربەدەستان و پیاوە ئایینییەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ئاشتیخوازانە بوونی بەرنامە ناوکییەکانی ئەو وڵاتە، هێشتا کێشەکان لە سەر ڕەواندنەوەی گومانەکان لەمەڕ ئاشتیخوازانە بوونی چالاکییە ناوکییەکانی بەردەوامە.

پاش کۆبوونەوەکانی ئیستامبول دامودەزگاو میدیای سەر بە ویلایەتی فەقیە پڕۆپاگەندە بۆ سەرکەوتوو بوونی کۆبوونەوەی ئیستامبول دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژاوا و ئەمریکا زۆر بە گەرموگوڕی بەو کۆبوونەوانەدا هەڵنالێن کە بە ڕێژەیەکی کەم بووە هۆی بەرز بوونەوەی بەهای تمەن لە بەرانبەر دراوەکانی دیکە کە ماوەیەک و بە تایبەت دوای پەسندی گەمارۆی نەوت و بانکی ناوەندی ئێرانەوە ڕووی لە دابەزین کردبوو. هەروەها بەرەی ڕۆژئاوا لە سەر هەڵوێست و بڕیارەکانی خۆیان سوور و پێداگرن. بەو ئاکامەرا دەردەکەوێ ئەم ساتوسەودایانە زیاتر بۆنی پڕۆپاگەندە و مەسرەفی نێوخۆییان لێ دێ هەتا ئاکامێکی مەنتیقی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لە پێناو بایەخ بەخشینەوەی دووبارە و ئیعتیمادسازی جیهانی بۆ وڵاتی ئێران.

یەکێک لە ناکامییەکانی کۆبوونەوەی ئەم دواییانەی ئیستامبول ئەوە بوو کە ئێران ئیزنی پشکنینی دامەزراوە ناوکییەکانی پارچینی بە ئاژانس نەدا. ئاژانس لە ڕاپۆرتی نوامبەری ٢٠١١ دا دەڵێ ئێران لەم سایتە تاقیکاریی گوماناوی کردووە. نەدانی ئیزنی پشکنین گومانەکان قووڵتر دەکاتەوە و هەر لەم ماوەیەدا ئەمریکا ڕایگەیاند ڕێژیم خەریکی ڕاگوازتن و خاوێن کردنەوەی سایتی پارچینە. هەر لە پێوەندی دەگەڵ سایتی پارچیندا «دامەزراوی زانست و تەناهی نێونەتەوەیی» لە نوێترین ڕاپۆرتی ١٩ی بانەمەڕدا ڕایگەیاند مانگە دەسکردەکان نیشان دەدەن لەم سایتەدا جموجۆڵ و چالاکیی نوێ هەیە. ئەو چالاکییانە لە دەوروبەری بینایەک دەبنیرێن کە لەوانەیە شوێن یا پەناگەی تەقینەوەیی بێ کە بۆ تاقیکردنەوەی چەکی ناوکی بە کار بێ. هەروەها ئەم دامەزراوە دەڵێ کەرەسەکانی دەوروبەری بیناکە وەک کەرەسەی خاوێنکردنەوەو شۆردنەوە دەچن، چونکی وێنەکانی چەند مانگ لەمەوبەر ئەم کەلوپەلە لە پاڵ بیناکە نیشان نادەن

دەگەڵ ئەوەشدا هۆشداریی چاوەدێران و لایەنە سیاسییەکان لە پێوەندی لەگەڵ گەمەی کات کڕینی ئێران و هەروەها گوشاری ئیسرائیل و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی بۆ زەختی زیاتر خستنە سەر ڕێژیم، بەرەی ڕۆژئاوا و ئاژانسی هێناوەتە سەر ئەم بڕوایەی کە بەر لە کۆبوونەوەی بەغدا نیازپاکیی سەرانی ڕێژیم و فەتوا پووچەکانی خامنەیی لە ڤییەن لە سەنگی مەحەک بدەن. هەر بۆیە لە دانیشتنی دووشەممە و سێشەممە ١٤ و ١٥مای دەبێ ڕێژیم مل بۆ مەرجەکانی ڕۆژوا کە سەرەکیترینیان هەڵپەساردنی پیتاندنی بیست لە سەدی و بە تایبەت لە سایتی فیردۆ و ئیزنی پشکنینی کتوپڕی ئاژانس و قبووڵی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقییە، ڕاکێشێ.


لە بەرەبەری ئەم کۆبوونەوانەدا و نزیکبوونەوەی دانیشتنی بەغدا هێرشی پڕۆپاگەندەیی و هەڕەشەی ئەمریکا و ڕۆژاوا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران نەک هەر کەمی نەکردوە و تەنانەت جۆ بایدن جێگری سەرکۆماری ئەمریکا ١٩ی بانەمەڕ ڕایگەیاند دەوڵەتی ئەمریکا توانیویە ڕوانگەی جیهان سەبارەت بە کێشەی ناوکیی ئێران بگۆڕێ و هەروەها جەختیشی کردوە کە «واشنگتۆن هەر جۆرێک بێ ناهێڵێ ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا».

ویلیام هیگ وەزیری دەرەوەی بریتانیا ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی بانەمەڕ ڕایگەیاند ئەگەر ئێران لە ئاراستەی کەم کردنەوەی نیگەرانییە نێونەتەوەییەکان لە سەر بەرنامە ناوکییەکانی «هەنگاوی دیاریکراو» ناوێژێ یەکیەتیی ئورووپا «گەمارۆی سەختتر» دژی تاران دەگرێتە بەر.

کاربەدەستانی ڕێژیم کیسەیان بۆ ئەم خولەی دانوستانەکان دەگەڵ ٥ +١ هەڵدوریوەو بەردەوام وەک سەرکەوتن بە گوێی خەڵک و لایەنگرانی خۆیاندا دەیخوێنن بەڵام ڕۆژئاوا زۆر بە سەرکەوتووی نازانێ و لە لایەن دەزگە و کەسایەتییەکان و سیاسەتزانانەوە وریا دەکرێتەوە کە نەکەوێتەوە داوی کات بە فیڕۆدانی ئێران و ئەم مەجالە بە ئێران نەدا کە ئەم دانیشتنانە بکا بە شوێنی چەلەحانێ و شوێنەونکە بۆ کڕینی کات. هەر بۆیە تا ئێستا گوێی بە داوای ڕاگرتنی گەمارۆن بۆ سەر ئێران نەبزووتوە و بە پارێز و وردبینییەوە دێتە نێو بازنەی کایەکانەوە.

لە لایەکی دیکەوە لە جەنگەی کۆبوونەوەی ئاژانس و شاندی ئێرانی لە ڤییەن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق باس لە ٦٠ توێژەرو پسپۆر دەکا کە لە ژێر چاوەدێریی وزارەتی بەرگریدا خەریکی دروستکردنی چەکی ناوکین. لەم ڕاپۆرتەدا باس لە پێکهاتەیەکی توێژینەوەی «تۆکمە، پێچەڵاوپێچ و زۆر نهێنی» دەکا کە سەرقاڵی دروست کردنی چەکی ناوکییە. ئەگەرچی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پارێزەوە ئەم هەواڵە وەردەگرێ بەڵام گوماناوی بوونی بەرنامە و چالاکییە ناوکییەکانی ڕێژیم و خۆدزینەوەی لە بڕیارەکان و نەدانی ئیزنی کتوپڕ بە چاوەدێرانی ئاژانس بۆ پشکنینی سایتە ناوکییەکان جێی هەموو ئەگەرێک لەم پێوەندییەدا دیڵێتەوە.

هەروەها پڕۆپاگەندەکانی باندی ویلایەتیی فەقیە دەریدەخەن لایەنێکی دەسپێکردنەوەی ئەم کۆبوونەوانە هێزی فشار و ئامرازێکە بۆ پاشەکشە بە ڕەوتی لادان و هێنانەوە کایەی ڕەفسەنجانی و ڕەوتە سیاسییەکەی. کە ئەم بابەتە بە ڕوونی لە ڕاگەیەنەکانی سەر بە ئەحمەدینژاد ڕەنگی دایەوەو باس لە وەلانانی ئەحمەدینژاد لە دۆسییەی ناوکی دا دەکەن و دەگەڵ ئەوەشدا کێشەو ئاڕێشەی لایەنگرانی ئەم دوو ڕەوتە ئوسوولگەرایە زیاتر و قووڵتر دەبێتەوە.



لە لایەکی دیکەوە بە هاتنەوە سەر کاری پووتین لە ڕووسیا، ئەگەرچی چاوەڕوانیی گۆڕانی بنەڕەتی و ستراتیژی لە سیاسەتی ئەم وڵاتە لە ناوچەکەدا ناکرێ بەڵام بەهۆی گوشارە دەرەکیی و نێوخۆییەکان تارادەیەک سەنگی جارانی پووتینی دابەزاند و پووتینیش بە لە بەر چاو گرتنی ئەم بابەتە دەیەوێ بە ڕوویەکی کراوەوە ئاوڕ لە ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بداتەوە و بە هاتنە نێو پڕۆژەکانی ڕۆژئاوا بۆ چارەسەری کێشەکان هەروەک لە چەند بابەت لە سەر سووریا بینیمان لە ڕێگەی پڕۆژە و گەڵاڵە جۆرواجۆرەوە خۆی دەکا بە خاوەن کێشەکان و دەیەوێ شوێن پەنجەی بە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانەوە هەبێ. هەر لەم پێناوەدا سێرگێئی ڕیابکۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە مۆسکۆ باس لە گەڵاڵەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەکاو ئێرانیش پێی باشترە پشت بە کرملینی کۆنزەرڤاتیڤەوە ببەستێ هەتا تورکیە کە هەست بە ساردوسڕیی پێوەندییەکانیان و سیاسەتی ناوچەییان دەکرێ بۆیە کۆبوونەوەی دواتری ڕاگوازتە عێراق کە ئەم ماوەیە بە قووڵی تووشی قەیران هاتوە و داهاتوویەکی ناڕوون چاوەڕوانییەتی.

# بودجەی ساڵی ٩١، لە خزمەت خەڵک یا ڕێژیمدا؟



ڕەحمان سەلیمی

سەرئەنجام دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ لە ساڵی نوێ، بودجەی گشتی ساڵی ٩١ لە لایەن مەجلیسی شووڕای ئیسلامی پەسند کرا. مەجلیسی هەشتەم لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا سەرەڕای ناکۆکی و کێشمەکێشی چەند ساڵە لەگەڵ دەوڵەت، لایحەی بودجەی پێشنیاریی دەوڵەتی پەسند کرد و بەم شێوە دوا ئەرکی خۆی بە جێ گەیاند.

دوای ئەوەی لایحەی بودجەی ئەمساڵ لە مەجلیس هاتە بەرباس لە لایەن نوێنەرانی مەجلیسەوە ڕەتکرایەوە و بە پێی یاسا دەبوایە گەڕێنرابایەوە بۆ دەوڵەت تا پێداچوونەوەی پێدا بکا و ئاڵوگۆڕی پێویستی تێدا پێک بێنێ. بەڵام تەنیا یەک ڕۆژ دوای ئەو بڕیارە، لایحەی بودجە لە ژێر فشاری سەرۆکی مەجلیس و خامنەییدا خرایە بەردەم نوێنەرانی مەجلیس و دەنگی پێدرا. لاریجانی کاتی دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە ڕایگەیاند کە بەرژەوەندیی نیزام و ڕێنوێنییەکانی ڕێبەر و هەلومەرجی تایبەتی وڵات دەخوازێ کە بودجە چیتر دوا نەخرێ و پەسند بکرێ. ئەو پاساوانەی سەرۆکی مەجلیس بەر لە هەر شتێک ئەو ڕاستییەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە پارلەمانی ئێران نەتەنیا جێگەی نوێنەرانی خەڵک نییە و هیچ ئیرادەیەکی سەربەخۆی بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە گرینگ و چارەنووس سازەکان نییە، بەڵکو شوێنی جێبەجێ کردنی ویست و داخوازەکانی دەسەڵاتداران و لە سەروو هەموویانەوە وەلی فەقیهە.

لایحەی بودجەی ئەمساڵ کە لە سەر بنەمای بەرنامەی درێژخایەنی پێنج ساڵەی ئابووری، داڕێژراوە لە چەند لایەنەوە جێگەی تێڕامان و پرسیارە. یەکێک لە گرینگترین ئامانجەکانی بەرنامەی پێنج ساڵەی ئابووری کە وەک ستراتیژی وڵات چاوی لێ دەکرێ، کەمکردنەوەی بەستراوەیی بودجە بە داهاتی نەوتەوەیە. داهاتی فرۆشی نەوت بەشی هەرە زۆری بودجەی ساڵانەی دەوڵەت پێک دێنێ ئەوە لە کاتێکدایە کە دەوڵەت ناتوانێ هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر بازاڕدا هەبێ و پێشبینیی نرخی نەوت لە بودجەی ساڵانەدا زیاتر وەک گرێو کردن دەچێ نەک وەک لێکدانەوەیەکی کارناسانە.

لەلایەکی دیکەوە ئاشکرایە کە نەوت سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتوو نییە و درەنگ یا زوو چاڵە نەوتییەکان کەم دەکەن و سەرئەنجام وشک دەبن. حکوومەتێکی بەرپرسیار ناتوانێ چارەنووسی نەوەکانی داهاتوو لەبەر چاو نەگرێ و بیر لە سەرچاوەی جێگرەوەی داهاتی وڵات نەکا.

لە لایحەی بودجەی ٩١دا بەستراوەیی بودجە بە داهاتی فرۆشی نەوت چۆتە سەرێ و هەر ئەو بابەتەش لەلایەن ژمارەیەک لە نوێنەرانی مەجلیسەوە خرایە بەر ڕەخنە و دژی ئامانجەکانی بەرنامەی درێژخایەنی گەشەی ئابووری لە قەڵەم درا.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی لایحەی بودجەی ئەمساڵ، جێبەجێ کردنی فازی دووهەمی ئامانجدار کردنی یارانەکانە. لە قۆناغی یەکەمی ئەو پڕۆژەیەدا کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٨٩ دەستی پێکرد داهاتی دەوڵەت لە گران کردنی نرخی ئەو کاڵایانەی کە پێشتر بەشێوەی یارانەیی دابەش دەکران زۆر کەمتر بوو لە پێشبینییەکان. بە شێوەیەک کە دەوڵەت تەنانەت نەیتوانی بڕی یارانەی نەغدیی مانگانەی خەڵک دابین بکا و ناچار بوو لە کۆمەڵێک سەرچاوەی دیکە و لە بودجەی گشتیی بۆ ئەو مەبەستە کەڵک وەرگرێ. ئەو بابەتە بووە هۆی ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان زەبری قورسی وێ کەوێ و لە ئاکامدا دوو دیاردەی بێکاری و هەڵاوسان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو هەڵکشان بڕوا. ئەزموونی یەکساڵەی ئامانجدار کردنی یارانەکان دەری خست کە دەوڵەت نەتەنیا نەیتوانیوە ئاستی مەسرەف لە بەنزین و نەوت و ئاو و بەرق و... دا کەم بکاتەوە بەڵکوو فشارێکی لە ڕادەبەدەری بۆ چینی کەم داهات بەدواوە بووە. کەواتە لێرەدا چەمکی عەدالەت کە لە بەرنامەی گەشەی ئابووری پێنج ساڵەدا پێش بینی کرابوو، پێچەوانە بێتەوە و کەلێنی نێوان هەژار و سەرمایەدار بەرز ببێتەوە.




لە پڕۆژە بودجەی ئەم ساڵدا کە بڕیار لەسەر جێبەجێ کردنی فازی دووهەمی ئامانجدار کردنی یارانەکان درا، هەموو ئەو ڕاستییانە پشتگوێ خران و ئاشکرایە کە لە ئەنجامی فازی دووهەمدا نرخەکان زیاتر لە پێشوو بەرز دەبنەوە، کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی هەروا بەرەو لاوازی دەچن و فشارێکی زیاتریان دەکەوێتە سەر، نرخی بێکاری بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەڕوا و لە ئەنجامدا ئاستی ژیانی چینی کەم داهاتی کۆمەڵگە بەرەو دابەزین دەڕوا.

نەبوونی بەرپرسیارەتیی دەوڵەت و بەتایبەت مەجلیس لە ئاست ژیانی خەڵکدا و پشتگوێ خستنی گرینگترین ئەرکی دەوڵەت کە خزمەت بە هاووڵاتان و باشتر کردنی بژێوی خەڵکە و هەروەها بەردەوام بوون لە سیاسەتی شەڕەنگێزانە و ئاژاوەگێڕانە لە ئاست ناوچە و جیهاندا، ساڵێکی پڕ نەهامەتی و هەژاریی بۆ بەشێکی بەرچاوی خەڵک بەرهەم دێنێ.

یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی کە لە لایحەی بودجەی ئەم ساڵدا سەرنجراکێشە، زیادکردنی بودجەی بەرگرییە (نیزامییە). لە بودجەی ئەم ساڵدا بودجەی وەزارەتی بەرگری و دامەزراوە نیزامییەکانی ئێران بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز بۆتەوە. پاساوی دەوڵەت بۆ زیادکردنی ئەو بودجەیە، هەڕەشەی وڵاتانی بیانی بۆ سەر ئەمنییەتی ئێران و بەتایبەت هەڕەشەی ئیسرائیل و ئەمریکایە. بە واتایەکی دیکە خۆ پڕ چەک کردن لەسەر حیسابی سفرەی خەڵک یەکێکە لەو سیاسەتە دژە خەڵکیانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی سێ دەیە دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا پەیڕەوی کردوە. لەژێر سایەی کۆماری ئیسلامیدا ئاستی گوزەرانی خەڵک بەردەوام نزم بۆتەوە و ئەوە لە کاتێکدایە ئێران لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی ناوچە و جیهانە لە بواری سەرچاوە ژێر زەمینییەکان. زەرفیەتی ئابووریی ئێران لە ئەگەری بوونی دەسەڵاتێکی بەرپرسیاردا دەتوانێ هەژاری و بێکاری و زۆر دیاردەی دیکەی پێوەندیدار بە بژێوی هاووڵاتیان بنبڕ بکا.

به چاوخشاندن بە دروشمەکانی

**بە چاوخشاندن بە دروشمەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ و دۆخی ئابووریی هەنووکەی ئێران دەردەکەوێ کە چۆن تاقمێک دەسەڵاتداری دیکتاتۆر و پاوانخواز، ئێرانی خاوەن نەوت و خاک و دەریا و سامانە سرووشتییەکان و... هتدیان وێران کردوە و لەپێناو پاراستنی دەسەڵات و هەژمونی خۆیان، خەڵکیان تووشی ماڵوێرانی و بێ دەرەتانی کردوە**

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ و دۆخی ئابووریی هەنووکەی ئێران دەردەکەوێ کە چۆن تاقمێک دەسەڵاتداری دیکتاتۆر و پاوانخواز، ئێرانی خاوەن نەوت و خاک و دەریا و سامانە سرووشتییەکان و... هتدیان وێران کردوە و لەپێناو پاراستنی دەسەڵات و هەژمونی خۆیان، خەڵکیان تووشی ماڵوێرانی و بێ دەرەتانی کردوە.



### نامۆ عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەنووس:

# ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دایە

دیمانە: مادح ئەحمەدی

**ئاماژە: «نامۆ عەبدوڵڵا»، ڕۆژنامەنووسی کورد یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئەمساڵ خەڵاتی ساڵانەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپییان پێ بەخشرا. ناوبراو لە ئێوارەخوانێکی کۆشکی سپیدا بە ئامادەبوونی «باراک ئۆباما»، سەرکۆماری ئەمریکا و ژمارەیەکی زۆر لە وەزیر و سیناتۆر و کاربەدەستانی کۆشکی سپی ئەم خەڵاتەی وەرگرت. نامۆ عەبدوڵڵا ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆیە و بۆ چەند میدیای جیهانی وەک: ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز و... کاری کردوە. ناوبراو هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بواری ڕۆژنامەنووسی و لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرک دەخوێنێت. لەم ژمارەی «کوردستان»دا وتوویژێکمان لەگەڵ ناوبراو، سەبارەت بە وەرگرتنی خەڵاتی ساڵانەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی و هەروەها ڕەوشی ئێستا ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا سازداوە.**

**کوردستان: خەڵاتی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی چییە و بە چ کەسانێک دەدرێ؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** ئەو خەڵاتەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی کە من وەرمگرت بریتی بوو لە پێنج هەزار دۆلاری ئەمریکی کە لە شێوەی زەمالە (سکۆڵەرشیپ) دایە بۆ خوێندکاری ڕۆژنامەگەری لە زانکۆکانی ئەمریکا. ئەو خەڵاتە دەدرێت بە چەند زانکۆیەکی بەناوبانگی ئەمریکا. یەکێک لەو زانکۆیانە زانکۆی کۆلۆمبیایە، کە تیایدا من خوێندکاری ماستەرم لە بواری ڕۆژنامەگەریدا. ساڵانە یەک خوێندکار لە زانکۆی کۆلۆمبیا ئەو خەڵاتە وەردەگرێت. ئەمساڵ، ئەو خەڵاتە بە من درا.

**کوردستان: پێشتر لە نێو کورددا کەسمان هەبوو ئەو خەڵاتە وەربگرێ، یان نا، و ئێوە یەکەم ڕۆژنامەنووسی کوردن کە ئەو خەڵاتە وەردەگرن؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** ئەم خەڵاتە تازەیە و هەموو نزیکەی بیست ساڵە دەدرێت. بەپێی سایتەکەیان، کە تازە چوومە سەری تا سەیری ناوی براوەکانی ساڵی ڕابردوو بکەم، هیچ کوردێکی دیکەم نەبینی تا ئێستا ئەم خەڵاتەی پێدرابێت.

**کوردستان: ئەم خەڵاتە ساڵانە بە چەند کەس دەدرێ و ئەو کەسانەی کە خەڵاتیان وەرگرت ئەگەر بزانی خەڵکی چ وڵاتگەلێک بوون یا سەر بە چ نەوەیەک بوون؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** ئەم ساڵ خەڵاتەکە بە شانزە کەس درا. زۆربەی براوەکانی دیکە خەڵکی ئەمریکا بوون. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا بە من درا.

**کوردستان: هۆکاری ئەوەی کە تۆ خەڵات کرای دەگەڕێتەوە بۆ کورد بوونت، یان دەگەڕێتەوە بۆ پیشەکەت کە ڕۆژنامەنووسییە؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** نا هیچ پێوەندی بە کورد بوونەوە نییە. مەرجەکانی بردنەوەی ئەم خەڵاتە دوو شتن. یەکەم، دەبێت خوێندکاری ڕۆژنامەگەریی بیت لە ئەمریکا. دووەم، دەبێت وتارێکی کورت بە ئینگلیزی بنووسیت باسی ئەو کارانە بکەیت کە کردوتن تا تۆ شایستەی ئەو خەڵاتە بکات. پاشان لە ڕێگەی زانکۆوە سیڤی کارەکانت وەردەگرن و هەڵسەنگاندن دەکەن لە نێوان کاندیدەکاندا.

**کوردستان: لە باسی خەڵاتەکە بێینە دەرێ. ئێوە بە شێوەی پسپۆڕی لە ئەمریکا ڕاگەیاندن دەخوێنن. بۆیە دەمەوێ لە ڕوانگەیەکی پسپۆڕییانەوە بچین نێو باسەکە. لەم ڕوانگەوە چۆن چاو لە ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن لە کوردستان دەکەی؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە. بێگومان ناتوانین بە هیچ شێوەیەک بەراورد لە نێوان ئاستی پرۆفێشناڵی میدیای کوردی بکەین لەگەڵ میدیای خۆرئاوا و میدیای ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی. میدیای کوردی تەمەنی کورتە. ئێمە مێژوویەکمان هەیە کە دیکتاتۆریەت و خێڵەکییەت بەسەریدا زاڵە. کاریگەری هەموو ئەمانە لە میدیای کوردیدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت. گەورەترین گرفتی میدیای کوردی بریتییە لە نەبوونی توانا بۆ جیاکردنەوەی فاکت (ڕاستی) لە بۆچوون. زۆربەی هەواڵەکانی کوردستان قسەی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرسن. زۆربەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان پڕ دەکردێنەوە بە دیداری درێژی پرسیار و وەڵام کە لە میدیای پرۆفیشناڵی ئەمریکیدا بە دەگمەن بەدی دەکرێت. هەموو لاپەڕەکانی نیویۆرک تایمز، بۆ نموونە، هەڵ



میشێل ئۆباما — نامۆ عەبدوڵڵا — باراک ئۆباما

**لە کوردستان خەڵکی لە جیاتی بەدەست هێنانی فاکت ڕۆژانە پروپاگەندەو قسەی ئەم و ئەو دەکرن**

بدەرەوە دیدارێکی پرسیار و وەڵام نادۆزیتەوە. لە کوردستان خەڵکی لە جیاتی بەدەست هێنانی فاکت ڕۆژانە پروپاگەندەو قسەی ئەم و ئەو دەکرن. میدیای کوردی گرفتی زۆرەو چاککردنی ئاسان نییە و پێویستی بە کات هەیە. لەهەمووی گرنگتر، پێویستە پرۆفێشناڵەکانی میدیای کوردی ئامادەییان تێدابێت بۆ گۆڕان و قبوڵکردنی ڕەخنە.

**کوردستان: پێت وایە ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بۆتە فاکتۆرێکی بەهێز بۆ کاریگاری دانان لە سەر ڕای گشی و لە درێژەدا توانیویەتی بە مانای ڕاستەقینە کۆڵەکەی چوارەمی دەسەڵات بێ؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** بێگومان میدیا بەردەوام گەورەترین کاریگەریی لە سەر ڕای گشتی دروست دەکات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چ کاریگەرییەک؟ میدیایەک کە پرۆپاگەندە و بۆچوون بڵاو بکاتەوە لە جیاتی ڕاستی، کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت لە ڕۆشنبیرکردنی خەڵک و دروستکردنی عەقڵی ئازادەوە کە خۆی بڕیار دەدات چی باشە و چی خراپە بۆ کاریگەرییەکی ئایدۆلۆژی و شۆرینەوەی مێشکی خەڵکی. بەڕای من میدیای کوردی زیاتر دووەمیان دەکات.

**کوردستان: پاش تێپەڕینی ١١٤ ساڵ بە سەر ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی دا لە کوردستان، گرفتەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان لە چیدا دەبینی؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** گرفتەکانی ڕاگەیاندنی کوردی زۆرن و ناتوانین لێرەدا یەک بەیەک باسیان بکەین. ئەوە پێویستی بە توێژینەوە هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی میدیای کوردی خۆی ماندوو ناکات بۆ دۆزینەوەی ئەوەی لێرە پێی دەوترێت ستۆری (چیرۆک). تەنیا بۆچوونی ئەم و ئەو بڵاودەکاتەوە. میدیای کوردی، بەشێوەیەکی گشتی، هێشتا نازانێت ڕستە چییە و پەرەگراف چییە. بابەتی درێژی باشترین نووسەرەکانی کوردستان دەخوێنیتەوە دەبینیت هەمووی چەند ڕستەیەکە. سەرەت گێژ دەخوات. نازانیت بکەر لە کوێیەوە و فرمان لە کوێیە، بەدەگمەن نوقتە دانراوە هەموو بابەتەکە بە فاریزە و (واو) و بەستراوە بەیەکەوە. وەکو وتم گرفتەکان زۆرن، ئێستا بۆ من ئاسان نییە بتوانم جیاوازی بکەم لەنێوان ئەو هەواڵەی سایتەکانی کوردستان بڵاوی دەکەنەوە لەگەڵ ئەوەی کەسێک بۆخۆی لە فەیسبوک بڵاوی دەکاتەوە.

**کوردستان: ئایا ناپرۆفیشناڵی و نەبوونی ناوەندی کارامە بۆ ڕاهێنان و پەروەردی ڕۆژنامەنووسی گرفتێکی گەورەی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی و ڕاگەیاندن لە کوردستاندا نییە؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** نەبوونی ناوەندی ڕاهێنانی باش گرفتێکی گەورەوەیە. بەپێی زانیاریی من، بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆکانی کوردستان لە ئاستی پراکتیڤدا زۆر لاوازن و ناتوانن کادیری باشتر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان پێ بگەیەنن.

# بۆ دووەم ساڵڕۆژی ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوچارەنووسەکانی



مستەفا مەعروفی

دوو ساڵ بەسەر مەرگی فەرزادی کەمانگەر و چوار کەسی دیکە لە ئازادیخوازانی کورد و ئێرانیدا تێ دەپەڕێ. لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩دا فەرزادی کەمانگەر مامۆستا لە قوتابخانەکانی کامیاران و چالاکی بواری ڕۆژنامەنووسی و مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ شیرین عەلەمهوولی، فەرهادی وەکیلی و عەلی حەیدەریان کە لە ئازادیخوازانی کورد بوون و هەروەها مەهدیی ئیسلامیان لە ئازادیخوازانی فارس زمان لە زیندانی ئێوین ئێعدام کران.

چوار ئازادیخوازی کورد بە تاوانی ئەندامەتی لە یەکێک لە حیزبەکوردییەکانی نەیاری ڕێژیم و هەوڵدان بۆ کردەوەی تەقاندنەوە لە دار دران. مەهدیی ئیسلامیان بە تۆمەتی بەشداری لە تەقاندنەوەی مەراسیمی عاشوورا لە شیراز ئێعدام کرا. تۆمەتی کاری تەقاندنەوە و تەخریب لەو ئازادیخوازانە نە هیچ کات لە لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە و لە داداگاییەکی عادڵانە دا پشتڕاست کرایەوە و، نە بیروڕای گشتییش سەبارە بەو جۆرە سیناریۆ لە پێشدا ئامادەکراوانەی کە جار و بار کۆماری ئیسلامی بۆ پاساوی ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد بە کاریان دێنێ باوەڕیان بەو تۆمەتانە کرد.

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا ٥ کەس لە ئازادیخوازانی بەسەریەکەوە ئێعدام کرد کە حاشای لە هەبوونی زیندانیانی سیاسی کردوە. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە هەرئەو کات و ئێستاش چەند کەس لە زیندانیانی سیاسیی کورد حوکمی ئێعدامیان بەسەر دا سەپاوە. ئێعدامی ئەو پێنج تێکۆشەرە بۆ جارێکی دیکەش ئەوەی سەلماند کە کۆماری ئیسلامی نرخ و بایەخێک نەک هەر بۆ قانوون و ڕێوشوێنە ئینسانی و نیونەتەوەییەکان دانانێ، بەڵکوو تەنانەت ڕێز بۆ قەوڵ و قسەکانی خۆشیان دانانێ و پێڕەوی لە هیچ ئەخلاق پرەنسیپێکی ئینسانی و قانوونی ناکا. ئەم جارەش وەک هەمیشە سەلماندی کە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی پێویستی بە مەنتیق و ئیعتیبار نیە، 

بەڵکوو پێویستی بە زۆرە، وەک هەموو جارەکانی دیکە ئیسباتی کرد منەتی بە مەشروعیەت و باوەڕمەندیی خەڵک نیە. ڕێژیمێک کە ئاوا لە مەشرووعیەت و پشتیوانیی خەڵک بێ نیاز بێ ڕاست وەک هێزێکی داگیر کەر وایە کە درەنگ یان زوو دەبێ وڵاتە داگیرکراوەکە بەجێ بێڵێ.

هیچ ویژدانێکی سەلیم تاوانێکی ئەوتۆ شک نابا کە پاساوی ئێعدامی بە کۆمەڵی ئەو ٥ کەسە بێ، ئەویش بە دەستی ڕێژیمێک کە ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی بۆخۆیان هەتا بینەقاقە نوقمی تاوانن. بێگومان کۆماری ئیسلامی بیانوویەکی بۆئێعدامی ئەو تێکۆشەرانە بەدەستەوە بووە کەهەرچی بێ تاوان لە دژی خەڵک و مرۆڤایەتی نەبووە بەڵکوو کاری سیاسی بووە کە لە سایەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکاندا نەبێ، لە هیچ کوێ تاوان نیە. بەڵام ئەو ئێعدامە بە کۆمەڵە چ مەبەستێکی لە پشت بوو؟

فەرزادی کەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی، عەلی حەیدەریان، فەرهادی وەکیلی و مەهدیی ئیسلامیان لە کاتێک دا ئێعدام کران کە خەڵکی ئێران لەبەرەبەری یادکردنەوەی یەکەم ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی خۆی دابوو کە ساڵێک پێشتر لە ئێعتراز بە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا بەرپایان کردبوو و بەتوندی سەرکوت کرابوو. کاربەدەستانی ڕێژیم لەوە نیگەران بوون کە شەپۆلێکی دیکە لە خۆپێشاندانەکان وەرێ بکەوێ کە بە ئاسانی نەتوانن خۆ لە بەرامبەر تەوژمەکانیدا ڕابگرن. بۆیە بەم کارە ڕق و بێ بەزەییی خۆیان بە خەڵکی نیشان دا و ئەم تاوانە و چەندین تاوانی دیکەشیان وەک کارەساتی زیندانی کەهریزەک بە ڕێوە برد تاکوو خەڵک سامیان لێ بنیشێ.

مەبەستێکی دیکە کردنەوەی گرێیەکی دیکە لە عوقدەی ڕق و کینیان لە بەرامبەر کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازانەکەی دابوو کە پاش ٣٠ ساڵ تێرۆر و سەرکوتی بێ بەزەییانە، هێشتا خاوەنی ئەحزاب و ڕێکخراوی ڕێکوپێکی سیاسییە و، خەڵکی کوردستان هیچ کات بەدڵی کۆماری ئیسلامی و سیناریۆیەکانی نەهاتوونەتە شەقام. بۆیەش دوای ئەو هەمووە ئیددیعایانە کە گۆیا کۆتاییان بە هێزەسیاسییەکانی کورد هێناوە، چوار کەس بە تاوانی ئەندامەتی لەو هێزانەدا ئێعدام دەکەن!

ئاکامی ئەو ئێعدامانە بەرەو کوێ؟ ئێعدامی ئەو پۆلە ئازادیخوازە بۆ کورد بە تایبەتی و ئێعدامی هەر ئینسانێکی دیکە خەسارێکی گەورەیە و نرخ و هەزینەی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد زیاتر دەکا. ٣٠ساڵ زیاترە کورد نیشانی داوە کە ئامادەیە ئەو نرخە بدا. لە ئێعدامە بە کۆمەڵەکانی خەڵخاڵییەوە بگرە تا ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی و تا ئەم پۆلە ئازادیخوازەی لە ١٩ی بانەمەڕدا لەدار دران لە جیاتی چاوترسێن کردنی کورد، کوردی زیاتر بەرەو بێگانەبوون لە ڕێژیم و وشیاریی نەتەوەیی هان داوە و ئەو خوێنانە مەشرووعیەتی زیاتر بە خەباتە ڕەواکەی دەبەخشن. ئەو هاودەنگی و هاودڵی و یەک هەڵوێستییەی پاش ئێعدامی ئەو ٥ ئازادیخوازە لە کوردستان و کورد لە ئێران و سەرانسەری جیهان دا دیترا لە ڕابردوودا ـ تەنانەت لەو کاتانەدا کە بە دەیان کەسی ئێعدام کراون ـ وێنەی نەبووە. لەم ڕووداو چەندین ڕووداوی دیکەی لەم چەشنەش کە لە هاو هەڵوێستی و هاودەنگیی شەقامی کورد دا بەدی کراوە، پێویستە لە پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردیش دا ڕەنگ بداتەوە. ئەو کاتە ئاسۆی ئەو ئامانجانەی کە فەرزادەکانیان لە پێناودا بەخت بووە ڕوونتر دەنوێنێ.



# پەرەسەندنی خەسار و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دا

کوێستان فتوحی

یەکێک لەو دیاردانەی لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا و لە هەموو سەردەمێکدا هەبووە، خەسارە کۆمەڵایەتییەکانە، کە شێوەی بەرەورووبوونەوەش لەگەڵیان لە کۆمەڵگەکان و وڵاتاندا جیاواز بووە.

ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی زۆرترین کێشە و خەساری کۆمەڵایەتی بووە. هێندێک لەو کێشە و خەسارانە بریتیین لە:

- دەستراگەیشتن و پەرەسەندنی مادده هۆشبەرەکان لە نێو لاواندا،
- زۆربوونی هەژاری و بێکاری،
- زۆر بوونی منداڵانی سەرشەقام و بەکارهێنانیان لەلایەن باندە تاوانبارەکانەوە بۆ مەبەستی خراپ،
- هەڵاواردنی ڕەگەزی و توندوتیژیی دژی ژنان لە نێو بنەماڵە، شوێنی کار و کۆمەڵگە،
- پۆشینی جلوبەرگ و حیجابی ئیجباری و ڕەفتاری توندوتیژ و پڕ لە سووکایەتیی هێزە ئینتیزامییەکان بە دژی ژنان لە بەرچاوی خەڵک،
- سزای ئێعدام بۆ منداڵان و گەورەکان و ئێعدام کردن لەبەرچاوی خەڵک،
- هەژاری و نائەمنیی ژیانی ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە،
- زەماوەندی پێشوەخت ( منداڵانی تەمەن خوار ١٨ ساڵ) ،

بە پێی ئامارەکانی ئیدارەی سەبت و ئەحواڵ ڕێژەی زەماوەندی کچانی تەمەن خوار ١٥ ساڵ لە ساڵی ١٣٨٥ بەرانبەر بە هەموو زەماوەندەکان ٣/٢ لەسەد بووە کە لە ساڵی ٨٩دا بووە بە ٤/٩ لەسەد. هەر بە پێی ئەو ئامارانە لە ساڵی ٨٥ دا، ٩٥٠ هەزار کەم تەمەنی زەماوەندکردوو هەبوون، کە نزیک بە ٩٠٠ هەزار کەسیان کچ بوون. ٧٠ هەزار کەس لەوان تەمەنیان لە نێوان ١٠ بۆ ١٤ ساڵ بووە. وا دیتە بەرچاو ئەم ڕێژەیە لەم ساڵانەی دواتردا زۆرتریش بووە.

- پەرەسەندنی لەشفرۆشی و قاچاخی ژنان بۆ نێو بازاڕەکانی سێکسی وڵاتانی دەوروبەر بە هۆی هەژاری و نەبوونی فرسەتە کۆمەڵایەتییە یەکسانەکان،
- بێکاری و هەژاریی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری کرێکاران و مامۆستایان (بەتایبەتی بێکاری ژنانی خوێندەوار) و گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە ناڕازییانی ئەو توێژانە لە لایەن دەسەڵاتەوە،
- سانسۆری بڵاوکراوە و سایت و تۆڕە ئینتێرنێتییەکان و داخستنیان لە لایەن دەسەڵاتەوە ،
- پەرەسەندنی توندوتیژی، خۆکوژی و قەتڵ و تاوان لە کۆمەڵگەدا،
- زۆر بوونی خەمۆکی لەنێو چین وتوێژە جۆراوجۆرەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان،
- سەرکوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان، کرێکاران، خوێندکاران، مامۆستایان و..... زیندانی کردنی چالاکانیان و ....
- کۆچی هەزاران کەس لە ئێرانییەکان ساڵانە بۆ دەرەوەی وڵات بە هۆی سەرکوت و زوڵم و ناعەدالەتیی دەسەڵاتداران.

**هۆکارەکانی پەرەسەندنی کێشەو خەسارەکان:**

نەبوونی ئازادییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، بوونی ناعەدالەتی و هەڵاواردن، قەیرانی پەروەردە و فێرکردن، مەسەلەی ئابووری، شەر، هەژاری و بێکاری، تەڵاق و... لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانن.

دیارە بەشی زۆری ئەو کێشەو خەسارە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە بەرهەمی سێ دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێرانن. نەبوونی ئازادی و هەبوونی سەرکوت و خەفەقان لە کۆمەڵگەی ئێراندا، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە گەل سەرهەڵدانی قەیران و خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە . بۆ وێنە شەڕی ٨ ساڵە لە گەڵ عێراق کە ئابووری وڵاتی ئێرانی بۆ ماوەی چەندین ساڵ داڕووخاند، بووە هۆی هەژاری و بێکاریی خەڵک بەتایبەتی لاوان و لەدەستدانی هەلی کار بۆ لاوان، ژنان چین وتوێژە کەم داهاتەکان. هەژاری و بێکاری بۆخۆی دەتوانێ لە سەرهەڵدانی زۆر دیاردەی دیکەی وەک ئێعتیاد، تەڵاق، منداڵانی سەرشەقام و... دا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبێ.

ئەگەر بۆ نموونە باس لە دیاردەی تەڵاق لە ئێراندا بکەین کە یەکێکە لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، لەم یەک دوو دەیەی ڕابردوودا ڕێژەکەی زۆر بەرز بۆتەوە. بە بڕوای کۆمەڵناسان و خەسارناسان، زۆربەی دیاردە و خەسارە کۆمەڵایەتی، بنەماڵەیی، ئابووری، فەرهەنگی و..... یەکانی دیکە، ڕیشەیان لە مەسەلەی تەڵاق و هەڵوەشانی شیرازەی بنەماڵەدایە. واتە تەڵاق کۆمەڵێک کێشەی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێ. دیارە تەڵاقیش بۆخۆی بەرهەمی کۆمەڵێک کێشەو و قەیرانی دیکەیە. ئەوە ڕاستە کە بە پلەی یەکەم بەرهەمی زەماوەندی ناسەرکەوتوویە. لە کۆمەڵگەی ئێراندا زەماوەندی زۆرەملی زۆرە، هەر بۆیەشە ئاسان تەڵاقی بەدوادا دێ، بەڵام ئەگەر لە ڕیشەو هۆکارەکانی بکۆڵرێتەوە، نەبوونی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، کەلتووری کۆمەڵگە، سیستمی پەروەردە و فێرکردن، سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی و... کۆمەڵێک مەسەلەی دیکە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە سیاسەت و سیستم و قانوونی وڵاتەوە هەیە، هەموو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر پەرەسەندنی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە هەیە.

دوکتور ئەمانوڵلا قەرایی کارناسی کۆمەڵایەتی لە ئێران، دەڵێ: «تەڵاق یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەریی زۆرخراپ و قەرەبوونەکراو لە دوای خۆی بەجێ دێڵێ و بە جۆرێک کە دەکرێ بە شەهامەتەوە بڵێین لە سەرهەڵدانی خەسارەکۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا کاریگەرترینیانە».

کۆماری ئیسلامی هەمیشە بە قسە، تەڵاقی بە خەسار بۆ بنەماڵە و کۆمەڵگە زانیوە، بەڵام هیچ کات هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی وای بۆ قایمکردنی بناغەیەکی دروست و سالم بۆ ژیانی بنەماڵە نەخوڵقاندوە. کارکردن بۆ نەهێشتنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان پێویستیی بە دروسکردنی زەمینە و هەلومەرجی لەبار هەیە. سڕینەوەی هەژاری و بێکاری لەسیمای کۆمەڵگە و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سالم پێویستی بە دەسەڵاتداری دڵسۆز هەیە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە بەچاوی دوژمنایەتی لە خەڵکی ئێرانیان ڕوانیوە. هەر بۆیەشە بۆخۆیان زەمینەخۆشکەری زۆر کێشە و قەیران بوون بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە.

ئێستاش سەرەڕۆییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران و پابەند نەبوونیان بە پەسەندکراوە نێونەتەوەییەکان بە تایبەت هەوڵدانیان بۆ بەدەستهێنانی جەکی ئەتۆمی، بۆتە هۆی ئەوە ئێران لە زۆر بارەوە تەحریمی بخرێتەسەر، کە ئەو تەحریمانەش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی خەک داناوە و هێندەی دیکە لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردە و کێشە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە. دەکرێ بڵێین خەسارە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هەموو شتێک بە هۆی سیاسەت و قانوونەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوەیە کە لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران دا پەرەیان گرتوە.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەداخەوە خۆکوژی بە ڕادەیەکی زۆر پەرەی گرتوە، بەتایبەتی لە پارێزگەکانی ئیلام، کوردستان و ناوچە سنوورییەکان کە ساڵانێکی زۆر مەیدانی شەڕی ئێران و عێراق بوون، خۆسووتاندنی ژنان بەرادەیەکە کە بۆ سەر کۆمەڵگە و بەتایبەتی بۆ ئەم ناوچانە جێگای مەترسییە . ئاوڕ نەدانەوە لە کێشە و خواستەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەوندەی دیکە ژیانی لە خەڵک بەئازار کردوە و زۆر جار تاک بۆ ڕزگاربوون لە هەموو ئەو کێشەو قەیرانەی بۆی دروست دەبێ، خۆکوژی و خۆلەناوبردن بە ئاسانتر دەزانێ. بەتایبەتی کە ئەم ناوچانە لە باری کەلتوورییەوە داخراون و تاک، مەجالێک بۆ دەرباز بوون نابینێتەوە جگە لە خۆلەناوبردن. زۆر جار ئەو کەسانەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، خۆسووتاندن بۆ مردن هەڵدەبژێرن و وا هەیە کە نامرن، دوای ئەوە دەبێ بە کۆمەڵێک دەرد و ئازاری دیکەوە درێژە بە ژیان بدەن، بەڵام هیچ نیهاد و لایەنێکیش نیە چ لە باری ڕووحییەوە و چ لە باری جیسمییەوە پشتیوانی و یارمەتیی ئەو مرۆڤانە بکا. ئەوانە جگە لە خۆیان بەهۆی ئەو بارەی تێی کەوتوون، دەوروبەرەکانیشیان تووشی خراپی باری دەروونی دەکەن.

**کۆتایی**


بە سەرنجدان بە هەواڵ و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران لە بارەی دیاردە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لەم ساڵانەی دواییدا، دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی لە دوای کۆتایی شەڕی ٨ ساڵەوە نەک هەر هەنگاوێکی جیددیی بۆ دروستکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی سالم و بەدوور لە بەڵاو بەدبەختی، هەڵنەهێناوەتەوە، بەڵکوو هەلومەرجێکی پێک هێناوە کە ئەم نەخۆشییانە لە کۆمەڵگەدا پەرە بگرن و بە تایبەتی لاوان گرفتاری کێشەی جیددی ببن بۆ ئەوەی نەتوانن بیر لە سیاسەت و گۆڕینی سیستم بکەنەوە.

چارە چیە؟ئەگەر سیستم و دەسەڵات هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەر و سڕینەوەی دیاردە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان هەڵنەهێننەوە، دەبێ چی بکرێ؟

ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تایبەتی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و هەموو خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ کە لانیکەم خەڵک لەسەر ئەو مەسەلانەی زیانیان بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە وریا بکەنەوە و لەم پێناوەدا تێبکۆشن و خۆ ماندوو بکەن.



# کێشە هەنووکەییەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشنیازەکان



حەلیمە ڕەسووڵی

ماوەی چەندەها ساڵە کە باس لە کێشەکانی ژنان دەکرێ و لە لایەن شارەزایانی بواری ژنانەوە دەستنیشان دەکرێن و دیالۆگیان لە سەر دەکرێ . بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە کێشەکانی ژنان کێشەی سەرەکیی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و هەتا ئەو کێشانەش چارەسەر نەکرێن ناتوانین باس لە ئازادیی کۆمەڵگا بکەین ، جیا لە مانەش دەزانین کە زۆربەی هەرە زۆری نەهامەتییەکانی ئێمەی ژن هەر لە بناغەوە بە هۆی سیستمی زاڵی کۆمەڵگاوە واتە سیستمی پیاوسالارو سەرەڕۆوە خوڵقاون . ئەگەر سەیری ئێستا و ڕابردووی خۆمان بکەین دەبینین کە ڕێژەی تاوان، کوشتن، دەستدرێژی و توندوتیژی، خۆسوتاندن، لەشفرۆشی، خەتەنەکردن و ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان و بە دەیان خەساری دیکە بەردەوام ڕوولە زیاد بوون دایە و برینەکان نەک بە گوێرەی پێویست سارێژ نابنەوە بەڵکوو قووڵ و قووڵتر دەبنەوە . دەرەنجامەکان و ئەو باس و خواستانەی کە لە سەر دۆزی ژن دەکرێ کەم و زۆر سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و خاڵی سەرەکیی کێشەکان دۆزراوەتەوە. لێرەدا دەمەوێ باس لەو تەوەرە بکەم کە بۆ باش بوونی ئەم بارودۆخە و کردنەوەی گرێ کوێرەکان پێویستە چی بکرێ و ئەگەر پرسێک بە ناوی بزووتنەوەی ژنی کورد لە ئارا دایە چەندە خواست و چاوەڕوانیەکانی ژنانی بە ئەنجام گەیاندوە. بە هۆی خەفەقانی سیاسی و فەزای پۆلیسی لە کوردستان دا، دەور گێڕانی چالاکانی ژنان زۆر ئەستەمە. هەر بۆیە بە باوڕم میکانیزمی بەردەوامیو کۆڵنەدان پێویستە و کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی ژنان ئەگەر بێت و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا چالاکی بنوێنن دەرفەتی هەڵسووڕانیان باشتر بۆ دەڕەخسێ، هەڵبەت لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و بە ژنانی ڕیزەکانی ئەحزاب و بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکانیشەوە، بەواتایەکی ترئەگەر حیزبەکانی کوردستان نەیانتوانیوە لە دەوری ستراتیژیەکی هاوبەشی کوردستانی و لەژێر چەترێکی هاوپەیمانی دا کۆ ببنەوە ئەوە ژنی کوردە دەبێت پێشەنگ وهاندەر و ڕێگەخۆشکەری هاودەنگی بێت. . حاشا لەوە ناکری کەچالاکانی مەدەنی و کەسانی غەم خۆر و دڵسۆز چ بە تاک و چ بە کۆ هەن و کار دەکەن و تا ڕادەیەک داواکانیان بەرز دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەو ڕۆڵەی کەچالاکانی ژنان لە پاش ئەو تاوانە قێزەونەی کە بەسەر سوومەیە کچە خوێندکاری خەڵکی بۆکان ماوەیەک بەر لە ئێستاهات گێڕایان، هەنگاوێکی بوێرانە بوو . شیاوی باسە کە سومەیە ئەو کچە بوو کە ڕۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ١٢ی ئاوریلی ٢٠١٢ی زایینی بەرابەر بە ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی لە پارکی ساحلیی شاری بۆکان تەرمەکەی دۆزرایەوە. بەپێی هەواڵەکان ماوەی حەوتوویەک سومەیەی خوێندکاری تەمەن ١٨ ساڵان دیار نامێنێت و ناچێتەوە مالی خۆی تا سەرەنجام لە پارکی ساحلیی بۆکان تەرمەکەی دەبیندرێتەوە و ئاسەواری دەستدرێژی و پاشان خنکاندنی لە سەر دیار دەبێت. پاش ئەو ڕووداوە ڕەخنە و گازندەی چالاکانی ژن لە ئاست دەسەڵاتدا! بوو بە هۆی دەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە لە ئاستێکی بەربڵاوی میدیایی دا، بەڵام فشارو قورسایی نەبووە بۆ سەر دەسەڵات لە کوردستاندا . دڵنیام ئەگەر ئەوکارەی کە لە لایەن ژنانی چالاکی بۆکان کرا لە باقی شارەکانی دیکەی کوردستانیش لە لایەن ژنانەوە بە شێوەی ڕێپێوانێکی فراوان پشتیوانی لێکرابا زۆر دەسکەوتی باشتری بە دواوە دەبوو. هەڵسوراوانی ژن و بزووتنەوەی ژنان پێویستە نەریتی کاری هاوبەش و هاودەنگ بوونیان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان پتر لە ڕابردوو بێت و بە یەکڕیزی کەلێن و بۆشاییەکانی نێوان خۆیان پڕ بکەنەوەو ڕەوشێکی تازە بگرنەبەر . دیارە کە بۆ هەموو ئەمانەش هەر وەک ئاماژەم پێدا سەبر و بەردەوامی پیویستە بەو هۆیەکە لەو ڕێگایەدا هەر وەک تا ئێستاش دیتراوە چالاکانی ژن لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ سەرکوت و گوشارێکی زۆر بەرەوڕوو بوونەتەوە و زۆر جاران ڕاپێچی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی کراون. زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاریەوە تا ئێستاکە بەردەوامە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کۆماری ئیسلامی بڕوای بە یەکسانیی ژن وپیاو نییە و هەرگیز دانی بە مافەکانی ژن دا نەهێناوەوهەمووکات هەوڵی پەراوێز خستنی ژنانی داوەو وتا ئێستاش بڕیارەکانی کۆنوانسیۆنی جیهانی دژ بە چەوسانەوەی ژنانی ئیمزا نەکردوە . کەواتە لە وەها بارودۆخێکدا بوونی ژنانی ئازادیخواز و فیمینیست و بە ورە و یەکدەنگ و بە دوور لە پەرتەوازەیی لە بەرانبەر ئاستەنگەکاندا ئەمرێکی پێویستە. لە کۆتایی دا جەخت لە سەر ئەمە دەکەمەوەکە بە هاودەنگیەوە ژنان دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەرتریان هەبێت و بێ گومان ئەمەش لە بەرژەوەندی خەبات و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دایە .

# هاوبەندییەکی ئێرانی و هێندێک لە بابەتە پێوەندیدارەکان لە روانگەی کوردانەوە

## «یەکپارچەیی خاک، «تمرکز»ی سیاسی، زمانی فارسی و ئاڵای ئێران»

ناسر ئێرانپوور

بەشی سێهەم و کۆتایی

و: مەسعوود رەواندوست



٦ - - «تمرکززدایی» و فێدرالیزم و شیوەکانیشی لەم کۆبوونەوانەدا جێی مشتومڕ بووە. لە راستیدا بۆ من زۆر سەیرە کە ئێستاش کەسانێک هەبن کە لە بارەی پێویستیی «تمرکززدایی» بنەڕەتی لە ئێران‌دا گومانیان هەبێ. «تمرکز»ی نیزامی و ئەمنیەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری و ئیداری لە ئێران‌دا لە لایەک بەردەوام سەرچاوەی سەرەڕۆیی و لە لایەکی دیکەوە هۆکاری مافخوراویی زۆربەی نەتەوەکانی ئێران و سەرهەڵدانی بزووتنەوە رزگاریخوازانەکان بووە. بەهەرحاڵ ژمارەیەکی کەم لە پەراوێزدا بە هۆکاری ئایدۆلۆژی و بەڵگەهێنانەوەی ناڕاست و منداڵانە هەرجۆرە «تمرکززدایی»یەک و بە تایبەت جۆری فێدراتیڤ بە کاناڵێک بۆ دابەش کردنی خاکی ئێران دەزانن؛ دەیانەهەوێ بڵێن ئەگەرچی بۆ وێنە لە ئازەربایجان سەبارەت بە کاروباری ئازەربایجان بڕیار دەدرێ، بەڵام ئەوان (ئازەربایجانییەکان) دابەش دەبن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەوان (پان ئێرانیستەکان) بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دادەگرنەوە کە خەڵکی ئێران وا تێکەوە پێچراوو تێکەڵاون و سەدان و هەزاران ساڵە بەیەکەوە ژیاون و کێشەی قەومی‌یان نیە و هیچ هەڵاواردنێکیش لەگۆڕێ‌دا نەبووە و هتد... . مووددەعییە پان ئێرانیستەکان - بێ ئەوەی خۆیان بزانن - نا راستەوخۆ دەڵێن کە خەڵکی ئەم ناوچانە بە پێی حەز و ئیرادەی خۆیان لە چوارچێوەی ئێران‌دا نەماونەتەوە و ئەگەر ئازادیی بڕیاردانیان هەبێ، لە ئێران جیا دەبنەوە؛ کەوابێ دەبێ لە رێگەی «تمرکز» و زەوتکردنی ئازادییەکانیان رێگەی ئەم کارەیان پێ نەدرێ!!! بە شاهیدیی داتاکانی زانستە سیاسییەکان و مێژوو دەتوانین بڵێین کە فێدرالیزم هیچکات سەرچاوەی شەڕ و جیابوونەوە نەبووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە میکانیزمێک بووە بۆ خۆبواردن لە جیابوونەوە. فێدرالیزم هیچ واتایەکی نیە جگە لە «یەکیەتی». با باس لە چێکوسلاوایای پێشوو بکەین؛ دوو نەتەوە دەیان ساڵ پێکەوە لە سیستمێکی فێدراڵ‌دا ژیان و دواتر بەو ئاکامە گەیشتن کە پێکەوە ژیانیان لە چوارچێوەی وڵاتێک‌دا دروست نیە. هەر بۆیە لێک جیا بوونەوە، بێ ئەوەی دڵۆپێک خوێن برژێ. ئێستا بە پێی ئامارەکان زۆربەی ئەوانەی جیابوونەوە پەشیمانن و زۆربەی ئەو کەسانەش کە مانەوە خۆشحاڵن لەوەی ئەو خەڵکە لێیان جیابوونەوە. لە یوگسلاوی زۆر هۆکار هەبوون بۆ شەڕ کە تەنانەت یەکێکیشیان فێدرالیزم نەبوو، بەڵکوو نەهێشتنی پێکهاتەی فێدراتیو لە لایەن میلۆسۆڤیچ لە کۆسۆڤۆ هۆکاری شەڕ بوو. زۆرجار گوتوومە و دیسانیش دەیڵێمەوە کە ئەم وڵاتە کێشەی قەومیی نەبووە، بەڵکوو کێشەکەیان مەزهەبی و ئایینی بووە. سێرب و کرۆڤات و بۆسنی لە سێ قەومی جیاواز نین، تەنانەت زمانی هاوبەشیان هەیە، جیاوازیی ئەوان تەنیا لە مەزهەبە تێکدەرەکەیان‌دا بوود. (وەک ئەوە وایە کە ئەمڕۆ کێشەی عێراق بە کێشەی «قەومی» بزانین، ئەگەرچی ئەوانەی یەکتر دەکووژن هەموو عەرەبن. ئەوەی بۆتە هۆی شەڕ و دوژمنایەتییان، مەزهەبەکەیانە نەک قەومییەت.) دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە، لە یوگسلاوی بە گیانی ناخێریەوە حیزبی سۆسیالیست دەسەڵاتی بەدەست بووە. ئەوەکە هۆکاری شەڕ بخەنە پاڵ فێدرالیزمەوە هیچ مانایەکی نیە جگە لە ساختەکردنی مێژوو یان بێ ئاگایی. هەر بەو راژەیەش دەکرێ سۆسیالیزم بە هۆکاری شەڕ لەم وڵاتەدا بزانین. بەهەرحاڵ لەم بارەدا دەبێ کاری فکری و روونکردنەوەی زیاتر بکرێ. دەبێ باش بزانین، ئەگەر نەتەوەیەک بیهەوێ جیابێتەوە، «تمرکز» نەک ناتوانێ ببێتە بەربەستێک بۆ ئەم کارە بەڵکوو ئەم جیابوونەوەیە خێراتر دەکا. تەنیا فێدرالیزم دەتوانێ بەربەستێکی دێموکراتیک و ئەخلاقی لە بەرامبەرێ‌دا پێک بێنێ. دژبەرانی فێدرالیزم هێشتا نەیانتوانیوە لەم لۆژیکە بگەن. دیارە هێندێک کەس «تمرکززدایی»یان قەبووڵە، بەڵام سیستمی فێدراڵیان ناوێ. هێندێک کەسیش سیستمی فێدراڵیان دەوێ بەڵام فێدرالیزمی قەومی‌یان ناوێ. دیارە ئەوەش هەر باشە کە فێدرالیزمیان قەبووڵە. دەکرێ لەگەڵ ئەم دەستەیە وتووێژی بەڵگەمەند بکرێ. دەبێ بزانین مەبەستیان لە «تمرکززدایی» و سیستمی فێدرالی ئوستانی چیە؟ ئەگەر مەبەستی ئەم دووانە ئەوەیە کە هەر ئوستانێک دەزگای حکوومەتیی خۆی هەبێ بە دەسەڵاتی سیاسی، دادوەری، ئەمنیەتی، فەرهەنگی و ... هوە (وەک کانادا)، ئەوە بنەمایەکی باشە بۆ لێک تێگەیشتن و رێککەوتن. ئەگەریش مەبەست ئەوەیە کە «تمرکز»ی سیاسی و ناوەندی بڕیاردانی یاسایی لە ناوەند دەمێنێتەوە و بۆ وێنە تەنیا فەرماندار و ئوستاندار لە لایەن خەڵکی ئەم ئوستان و شارانەوە دیاری دەکرێن، سروشتییە کە ئەمە کێشەکە چارەسەر ناکا و مەبەستی دڵخوازی حیزبە ناوچەییەکانیش ناهێنێتەدی. هێندێک لە هاووڵاتییانی رەخنەگر لەگەڵ فێدرالیزمی بە وتەی خۆیان «قەومی» کێشەیان هەیە. لە راستیدا منیش لەگەڵ ئەم دەستەواژەیە کێشەم هەیە، چونکە دەزانم شتێکی وا لە تەواوی ئێران‌دا، لانیکەم لە کورتخایەن‌دا مومکین نیە. مەسەلەکە تەنیا لە کوردستان‌دا کەمێک جیاوازە. پێشنیارێک بۆ رێککەوتن دەتوانێ بریتی بێ لە پێکهاتن و رێککەوتن لەسەر «فێدرالیزمی ئوستانی» (لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت، بۆ وێنە تا ئەوکاتەی دێموکراسی لە وڵاتەکەمان‌دا سەقامگیر دەبێ)، بە مەرجێک کە ئەم ئوستانانە بە راستی بە شێوەیەکی دێموکراتیک و فێدراڵ رێکخرابن. بەڵام دەبێ ئیمکانی تێکەڵ بوون یان جیابوونەوەیان بە پێی دەنگی خەڵکی ئەم ناوچانە هەبێ (شار بە شار، دێ بە دێ). دیارە دەکرێ ئەوە بە فێدرالیزمی ناوچەیی ناوبنرێ. لە چوارچێوەی هەرکام لەم ناوچانەدا پێکهاتە ئوستانییەکان لەباری ئیدارییەوە تاڕادەیەکی زۆر دەمێننەوە. بۆ وێنە ناوچەی کوردستانی ئێران (یان ئەمجۆرەی کوردەکانی عێراق دەڵێن «هەرێمی کوردستان»)لە چوار ئوستانی موکریان (ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێستا)، کوردستان (ئەردەلان)، کرماشان و ئیلام پێک دێ، دیارە بێ ئەوەی پێکهاتەی ئوستانییان تێک بچێ. بەو مانایە کە لەم ناوچەیەدا ئوستانی ئیلام هەر ئوستانی ئیلام دەمێنێتەوە و ئوستانی کرماشانیش هەر ئوستانی کرماشان و ئوستانی کوردستانیش هەر ئوستانی کوردستان. تەنیا ئوستانێک زیاد دەبێ ئەویش ئوستانی موکریانە. لە پێوەندی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش دەکرێ بەم شێوەیە بێ. ئوستانی تارانیش وەک ئوستان و ئەیالەتی تاران دەمێنێتەوە. ئازەربایجانیش دەتوانێ لە چەند ئەیالەت و ئوستانی نێوخۆیی پێک بێ. بەڵێ، لەم بارەدا دەکرێ وتووێژ بکرێ و بیروڕای خاوەنڕایانیش وەربگیرێ. تەنیا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێ کە دەستەواژەی «تمرکززدایی» خۆی لەخۆی‌دا زۆر روون نیە. چەند ساڵ لەمەوبەر لە حکوومەتی فەرانسەشدا کە هەمیشە لەباری سیستمی سیاسی، دادوەری و پەروەردەوە سەرچەشن و ئۆلگوی ئێران بووە «تمرکززدایی» کرا، بەڵام هێستاش لە حکوومەتێکی بەڕاستی «نامتمرکز» زۆر دوورە. سیستمێکی لەم چەشنە ئەگەرچی لە وڵاتێکی یەکدەست لەباری ئێتنیکییەوە مەیسەر بێ، بەڵام لە وڵاتێکی فرەچەشن لەباری ئێتنیکییەوە کێشەخوڵقێنە. دەوڵەتی بریتانیاش «نامتمرکز»ە. ئۆتریشیش «نامتمرکز»ە و فێدرالیشە. بەڵام سیستمێکی فێدراڵی کە «تمرکز» تێدا خەست و بەرچاوە. لەم باسانەدا لەوانەیە باش بێ وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: کام سیستمی فێدراڵمان دەوێ؟ ئایا رادەی بەشداریی هەرکام لەم ناوچانە لە ناوەندا زۆر بێ و هەر بەم پێیەش رادەی دەسەڵاتی ناوەند لە ناوچە فێدراڵەکانی سەرەوەدا (فێدرالیزمی کیئۆپراتیڤ) یا رادەی دەسەڵاتی ئەیالەتەکان لە ناو ئەیالەتەکان‌دا زۆر بێ و لە بەرامبەردا دەسەڵاتیان لە ناوەندا کەمتر بێ (فێدرالیزمی دوئال)؟ ئەو کەسانەی بێ ئاگاداری لە جۆرەکانی سیستمی فێدراڵ خێرا بە «جیاییخوازی» ناویدەبەن، دەتوانن جۆرێک لە فێدرالیزم هەڵبژێرن کە هاوکات لەگەڵ بەشداریی ناوچەکان لە حکوومەتی فێدراڵ (ناوەندی) دا دەسەڵاتێکی زۆر لە ئەیالەتەکان یان ئوستانەکاندا بدا بە ناوەند. لەم سیستمانەدا تەنیا کاروباری کولتووری و ئەمنییەتی و بەشێک لە کاروباری ئابووری لە دەسەڵاتی ئەیالەتەکان‌دا دەمێنێتەوە. ئەمە دەتوانێ بۆ وێنە جۆرێک سازان بێ لەسەر مەسەلەی فێدرالیزم و «تمرکززدایی». لە ئاکامدا ئەم پێشنیارە پێکهێنەرانەی خوارەوە دەخرێنەڕوو:

- فێدرالیزمی ناوچەیی (کۆی چەند ئوستان) بەمجۆرەی باس کرا یا
- فێدرالیزمی کیئۆپراتیڤ (تێکەڵکردنی نوێنەرانی سیاسیی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات لە حکوومەتی ناوەندی‌دا وێڕای دانی دەسەڵاتی زۆر بە ناوەند لە ناوچەکاندا).
- هەروەها بۆ روونکردنەوە و بە قەناعەت گەیاندن دەبێ پێ‌دابگیرێتەوە لەسەر گرینگیی «تمرکززدایی» و بە تایبەت فێدرالیزم لە سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران‌دا و هەروەها دەوری «تمرکز» لە جێگیرکردنی سەرەڕۆیی‌دا و دەوری فێدرالیزم لە گرێدانی راستەقینەی ناوچە جۆراوجۆرەکان بە یەکتر و بە ناوەندەوە (بە شێوەی مەجلیسی سەنا، بەشداربوونی ئەم ناوچانە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری، ...)و بەمجۆرە پێ لەسەر دەوری فێدرالیزم لە پتەوترکردنی یەکیەتیی ئێران دابگیرێتەوە.
- لەوانەیە واباشتر بێ کە بە مەبەستی بە جەماوەریتر کردن و ناساندنی ئەم چەمکە لە واتا و نێوەرۆکی راستەقینە و ئەرکی سیستمی فێدراڵەوە دەست پێ بکرێ نەک پێ داگرتن لەسەر دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی «فێدرالرالیزم». پرسیاری وەک: ئایا رازین هەر شار و ئوستانێک ئۆرگانە هەڵبژێراوەکانی خۆی (وەک شووڕا و پارلمان) هەبێ و هەروەها دەزگای دادوەری و ئیداری و بەڕێوەبەریی خۆی هەبێ؟ ئایا هیچ دژایەتییەکت لەگەڵ ئەوە هەیە کە زمانی دانیشتوانی هەر ئوستانێک ببێ بە زمانی رەسمیی ئەم ئوستانە، هەر ئەوجۆرە ئێستا بە کردوە (نەک بە رەسمی) وایە؟ ئایا دژایەتیت لەگەڵ ئەوە هەیە کە ئەگەر خەڵکی چەند شار یان ئوستان ویستیان پێکەوە تێکەڵ ببنەوە، ئەم کارە بکرێ و ٣٠ ئوستانی ئێستا بۆ وێنە ببێتە ١٠ ئوستان؟ ئایا پێتخۆشە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەمان هەم بە تاک و هەم بە کۆمەڵ لە دارشتنی سیاسەتی گشتیی وڵاتەکەمان‌دا لەگەڵ ئۆرگانە هەڵبژێراوەکان لە ئاستی ناوەندا بەشداری بکەن؟ ئایا رازیی ئەو ئۆرگانانەی هی هەموو خەڵکی ئێرانن بەسەر ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا دابەش بکرێن؟ ئایا رازیی خەرجکردنی ئەو بودجەیەی هی هەموو خەڵکی ئێرانە بە نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی خەڵکی هەرکام لە ناوچەکان بسپێردرێ؟ ئایا رازیی خەڵکی کوردستان، ئازەربایجان، خوزستان، بەلوچستان و تورکەمەن سەحرا لە قوتابخانە و زانستگادا بە زمانی خۆیان بخوێنن؟ ئایا دەزانن وڵاتانی وەک ئامریکا، کانادا، ئوستراليا، ئاڵمان، ئۆتریش، بێلژیک، سویس، ئیسپانیا ... چ سیستمێکی سیاسییان هەیە؟ دڵنیا بن پرسیاری سادەی لەم چەشنە دەتوانن دژبەرێکی فێدرالیزم بکەن بە لایەنگری فێدرالیزم، چونکە هیچ مرۆڤێکی تێگەیشتوو ناتوانێ دژایەتیی لەگەڵ بکا. کاری بەڵگەمەند بە تایبەت لە وڵاتانی فێدراڵ و ناکۆجێ (غیر متمرکز) کە ژمارەیەکی زۆری ئێرانییان تێدا دەژی زۆر ئاسانترە. ئەوە بەسە کە ئاماژە بە دابەشکردنی جوغرافیایی ستوونی و ئاسۆیی ناوەندەکانی بڕیاڕی سیاسی، دادوەری و راگەیەنەکان لەم وڵاتانەدا بکرێ. ئایا کەس دەزانێ ناوەندی سیاسی، راگەیاندن، ئابووری و کولتووریی ئاڵمان کوێیە؟ کەس ناتوانێ وڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، چونکە ناوەندێکی تاک و دیاریکراو نیە. دەزانین کە هەموو ئیمکاناتەکان لە شارەکان و ئەیالەتەکانی ئاڵمان‌دا دابەش بوونە. دەزانی ئەم تێچووەی دەوڵەتی ئاڵمان لە بەشی رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتەدا خەرجی دەکا زۆر زیاترە لەم تێچووەی لە رۆژئاوای وڵاتدا خەرجی دەکا (بەهۆی مالیات بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی ئاڵمان کە هەموو هاووڵاتییانی ئاڵمانی دەبێ بیدەن، وەک ئەوە کە بۆ وێنە دواڕۆژ لە سیستمێکی فێدراڵ‌دا هەموو هاووڵاتییانی ئێرانی «مالیاتی هاوپێوەندی لەگەڵ ناوچە هەژارەکانی ئێران» وەک بەلووچستان بدەن و ئەم داهاتە بدرێ بە نوێنەرانی ئەم ناوچانە). دەزانین کە بێرلین پێتەختی ئەم وڵاتەیە، یەکێک لە قەرزدارترین ئەیالەتەکانی ئاڵمانە و بێ یارمەتیی ئەیالەتەکانی باشوور و ناوەندی ئاڵمان ناتوانێ بۆ ماوەی زۆر بەردەوام بێ. ئەمە فێدرالیزمە. ئەم بەڵگەهێنانەوە عەینی و هەست پێکراوانە یارمەتییەکی باش دەکەن بە تێگەیاندن و گشتگیرکردنی فێدرالیزم و لە باسە تێئۆریک و دەرهەستەکان کاریگەرترن.

٧) زمانی فارسی چی بەسەر دێ؟ چەند رۆژ بەر لە دانیشتنەکانی کۆڵن پیاوێک کە خۆی سەر بە رێکخراوی «راستەقینەی» «هاوپێوەندی بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ» دەناساند، لە وتووێژێکدا لەگەڵ یەکێک لە تەلەڤیزیۆنە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات، بڵاوکراوەی ١٢ ماددەیی پەسندکراوی رێکخراوەکەی خۆی خوێندەوە کە بە «پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکی ئێران» دەستی پێ‌دەکرد و بە «پاراستنی زمانی پارسی» کۆتایی پێ دەهات! ئەمجۆرە بەرگریکردنە لە زمانی فارسی بە «دفاع خاله خرسه« دەزانم. یەکەم ئەوەکە زمانی فارسی هیچکات هەڕەشەی لێ نەکراوە کە منی ئۆپۆزیسیۆن هاوکات لەگەڵ بەرگری لە دێموکراسی پاراستنی ئەویش بە ئەرکی خۆم بزانم. ئەوەی لە ئێراندا تووشی هەڕەشە و هەڵاواردن هاتوە زمانی غەیرە فارسەکانی وڵاتەکەمانە کە مافی سەرەتایی خوێندن بەم زمانانە لە ئاخێوەرانی زەوت کراوە. دووەم ئەوەکە زمانی فارسی پێویستیی بە بەرگری کردنی من نیە. بە سەدان ساڵ ئەم زمانە زمانی قسەکردنی بیرمەندان و زانایانی ناوصەی ئێمە (جیا لە سنوورە سیاسی - جوغرافییەکان) بووە، ئەویش بەر لەوەی پێگەی ئەم زمانە بۆ «زمانی رەسمی» نزم بکرێتەوە. سێیەم ئەوەکە بە پێی هیچ پێوەرێکی دێموکراتیک ناتوانێ بە یاسا و حوکمی ئیداری و سیاسی کەسێکی غەیرە فارس ناچار بە پارێزگاری لە زمانی فارسی بکا، ئەویش لە وڵاتێک کە زمانی نووسینی هەموو ئەو کەسانەی بە زمانی جگە لە فارسی قسەدەکەن قەدەغە بووە. من وەک کوردێک زۆر جار ئۆگریی زۆر و سادقانەی خۆم بە زمانی فارسی نیشان داوە، بەڵام رێگە نادەم حوکمم پێ بکەن کە ئەرکی من پارێزگاری کردن لە زمانی فارسییە، لە حاڵێکدا کە هێشتا ئێزنی خوێندن و نووسین بە زمانی خۆم پێ نەدراوە. لە ئێرانی داهاتووش‌دا ئەرکی حکوومەتی هاوبەش و فێدراڵ پارێزگاری لە هەموو زمانەکانی ئێران و ناساندنیان وەک «زمانی میللی و رەسمی» لە یاسای بنەڕەتیی فێدراڵدایە. هەرکام لە حکوومەتە ئوستانی یان ئەیالەتییەکانیش هەم زمان یان زمانە سەرەکییەکانی ئەم ئەیالەت یا ئوستانە بە پێی پێکهاتەی زمانیی خۆیان دیاری دەکەن. بە باوەڕی من ئەوەی چەندین دەیەیە لە سویس وەک شتێکی ئاساییە دەبێ لە ئێرانی داهاتووشدا بەڕێوەبچێ: هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی ناچارە جگە لە زمانی ئەو ئەیالەت یان ئوستانەی تێیدا دەژێ، یەکێک لە زمانەکانی ئێرانیش فێربێ. منی کورد کە لە تاران دەژیم، سروشتییە وێڕای زمانی فارسی (وەک زمانی فێربوون و ئیداریی ئەم ئەیالەتە) دەرسێکیش دەخوێنم لەژێر ناوی زمانی کوردی. بە باوەڕی من ئەوە گرینگە کە هیچ زمان و کولتوور و ئەدەبیاتێک نە هیچ پاساوو بیانوویەک ئیمتیازێکی تایبەتی پێ نەدرێ. زمانی پلە یەک و پلە دوو هیچ مانایەکی نیە جگە لە هاووڵاتییانی پلە یەک و پلە دوو. زمان لە لایەک کاناڵ و ئامرازێک بووە بۆ پێشکەوتن و لە لایەکی ترەوە بۆ هەڵاواردن و سووکایەتی کردن. لە ئێرانیش تا ئێستا هەر وا بووە. کەوابێ یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەتی دێموکراتیکی داهاتوو دەبێ نەهێشتنی ئەم هەڵاواردن و نایەکسانییە بێ. دڵنیام کە تەنیا لەم حاڵەتەدا زمانی فارسی پێگەی راستەقینەی خۆی وەدەست دێنێ. بۆ فێربوونی زمانی فێردۆسی و سەعدی و حافز و مەولەوی پێویستیمان بە دیاریکردنی ئەرکی دەوڵەتی نیە. ئەگەر فێری نەبم خۆم لەم خەزێنە دەوڵەمەندە ئەدەبی - فەرهەنگی - فەلسەفی و ئەخلاقییە بێ بەش کردوە. (من هەر لەم ئوروووپایە بێ ئەوەی هیچ پێویستییەک بەم کارە هەبێ یان کەسێک ئەمری پێ کردبم، منداڵەکانم ناردۆتە کلاسی زمانی فارسی، لە حاڵێکدا کە چەند دۆستی فارس زمانم هەیە ئەو کارەیان نەکردوە.) هەتا چەند دەیە لەوەپێش لە کوردستانی عێراق بەرهەمەکانی ئەم شاعیرانەی لەسەرەوە ناوم هێنان، بەشێک لە دەرسە سەرەکییەکان بوون، بێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێک ئەمری پێ کردبن. کەوابێ من وێڕای هەموو ئۆگرییەکەم بە زمانی فارسی، واتە نزیکترین زمان لە زمانی زگماکیم، لەگەڵ ئەم مەسەلەیە کێشەم هەیە کە بگوترێ « فێربوونی زمانی زگماکی لە تەنیشت زمانی فارسی وەک زمانی هاوبەش». لەم وتەیەدا هەڵاواردنێک بەرچاو دەکەوێ. زمانی فارسی بە بنەما دانراوە. هەروەها بە پێی ئەم قسەیە من دەبێ زمانی فارسی فێربم، بەڵام هاووڵاتییە فارس زمانەکەم پێویست نیە زمانی من فێربێ. دەبێ روون بێ کوردستان، ئازەربایجان، بەلوچستان و ... یان هی ئەم هاووڵاتییەشم هەن یان نین. ئەگەر هەن، ئەگەر ئەو ئەرکە بۆ ئەو دانانرێ کە بە دڵخوازی خۆی یەکێک لە زمانەکانی دیکەی ئێران فێربێ و، ئەگەریش نیە، بۆچی دەبێ لەسەر من بێ بە ئەرک کە زمانی ئەو فێربم؟! بۆ نەهێشتنی ئەم هەڵاواردنە دەبێ:

- هەموو زمانەکانی ئێران میللی و رەسمی بن. هەر هاووڵاتییەک دەبێ بتوانێ بەو زمانەی لێی شارەزایە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دانوسان بکا و هاوکات
- هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی هەر زمانێکی هەبێ دەبێ دوو زمانی ئێرانی فێربێ. تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە هاوپێوەندیی راستەقینە مسۆگەر دەبێ و سووکایەتی و هەڵاواردن لە رێگەی زمانەوە نامێنێ. هەروەها داخوا هاووڵاتییە فارس زمانەکانم ئامادەن لە ناوچەکانی وەک کوردستان و ئازەربایجان و بەلوچستان و خوزستان و تورکەمەن سەحرا بژین و کار بکەن یان نا؟ داخوا ئەم ناوچانە بە بەشێک لە نیشتمانەکەیان دەزانن یان نا؟ ئەگەر وڵامەکەیان بەڵێیە ئەوە فێرکردن بە زمانە غەیرە فارسەکانی ئەم ناوچانەش لەم رووەوە پێویستە. من دڵنیام کە زۆربەی خەڵکە غەیرە فارسەکەی وڵاتەکەمان بە دڵخوازی خۆیان زمانی فارسی هەڵدەبژێرن. تەنیا دەمهەوێ کە هاووڵاتە فارس زمانەکانیشم هاوپێوەندی و سۆزی خۆیان بۆ زمانەکانی دیکەی ئێران نیشان بدەن.
- ئەگەریش ئیجبارێکیش لە پێوەندی لەگەڵ فێربوونی زمانی فارسی بۆ خەڵکی غەیرە فارسی وڵاتەکەمان هەبێ، دەبێ لانیکەم ئیجبار بۆ هەڵبژاردنی زمانێک لە زمانە ئێرانییەکان بۆ هاووڵاتییانی فارس زمان هەبێ.

٨) چەمکەکانی «قەوم» و «میللەت» و «میللییەت»یش لەو مەسەلە کێشەخوڵقێنانە بوونە. بە باوەڕی من لەسەر بنەمای ئەم لێکۆڵینەوانەی کردوومن، هەرکام لە کۆمەڵە کولتووری - زمانییەکانی بەلوچ، فارس، تورکەمەن، عەرەب و کورد و ئازەری(تورک) ئێتنیکن (کە بە رای من لە ئێران‌دا بە هەڵە کراوە بە «قەوم»)، لە هەمان کات‌دا هێندێکیان لە رەوتی پرۆسەیەکدا بەرەو میللەتی سیاسی (کۆمەڵی مرۆڤی بە ئیرادەیەکی سیاسی) رۆیشتوون. تەنانەت ئەگەر پێوەری «میللەت» بوون بە هەبوونی دەوڵەت بزانین، دەبینین کە بەشەکانی دیکەی هەرکام لەوانە لە دەرەوەی ئێران (چەندین دەوڵەتی عەرەبی، دەوڵەتی ئازەربایجان، دەوڵەتی هەرێمی کوردستان، کۆماری تورکەمەنستان، بەلوچستانی پاکستان) بەجۆرێک دەوڵەتی سەربەخۆ و یەکەی سیاسی - حکوومەتیی خۆیان هەیە، کەوابێ دەکرێ ئەوانیش لە ئێران‌دا بە «میللییەت» ناوببرێن. جگە لەوەش بۆ ئەوەی ئێران بە «میللەت» بزانن (لە باری سیاسی و ئێتنیکییەوە) هیچ پێناسەیەکی بە کردەوە و حقووویی شیاوی پەسندکردن لە ئارادا نیە؛ ئێران نە کۆمەڵێکە کە خاوەن یەک زمان و فەرهەنگی تاک بن کە وەک خەڵکی ئاڵمان بە «میللەت»ی بزانین و نە میللەت بە واتا سیاسییەکەیەتی، چونکە هاووڵاتییانی ئێران مافی یەکسانییان (تەنانەی لە سەرکوتدا) نیە و دەوڵەت و قانوونی حاکم جێگەی پەسندی هاووڵاتییان نیە، لە بناخەڕا هاووڵاتی بە واتای راستەقینەی وشە لە ئێران‌دا بوونی نیە. بەڵام ئێران «نەتەوەیەکی باستانی - مێژوویی»یە (وەک میسر و چین و یوونان) و هەموو نەتەوەکانی ئێران ئەندامەکانی ئەم جەستەیەن. ئەوەکە لە داهاتوودا بە سیستمێکی سیاسی و هاووڵاتی بوونی مودێرن، نەتەوە لە باری سیاسییەوە دروست دەکەین ئەوە شتێکە کە پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە. باسەکەی من لە پێوەندی لەگەڵ نەبوونی دیاردەیەک بە ناوی میللەتی سیاسیی ئێران لە ئێستادایە. بەهەرحاڵ بە باوەڕی من ئەم دانیشتنانە شوێنی ئەم باسە تیۆریک و دەرهەستانە نین، بە تایبەت کە لە خودی زانستە سیاسییەکانیش‌دا پێناسەیەکی تاک و جێی پەسندی هەموو لایەک بۆ ئەم دەستەواژانە نیە، هەروەها بەریان و ئینتمای سیاسیمان بەربەستە لە بەردەم واقیع بینی و بێ لایەنیمان و جگە لەوەش زۆربەی ئەم چەمکانە لە زمانی فارسی‌دا وەرگێردراوی سەقەتی دەستەواژە غەیرە فارسییەکان و بە تایبەت عەرەبییەکانن. لە کوردستانی عێراقدا - بۆ وێنە - ئەم کێشەیە نیە، ئەوان قەوم و نەتەوە وەک هاوتەریب و هاومانای یەکتر بەکار دێنن و تەنانەت دیتوومە زیاتر «قەوم» بەکار دەبەن. لەم وڵاتەدا «میللی» هاومانای «لۆکاڵ/خۆجێیی»یە. هەربۆیە لەم پێوەندییەدا پێشنیار دەکەم:

- یا (هەر ئەوجۆرەی لەسەرەوە باسکرا) لە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی «میللەت» و «قەوم» بە تەواوی خۆببوێرن، جا چ بۆ ئێران و چ بۆ هەرکام لە ئێتنیکە ناوبراوەکان و لە جیاتی ئەو «خەڵک» بەکاربێنن کە بۆ هیچ لایەک هەستیار و کێشەخوڵقێن نیە و
- یا هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی دەستەواژەی «میللەتی ئێران» دەستەواژەکانی وەک میللییەت یان «میللەتی (فەرهەنگیی) کورد»، «میللەتی (فەرهەنگیی) تورک» و هتد بەکار بهێندرێ،
- یان هەموو کۆمەڵە زمانی - فەرهەنگییەکانی ئێران (بە خەڵکی فارسیشەوە) بە قەوم (واتە وەرگێڕاوی ناتەواوی «ئێتنیک») بزانرێ (وەلانانی هاووڵاتییانی فارس زمان لە ریزی «قەومەکان»ی ئێران تەنیا نیشانەی بە سووک زانینی دەستەواژەی «قەوم»ە کە دەیخەنە پاڵ میللییەتەکانی ئێران و ئەوە لە هیچ کەس قەبووڵ ناکرێ)،
- یا لە پێوەندی لەگەڵ ئێتنیکەکانی ئێران‌دا لە جیاتی دەستەواژەکانی «میللەت»، «قەوم» و «خەڵک» لە «خلق» کەڵک وەرگرن.

٩) هاوپێوەندی لەگەڵ چەپی لیبراڵ، رێککەوتن لەگەڵ راستی دێموکراتیش پێویستە. لە هەرحاڵ‌دا دروست نیە بانگهێشتی هێزەکان و بە تایبەت کەسایەتییە نێوەڕاستی، لیبراڵ و تا رادەیەک راستە دێموکرات و ناشوێنیستییەکان کە خوازیای هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانن بێ وڵام بمێننە. دەبێ وایدانێین کە ئەوانیش لە بانگهێشتنەکەیان‌دا نیازپاکن و کێشەی لانیکەم بەشێک لەم هێزانە لێک تێگەیشتنە نەک سیاسی؛ بەو مانایە کە هەرکات تێبگەن کە نێوەرۆکی ئەو شتەی کورد زیاتر لە شەش دەیەیە بۆ دامەزراندنی خەبات دەکا، لەگەڵ بیرو بۆچوون و ئاواتەکانی ئەوان دژایەتیی نیە و بە تایبەت ئەگەر دڵنیابن کە ئەوە حکوومەتە زاڵ و دەسەڵاتدارەکانی ئێرانن کە فاکتەری مەترسیدارن بۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران نەک کوردستان، و حیزبە کوردستانییەکان هیچکات یەکپارچەیی خاکی ئێرانیان نەبردۆتە ژێر پرسیار، ئەوکات ئەگەر

# لە نێوان خەونەکانی یەکگرتنەوەو راستییەکانی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان



ئەیوب شەهابی راد

ئەگەرچی بزووتنەوەی کورد لە قۆناغی ئێستادا بە هۆی تێگەیشتنی خۆی لە هەلومەرجی سەردەم و هەروەها بە هۆی دینامیزمە تێکنۆلۆژی و زانیارییەکان و گوشاری ئیرادەو خواستی روو لە گەشەی کۆمەڵگا، تا رادەیەک رایەڵکەیەکی پچڕ پچڕی پێوەندی لەنێو خۆیدا دروست کردوە، بەڵام بە هۆی هەمان ئەو فاکتانەی ئاماژەمان پێ دا، بزووتنەوەی کورد لەهیچ سەردەمێکی خۆیدا بەو رادەیەی ئێستا پەرتەوازەیی و لێکترازانی بە خۆیەوە نەبینیوە.

چەمکی حیزبایەتی و فرەچەشنی یەکێک لە بەرهەمەکانی دنیای مۆدێرنن کە وەک دینامیزمێکی مەعریفی و رێخکراو، توانایی ئەوەیان هەیە هەم کۆمەڵگا رێک بخەن و هەم دەوروی کاریگەرییان لە جێگیرکردنی بەها دێموکراتیکەکان و بنیاتنانی بناغەکانی کۆمەڵگەیەکی شارستانیی دا هەبێ. ئەگەرچی تا ئێستا لەپێوەندی لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردەی حیزب لە کوردستان دا زۆر باس و بابەتی جۆراوجۆر هاتوونەتە گۆڕێ بەڵام هیچکام لەمانە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی خەسارناسییەکی ورد و زانستییانەی چەمکی حیزب و دەور و کاریگەرییەکانی لە کوردستاندا. بێگومان باسکردن لە مانا و چەمکی حیزب و نەخش و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا هەم بابەتێکی جیایە و هەم باسێکی زۆر هەڵدەگرێ. بۆیە دەمەوێ بابەتەکە زیاتر لە دەوروبەری تەوەری ئاوڕدانەوەیەک لە هەلومەرجی بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات، هۆکارەکانی دوورکەتنەوەو لێکترازانی حیزبە کوردییەکان و کاریگەریەکانی ئەم لایەنە لەسەر رەوتی خەبات، راستییەکانی ئێستامان و هەوڵەکانی لێک نزیکبوونەوە یان یەکگرتنەوە، لە چواچێوەی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا چڕ بکەمەوە.

ئەگەر بەرژەوەندخوازی وای لە ئۆپۆزیسۆنی رۆژهەڵات کردوە کە لە رەوتی مێژووی خەباتی خۆی دا پێوەندییەکانیان بەردەوام تووشی داتەپین بێ، ئەم بەرژەوەندییانە چین و کامانەن؟

ئۆپۆزیسیۆنی رۆژهەڵات کە زیاتر لە نیوسەدەیە لە شکڵ و مێتۆدێکی سەردەمیانەدا خەبات دەکەن و هەر هەموویان هەڵگری چەمک و بەهای ئینسانی و دێموکراتیکن، ئایا تا چەند توانیویانە لانیکەم لە نێوخۆیاندا و بە لایەنی کردەکی کەلتوورێکی دێموکراتیک جێگیر بکەن؟

لە دنیای کاروباری سیاسی و دەسەڵاتدارێتیدا، هەست و سۆز هیچ جێگایەکیان نیە. چونکە ئەمە پلان و بەرنامەی ورد و زانستین کە پێوانەی رادەی سەرکەوتن یان شکستی حیزب یان لایەنێک لە کاروباری ئیداری و بەڕیوەبردنی وڵاتدا دیاری دەکەن. لە سەردەمی باوبوونی ئایدۆلۆژییەکان و دوو جەمسەری بوونی جیهان، روانگەی جۆراجۆری تیۆرییەکان بوو کە بە پەنگ خواردنەوەیان لە نێو بازنەی بەرژەوەندییەکانیاندا هەموو سنووره فکری و جوغرافیەکانیان شەق کردبوو. شکڵ گرتنی بەشێکی زۆر لە حیزبە کوردییەکان لە فۆرمێکی نوێ دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەم. بێگومان حیزبی کوردیش لە ژێر کاریگەری ئەم فاکتانە و بە پێرەوی کردن لە کەشوهەوای زاڵ بەسەر جیهان و بەتایبەت ناوچەکەدا، هەم خۆی پێناسە کردو هەم دەستی کرد بە دیاری کردنی سنوورە فکری و ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی لەگەڵ هێزەکانی تری نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی کورد. ئەگەرچی جیاوازی بیر و ئایدیا لە تایبەتمەندییە مۆدێرنەکانی هەر حیزبو رێکخراوێکی شۆرشگێرن، بەڵام کاتێک کە حیزب یان لایەنێک چواچێوەی فکرو تیۆرییەکانی خۆی بە هێلکاری سوور دابخاو خۆی بە هێزی سەرەکی رزگاریدەر بزانێ، لەو کاتەدایە کە دەرفەتی خۆ گونجاندنی خۆی و بەرنامەوپێرەوەکەی لەگەڵ قەیران و خواستەکانی کۆمەڵگا لە دەست دەدات و هەموو دەرگاکانی بوونی هاوکاری و لێک تێگەیشتن لە بەستێنی دیالۆگ و گوتاری نیشتمانی دا دادەخا.

لووتکەی چالاکی و مەیدانی بوونی بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ دا بوو کە بە دوو کاناڵی: خەباتێکی چەکداری چڕ و هەروەها هەلومەرجی ئاخێنراو بە ئایدیۆلۆژی چەپ تێپەڕ بوو. هەرچەند لەم شوێنکاتەشدا شەڕی نێوخۆیی، لێکدابڕان و دەیان کێشەی تر رووی دا، بەڵام لانیکەم هۆکاری بەشێکی زۆر لە کێشەکان (ملموس) و جێی تێرامان بوون و لەسەر زەوی واقع دا و لە چواچێوەی لێکدانەوە زەینییەکادا بوونیان هەبوو.

بزووتنەوەی رۆژهەڵات، لە ناکاو و بێ ئەوەی خۆی بیهەوێ، هەم بەرەورووی کۆتایی دەورانی ئایدیۆلۆژیی چەپی (موجود) بوویەوە و هەم لە شاخ هێنرایە خوار و لە چەک و چالاکی مەیدانی داماڵدرا. ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی سەرانسەری کوردە کە بەردەوام و بە بێ ئەوەی خۆی بیەوێ یان هیچ ئامادەگییەکی پێشەکی هەبێ، قۆناغ و هەلومەرجی نوێی بەسەردا سەپاوە. بزووتنەوەی رۆژهەڵاتیش پاش نزیک بە دوو دەیە چالاکی چڕ و بەردەوام لە پڕێکا کەمپ نشین دەکرێ و دەتوانین بڵێین بەرەورووی هەلومەرجێکی تەواو جیاواز لەو تایبەتمەندییانەی کە دەقی پێوە گرتبوو، دەبێتەوە.

ئەگەر بە دیوێکی تردا بڕوانینە ئەم بارودۆخە نوێیەی کە بەرەورووی بزووتنەوەی رۆژهەڵات بوویەوە، دەتوانین بڵێین کە ئەمە نەک مەترسی و هەڕەشە نەبوو بۆ سەر داهاتووی خەبات بەڵکوو دەرفەتێکی لەبار بوو کە حیزبی کوردی بە پشوودانێکی کورت تێیدا هەم دەیتوانی خۆی نوێژەن بکاتەوەو هەم پاش ئەزموونێکی دەیان ساڵە لە موبارەزە و بەرخۆدان بە خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی سەردەم لە فۆرمەکانی تری خەبات وەک خەباتی مەدەنی و جەماوەری کەڵک وەرگرێ. یەکێک لە دەرفەتەکانی ئەم قۆناغە ئەو کرانەوە رێژەییەی فەزای سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نێوخۆی ئێران بوو کە بەرەورووی رووناکبیران و چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگیدا کرایەوە.

دوای کەمپ نشین کرانی ئۆپۆزیسیۆنی رۆژهەڵات، ئەوان بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان کردوە کە پێیەکی بزووتنەوە لە نێوخۆی وڵات دایە و بەردەوامن لە مەیدانداری و بەرەوپێش بردنی موبارەزە. ناڵێین دابڕانێکی یەکجاری و قووڵ رووی دا، بەڵام ئەوەی راست بێ ئەم دابڕانە کۆڵەکە و پشتیوانە سەرەکییەکانی خەباتی لە حیزبەکانی رۆژهەڵات سەندەوە. کەمپ نشینی، شۆرشگێڕەکانی دوێنی کردە پاسەوانی بنکە و بارەگاکانی حیزب و سەرکردەکانیش بە داماڵینی جلوبەرگی تۆزاوی شاخ، لە بەرگی نوێدا روویان کردە هەندەران بۆ کاروباری دیپلۆماسی، دیپلۆماسییەک کە تا ئێستاش لە شکڵی تاک رەهەندانەی خۆی واتە دیپلۆماسی حیزبی دەرباز نەبوە.

گومانی تێدا نیە ژیان یان هەر هەلومەرجێکی نوێ هەڵگری کۆمەڵێک پێداویستی و تایبەتمەندین کە پێویستە خۆتی لەگەڵ بگونجێنی. بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا خۆگونجاندنێکی سیڤیل و ئاسایی نەبوو، بەڵکوو دەبوو حیزبێکی شۆرشگێر خۆی لەگەڵ ژیانێکی نیمچە شار بگونجێنێ. ئەگەر پێناسەی هەر کۆمەڵگایەک بریتی بێ لە کۆمەڵێک مرۆڤ بە ئینتیما، ئایدیا و رەنگی جیاواز لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی جوغرافیاییدا، بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە هەرکام لە حیزبەکانی رۆژهەڵات بوون بە کۆمەڵگەیەکی بچووک، بەڵام خاوەنی زۆربەی ئەو پێداویستی و تایبەتمەنییانە کە هەر کۆمەڵگایەک لە جیهاندا هەیەتی. حیزب بە هەموو کەمیی پێرسیۆنێل و ئیمکاناتێک کە هەیبوو، ئەرکی بەڕێوەبردن و ژیاندنی کۆمەڵگەیەکیشی کەوتە ئەستۆ. هەرچەند هەڵسانگاندن و خەسارناسیی ئەم بوارە لە ژیانی کەمپ نشینی هەم پێوەندیی بەم باسەوە نیە و هەم توێژینەوەی ورد و زانستی دەوێ. بەڵام خاڵی دەسپێکی زۆربەی کێشەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵات و یەک لەوان حیزبی دێموکرات، لێرەوە دەست پێ دەکا کە دەتوانین لە یەک دێڕدا کورتی بکەینەوە: «خەبات و حیزبایەتی لە پەنا ژیان و گوزەرانی رۆژانەدا». هەرچەند ژیانی کەمپ نشینی لەگەڵ رۆحی شۆڕشگێری و خەبات کردن نامۆیە، بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا ناتوانێ ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کۆسپ یان کێشە. بەڵکوو ئەمە بێ ئەزموونی، بەڕیوەبردنی سەقەت و روانگەی هەڵە و ئاڵۆزی سەرکردەکانی ئەو حیزبانە بۆ ژیانی کەمپ نشینی بوو کە کەمپ نشینی کردە کۆسپ و گرفتێکی گەورەر لەبەردەم بزووتنەوەی رۆژهەڵات.

هێزی بێ کۆتایی گەنج و بێکارییەکی زۆر، نەبوونی مودیرییەتێکی رێکوپێکی نێوخۆیی و پلانی درێژخایەن، کۆنتاکتی بەردەوام و رۆژانەی تاکەکان لەگەڵ یەکتر کە وەرگەڕابوو بۆ کۆنتاکتی بەرژەوەندییەکان، پەرەسەندنی دیاردەی ناوچە و شارگەرایی، ونکردنی زەمەنی ئێستا و گەڕانەوە بۆ بیرەوەری و شانازییەکانی دەورانی شاخ کە ئەمە خۆی لە چاوەڕوانی بەردەوام و پڕ لە ناهومێدی بۆ گۆڕینی هەلومەرجەکەدا دەبینییەوە، زۆربوونی رێژەی بنەماڵەکان و بارگرانیی ژیاندنی ژیانی ماڵ و منداڵ لەسەر شانی ئەندامانی حیزبەکان، گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان و کۆمەڵێک کەندوکۆسپی تر کە بەرە بەرە بواریان بۆ لاوازی حیزبەکان و لێکترازان خۆش کرد.

بەپێی پێناسە، بەرنامەوپێرەو و ئامانجی حیزبەکانی رۆژهەڵات، کەمپ نشینی دەیتوانی ببێ بە دەرفەتێک بۆ ئەزموونی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و پیادەکردنی بەشێک لەو پلان و بەرنامانەی کە بۆ دوارۆژی کۆمەڵگای رۆژهەڵات هەڵیانگرتوە. هەرچەند ئەوەندەی پێوەندی بە ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بێ، لانیکەم لە حیزبی دێموکراتدا تا رادەیەک پیادە کراون، بەڵام خاڵی پڕ کێشە هەروەک لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێ دا دروست نەبوونی کلتوری دێموکراسی لە نێو ئەم حیزبانە دا بوو کە خۆی لە خراپ کەڵک وەرگرتن لە دێموکراسی و یەکتر قبووڵ نەکردندا دەبینییەوە. لەم باسە دەرفەتی ئەوەمان نیە کە بە وردی شیکاری هەموو کێشەکانی تایبەت بەم بوارەدا بکەین، بەڵام ئەگەر هەرکام لە باڵ و لایەنەکانی نێو ئەم حیزبانەلە چوارچێوەی پلۆرالیزمی سیاسی و قبووڵی رای جیاوازدا هەڵسوکەوتیان کردبا، رەنگە هیچکات بەم شێوەی ئێستا لێکدبڕان و پەرتەوازەیی باڵی بەسەر ئۆپۆزیسیۆنی رۆژهەڵاتدا نەکێشابا. بەستێنەکانی دروستبوونی ئەم لاوازی و لەتبوونانە بۆ چەندین بواری نێوخۆیی و دەرەکی حیزبەکان دەگەڕێتەوە کە لێرە ئاماژەمان بە هێندێک لە هۆکارە نێوخۆییەکان کرد.

بەشێکی زۆر لەو هۆکارە نێوخۆییانەی کە حیزبەکانی رۆژهەڵاتیان بەرەو لاوازی و لەتبوون برد، تا رادەیەکی زۆر لە چواچێوەی تواناکان و ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی حیزبەکان دابوو، ئەگەر ئیرادەیەکی لێبڕاو لە نێو سەرکردایەتی ئەم حیزبانەدا بوونی هەبا. بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکی زاڵ بەسەر کوردستان و وڵاتانی ناوچەدا، کۆمەڵێک فاکتەری بەهێز دەوروی سەرەکییان لە لاوازی، بەهێزی، دیاریکردنی ئاراستەی فکری و خەبات و چالاکییەکانی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتدا هەبوە و هەیە. بۆ وێنە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرینگ دەکەین:

نەبوونی هیچ پشتوانییەکی دەرەکی (چ لە فۆرمی دەوڵەت و چ لە فۆرمی هێزێکی رێکخراو) دا، نەبوونی هیچ پشتیوانییەکی فەرمی و یاسایی نێونەتەوەیی، نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان خۆماڵیی بەهێزی کوردی، نەبوونی کۆدەنگی یان دیپلۆماسییەکی هاوئاهەنگی بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە دنیای دەرەوەدا، نەبوونی کادری پسپۆرو شارەزا و هەروەها ئیمکاناتی ماددی پێویست، نەبوونی پێوەندییەکی پتەو لە نێوان حیزبەکانی هەر بەشێکی کوردستان یان حیزبەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان، بەرتەسک بوونی رێگا و دەرفەتەکانی کاروچالاکی لەنێو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان و بەهێزبوونی ئەگەرەکانی هەزینە ئینسانییەکان.

**دوورەدیمەنی بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە وێناکانی یەکگرتنەوە و یەکریزیدا**

یەکێک لەو توخمە سەرەکییانەی کە بەردەوام لە نێو بزووتنەوەی رۆژهەڵاتدا بوونی هەبوە، توخمی چاوەڕوانییە. چاوەڕوانییەکی کوشندە، کە بەردەوام چاوی لە هێزێکی دەرەکی و رزگاریدەر بوە و بە بێ هیچ داتایەکی (ملموس) پشتی پێ بەستوە. بە شێوەیەک کە ئەم رەوتە بۆتە دیاردەیەک کە جگە لە بەهێزکردنی رەهەندی خولیا و بیرکردنەوەی ئیحساسی تاکی کورد، بەردەوام لە چاوەڕوانییەکی کوشندەی پڕ لە ناهومێدیدا قەتیس ماوەتەوە. (کە بێگومان ئەمە ریشەی بەشێکی زۆر لە قەیرانە دەروونییەکانە). بە سەرنجدان بە هەلومەرج و چارەنووسی هەنووکەیی بزووتنەوەی رۆژهەڵات، دەبینین کە بەشی سەرەکی وزە و ئیمکاناتی حیزبەکان بۆ پاساوهێنانەوەی ناکۆکییەکانیان یان هەوڵەکانی هاوکاری و دواتر یەکبوونەوە چڕ بۆتەوە. بە واتایەکی تر ئاستی خولیاکانمان لە موبارەزە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانمانەوە بۆ دروشمەکانی وەک: یەکگرتنەوە، یەکریزی، کۆدەنگی و هاوکاری دابەزیوە.

هەرچەند بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژن لە خەبات لە پێناوی ئامانجەکانیان و رزگاری نەتەوەییدا، هەم خاوەن پێگەیەکی بەهێزن لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بەڵام بەراوردێک لە نێوان ناو ناوبانگ و هەروەها مێژوویەکی پڕ شانازی لەگەڵ باردۆخی بزووتنەوە و راوبۆچوونی کۆمەڵگای کوردستان و دنیای دەرەوە بەرامبەر بە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەربڕی ناهاوسەنگییەکی بەرفراوانە.

لە سەردەمێکدا کە تێکنۆلۆژیای زانیاری و پێوەندییەکان گۆڕانکارییەکی قووڵیان لە هەموو بوار و پێکهاتەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا دروست کردوە، ژینگەیەکی گشگیر بە ناوی بەجیهانیبوون پێک هاتوە کە بە وتەی زۆرێک لە شارەزایانی بواری زانستەکانی کۆمەڵناسی و سیاسی، دەرفەتێکی لەبارە بۆ نەتەوە ژێردەستەکان. ئەگەرچی ئەمە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە کارکردی بزووتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان لە ئاست خواستی کۆمەڵگای کوردەواری و کەڵک وەرگرتینان لە دەرفەتە لۆکاڵی و جیهانییەکاندا نەبووە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەم راستییە کە هەنووکە زۆربەی رای گشتیی جیهان سیلەی چاوی بڕیوەتە سەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەتوانین بڵێین کە جگە لە بێ پلانی و بەرژەوەندخوازی وڵاتانی رۆژئاوا، هیچ هۆکارێکی تر بۆ مانەوەی زیاتری ئەم سیستمە لە دەسەڵاتداریێتی لە ئارادا نیە. لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی رۆژهەڵات هەڵگری کۆمەڵێک کێشە و رەخنەی پێکهاتەیی و جیدییە کە کۆی ئەم فاکتانە حیزبەکانی رۆژهەڵاتیان خستۆتە پەراوێز و بێدەنگییەکی بەردەوامەوە.

رەنگە ئەمە پرسیارێکی جەوهەری بێ کە بۆچی تا ئێستاش شۆڕگێرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت ئەوانە کە جێ پەنجەیان بە رابردووی خەباتەوە دیارە، کەسایەتی خۆیان لە رابردوودا دەبینەوە و خولیاکانیان لە قۆناغی شاخدا وێنا دەکەنەوە؟ ئەم جۆرە روانگەیە تەنیا لە نێو تاکەکانی نێو بزووتنەوەدا باوی نیە، بەڵکوو بە چاوخشاندنێک لە ئاخاوتن و میدیای حیزبەکان، بە روونی دیارە کە ئەم جۆرە گوتارە بەشێک لە بۆشایی ئەوانی پڕ کردۆتەوە و بەردەوام خۆیان لە رابردوودا پێناسە دەکەنەوە. هەرچەند ئاوڕدانەوە یان وەبیرهێنانەوەی رابردوو لە نۆرمی ئاسایی خۆیدان شتێکی رەوایە و رەنگە پێوستیش بێ، بەڵام هەلومەرجی هەنووکەیی بزووتنەوە و پێداگری بەردەوام لەسەر قۆناغەکانی رابردوو، پرسیارێکی گەورە لەلای هەموومان دروست دەکا کە ئایا ئەمە تەنیا وەبیر هێنانەوەی شانازییەکانی رابردوویە؟ یان ئەوان ئێستاش لەسەر هەمان ئەقڵییەتی پێشوو ماون کە ئەگەر ئیمکانات و دەرفەتی ناوچەییان بۆ فەراهەم بێ درێژە بە هەمان رەوتی رابردوو دەدەنەوە؟ یان جگە لە مێژووی خۆیان، بەرنامە و پەیامێکی نوێیان بۆ ئەمرۆ نییە؟ بێگومان ئەم نارۆونیانە فەزایەکیان دروست کردوە کە بزووتنەوەی رۆژهەڵات هەم بکەوێتە ژێر سێبەری بزووتنەوەی پارچەکانی تری کوردستان یان دەسەڵاتی خۆماڵیی کورد، هەم بەردەوام سیلەی رەخنەی زۆر توندی لەسەر بێ بە شێوەیەک کە لەم پەرتەوازەیی، بێدەنگی و بێ پلانییەدا هەرکەسە مێتۆد یان تیۆرییەکی هەڵقوولاو لە وێنا زەینییەکانی خۆی دەرخواردی بزووتنەوە و کۆمەڵگا دەدا و خۆی دەکاتە خەمخۆر و پێشەنگی کۆمەڵگا.

لە کاتێکدا کە زۆربەی وزەو تواناکانی ئێستامان هەوڵ دان یان ئاوات خواستنە بۆ ئەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵات لانیکەم پێوەندییەک لەسەر بنەمای یەکتر قبووڵکردن و هاوکاری نزیک لەگەڵ یەکتردا دروست بکەن تا لانیکەم کەسایەتیی راستەقینەی بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە نێو دڵ و بیری هەموو شۆڕشگێڕێک بەتایبەتی و کۆمەڵگای رۆژهەڵات بەگشتی زیندوو بێتەوە. بەڵام نابێ ئەم راستییانەمان لەبەرچاو ون بێ کە:

یەکەم: هاوکاری و کۆدەنگی، هیچ دەردێک دەوا ناکا ئەگەر بە راستی هەرکام لە حیزبەکان بە ئیرادەیەکی جیددی هەوڵ بۆ وەگەڕخستنەوەی خەباتێکی گشتگیر و شۆڕشگێرانە (لە چواچێوەی هەر مێتۆدێکی خەبات دابێ) نەدەن.

دووەم: هەر جۆرە یەکگرتنەوەیەک ئەگەر پشت ئەستوور بە خوێندنەوەیەکی ورد و زانستییانە بۆ هۆکارە سەرەکییەکانی لەتبوون، جیاوازی و پێناسەی هەرکام لە لایەنەکان، دانپێدانانی هەڵەکان، لە پێناو کەم کردنەوەی ئەگەرەکانی دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە دیاردانە نەبێ، بێگومان ناتوانێ سەرکەوتوو بێ یان سەر بگرێ.

> **هەر جۆرە یەکگرتنەوەیەک ئەگەر پشت ئەستوور بە خوێندنەوەیەکی ورد و زانستییانە بۆ هۆکارە سەرەکییەکانی لەتبوون، جیاوازی و پێناسەی هەرکام لە لایەنەکان، دانپێدانانی هەڵەکان، لە پێناو کەم کردنەوەی ئەگەرەکانی دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە دیاردانە نەبێ، بێگومان ناتوانێ سەرکەوتوو بێ یان سەر بگرێ**

---

درێژەی:

## هاوبەندییەکی ئێرانی و هێندێک لە بابەتە پێوەندیدارەکان لە روانگەی کوردانەوە

پشتگیریشیان نەکەن دژایەتییان ناکەن و لەوانەیە لەگەڵیان هاوبەندییەکیش پێک بێنن. وەبەرچاونەگرتن و وەلانانی ئایدۆلۆژیکی و سیاسیی ئەم هێزانە لە درێژخایەندا و پێداگریی تەک رەهەندی لەسەر یەکیەتی لەگەڵ هێزە چەپەکان بە وەبەرچاوگرتنی پتانسیێلی پێکەوە هەڵنەکردن و یەکیەتیهەڵنەگریی هێزە چەپەکان و هەروەها دەورو کاریگەریی پەراوێزکەوتووی ئەم لایەنە سیاسییانە لە کۆمەڵگادا، بە باش نازانرێ. بریا وانەبایەو ئێمە ئاڵتێرناتیڤ و جەمسەرێکی چەپی لیبراڵی بەهێزمان لە کۆمەڵگادا هەبا. بەڵام پێکهاتەی هێزە سیاسییەکانی کۆمەڵگا بە دڵخوازی ئێمە نیە (بە باوەڕی من چونکە هێشتا چەپ لەگەڵ لیبرالیزمی سیاسی تێکەڵاو نەبووە و تا ئێستا خۆی لە بەندی ئایدۆلۆژیای پێشووی خۆی رزگار نەکردوە کە ئەمە خۆی باسێکی جیایە و کاتێکی دیکەی پێویستە) بەهەرحاڵ پێشنیاری من لەم بیاڤەدا ئەوەیە:

- هەڵوێستەکانی حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵ هەڵوێستەکانی بەشێکی زۆر لە رێکخراوە چەپەکانی وڵاتەکەمان یەک دەگرنەوە. کەوابێ بەجێیە هێزە سەرەکییەکان وەک پێشوو بۆ یەکیەتی و هاوبەندی لەگەڵ چەپ هەوڵ بدەن. لەم بارەوە ـ بە تایبەت لە لایەن رێکخراوەکانی کوردستانەوە ـ کەم کاری کراوە. ئێمە دەبووایە لە زۆر بەر لە ئێستاوە بەرەیەکی لیبڕاڵ ـ چەپی ئێرانیمان هەبووایە. ئەم شتە گرینگە هەوڵ و هیممەتی جیددیی پێویستە. حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە پاڵپشتیی ئیعتباری سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتییان دەتوانن وەک هۆکارێکی نێونج و هاندەر و یەکیەتیبەخش بن. هەر ئێستاش یەکیەتیی دێموکرات و کۆمەڵە و فەدایی و بەشێک لە کۆماریخوازەکان زۆر ئاسان و مومکینە. حیزبە کوردستانییەکان دەبێ دوای پێکهاتنی هاوبەندییەکی لیبراڵ ـ چەپ لە ئێراندا وەک بڕبڕەی پشتی ئەم هاوبەندییە بمێننەوە و دەورێکی گرینگ لە داڕشتنەوەی سیما و چۆنیەتیی سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران و هەروەها دروستکردنی ئێرانێکی سێکۆلار و دێموکراتیک و فیدراڵدا بگێڕن.
- لە هەمان حاڵدا هێزە کۆمەڵایەتی و «چەپەکان»ی کۆمەڵگاش نابێ وەک پێشو پاشگوێ بخرێن، چونکە بەدەر لە ویست و ئیرادەی ئێمە، لە کۆمەڵگادا کاریان لەدەستدێ. بە تایبە دۆزینەوەی زمانێک بۆ دیالۆگی بەردەوام و شارستانییانە لەگەڵیان گرینگییەکی تایبەتی هەیە بۆ کوردستان و تەواوی ئێران.
- هەروەها جێی داخە کە تا ئێستاش بوونی بەرەیەکی کوردستانی وەک ئاوات و ئارەزوویەک ماوەتەوە. پێکهاتنی بەرەی کوردستانی دەتوانێ رەوتی هاوبەندیی ئێرانیش خێراتر بکا و ئاراستەی پێ ببەخشێ.

١٠) گرێدان و بەیەکەوە بەستنەوەی دیپلۆماسی لەگەڵ ستراتێژی ئامانجی سەرەکیی ئەم وتارەیە. ئەوەی لەسەرەوە باسی لێکرا نەک وەکوو نوسخەیەکی ئامادەکراو بۆ رێنوێنی، بەڵکوو وەک بانگەوازێک بۆ تێفکرین و رامان لە باسەکەدا و وەک گەڕانێکی سەرەتایی بە مەبەستی ورووژاندنی باسێک لەمەر مەسەلەکەیە و لانیزۆر وەک هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی وڵامێکی تاکەکەسی بەو پرسیارە کە لە چ بوارێکدا و تا چ رادەیەک ئامادەین رێککەوین بۆ گەیشتن بە هاوبەندییەکی ئێرانی بۆ دامەزراندنی دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا. ئەمە زۆر گرینگە چونکە رێککەوتن لە نێوام رێکخراوە سیاسییەکانی ئێراندا لەسەر بنەمای بەرنامەی هەرکام لە حیزبەکان نابێ، بەڵکوو لەسەر بنەمای پراگماتیزم و دیپلۆماسی و متمانە بە خۆبوون و سینگ فراوانی و دووربینی و بە تایبەت هەڵسوکەوتی نائیدئۆلۆژیک و نادۆگماتیک پێک دێ. ئەوە مەسەلەیەک کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە. پرسیاری سەرەکی لەم پێناوەدا ئەوەیە: ئایا دەمانهەوێ هاوبەندییەکی بەربڵاو بۆ دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا پێک بێنین یان نا؟ ئەگەر وڵام بەڵێیە، پرسیاری دووەم ئەمەیە: ئەم هاوبەندییە بەرهەمی رێککەوتنی هاوبەش دەبێ یان بەرنامەی حیزبی ئێمە؟ ئەگەر رێککەوتنی هاوبەشە، پرسیارەکانی دیکە بریتین لە: هەتا کوێ ئامادەین بە رێککەوتنەکەمان وەفادار بین؟ تابۆ و هێڵە سوورەکانمان کامانەن؟ کەوابوو بەجێیە:

- ئەو کەسانەی خوێندنەوە و لێکۆڵیەوەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، دەبێ رێگەچارە و پێشنیاری پراگماتیستی (نەک ئیدەئالیستی)ی خۆشیان بخەنەڕوو. پێموانیە نێهیلیزم بە هیچ کوێمان بگەیەنێ.

# مرۆڤ و گڵۆباڵیزم، ئەقڵانییەتی نەتەوەیی و کێشەی بان نەتەوەیی



ڕێبوار مەعروف زادە

هەڵبژاردنەکانی فەڕانسە بە سەرکەوتنی فرانسوا ئۆلاند بەربژێری پارتی سۆسیالیست کۆتایی پێهات. ئەو هەڵبژاردنە فەزایەکی رەخساند کە تێیدا نە تەنیا کێشە نێوخۆییەکانی فەڕانسە، بەڵکوو کێشەکانی نێوان فەڕانسە و یەکیەتیی ئورووپاش دەربکەوێ. لەو هەڵبژاردنەدا خەڵکی فەڕانسە، بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨وە دەستی پێکردوە، دەنگیان بە گۆڕینی نیکۆلا سارکۆزی دا و فرانسوا ئۆلاندیان نەک وەک ئاڵترناتیڤێک لە بەرامبەر بەرەی راست دا، بەڵکوو وەک ئاڵترناتیڤێک لە بەرامبەر شەخسی سارکۆزیدا هەڵبژارد.

پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە لە دوای دەستپێکردنی قەیرانی ئابوورییەوە ئاکامی زۆربەی هەڵبژاردنەکانی ئورووپا بریتی بووە لەوە کە لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و پۆزیسیۆن جێگۆڕکێ کراوە. سۆسیالیستەکانی سوئێد کە زیاتر لە ٦٥ ساڵ حکوومەتیان بە دەستەوە بوو لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦ دا دۆڕاندیان و لە هەڵبژاردنی پارلمانی ٢٠١٠شدا شکستێکی گەورەتریان خوارد. حیزبی کرێکاری بریتانیا کە پارتێکی چەپە پاش ١٣ ساڵ حکوومەتکردن (٢٠١٠_١٩٩٧) جێگەی خۆی بە حکوومەتێکی هاوبەشی پارتی کۆنەپارێزەکان و پارتی لیبراڵ دێموکرات دا. هەروەها لە هەڵبژاردنی پارلمانی یونان‌دا کە لە ٦ی مەی ئەمساڵدا بەڕێوە چوو، دوو حیزبی سەرەکیی ئەو وڵاتە کە لە دەورانی دیکتاتۆری نیزامیی ساڵی ١٩٧٤ وە هەتاکوو ئێستا بە نۆرە حکوومەتیان لە دەستدا بووە هەنووکە بە هەر دووک پارتەوەش، بە هۆی ئەوەی لە کۆی ٣٠٠ کۆرسیی پارلمان تەنیا ١٤٩ کۆرسییان بە دەست هێناوە، ناتوانن حکوومەت پێک بێنن. هەموو ئەو نموونانە هەڵگری راستییەکی گەورەن ئەویش ئەوەیە کە دێمۆکراسی پارلمانی واتە دیمۆکراسیی لە جۆغرافیای وڵاتێکدا دەرەقەتی ئەو کێشانە نایەت کە کێشەی سەرتر لە جۆغرافیای هەر یەک لەو وڵاتانەن. بە واتایەکی دیکە جۆغرافیای کێشەکان زۆر بەرفراوانترە لە جۆغرافیای دێموکراسییەکان.

هەروەها رەوتە توندڕەوەکان لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپاییدا جەماوەریان پەیدا کردوە. بۆ نموونە لە سوئێد کە سەمبۆلی دەوڵەتی خۆشبژێو و کۆمەڵگەی فرەکلتوورییە پارتی دێموکراتەکان، کە سیاسەتی سەرەکی، دژایەتی لەگەڵ بیانییەکان و بە تایبەت دژایەتی لەگەڵ موسڵمانەکانە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا لە ساڵی ٢٠١٠ دا بە دەستەبەرکردنی ٢٠ کورسی چووە پارلمان. مارین لوپن کاندیدی سەرۆک کۆماری پارتی بەرەی نەتەوەیی فەڕانسە لە خوڵی یەکەمدا ١٧,٩ ٪ دەنگەکانی هیناوە. ئەوە لە حاڵێکدایە مارین لوپن بە توندی دژی وەرگرتنی پەنابەران و بەستنی پەیمانی نێوان فەڕانسە و یەکیەتیی ئوروپا بوو. لەو چەند میلیۆنەی کەدەنگیان داوە بە مارین لوپن بەشێکی بەرچاویان بێکاران و کرێکارانی فەڕەنسیی بوون. ئەوانە هەموو ئاماژەیەکن بۆ پەرەگرتنی توندرەوی لە ئورووپا، بەڵام ئەو پەرەگرتنە تەنیا لە ئاستی هاتنە مەیدانی کۆمەڵێک پارتی توندڕەودا بەرجەستە نەبۆتەوە، بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵایەتی و لە کردەوە تاکەکەسییەکانیشدا رەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە ئاندرێس برینگ بروئیکی نۆروێژیی لە مانگی جوولای ٢٠١١ دا لە دژکردەوە بەرامبەر بە بوونی بیانییەکان و موسڵمانان دەیان هاووڵاتی نۆروێژی کوشت. لە مارسی ئەمساڵیشدا موحەممەد مەراح، کە گەنجێکی موسڵمانی ئەلجەزایری بوو، لە تۆلوزی فەڕانسە دا سێ منداڵی جوولەکە و سێ سەربازی فەرانسەیی کوشت. لە فەڕەنسەی زیاتر لە پێنج میلیۆن موسڵمان دەژین و ئایینی ئیسلام دوای مەسیحییەت دووهەمین ئایینی فەڕانسەیە. دەرکەوتنی توندرەوی لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نیشاندەری ئەوەیە کە وڵاتانی ئورووپایی لە گەڵ کۆمەڵە گرفتێک رووبەڕوون کە یان چارەسەرێکیان بۆ ئەو کێشانە نییە یان چارەسەری کێشەکان بە دژوار دەزانن چونکە توندڕەوی لە کاتێکدایە کە ئەقڵانییەت و هزر و توانای مرۆڤ لە بەرامبەر کێشەکانیدا تووشی دەستەوەستان بووە.

هەر بۆیە هەڵبژاردنەکان و کردەوە توندڕەوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئورووپا کۆمەڵێک پرسیاری جیدیی هێناوەتە ئاراوە. ئەو پرسیارانە بریتین لەوە کە ئایا پلۆراڵیزمی سیاسیی لە ئاستی جیهان و بە تایبەتی لە ئاستی ئورووپا تووشی قەیران بووە؟ ئایا خەڵک، لە دەرەوەی چەپ و راست، لە نەبوونی رێگە چارەیەکی روون دەنگ بە «گۆڕان» دەدا ؟ ئایا گەورەتر لە قەیرانی ئابووریی جیهان قەیرانێکی سیاسی و فەلسەفی لە ئارا دایە؟ ئایا سەرتر لە گرفتی دابەزینی توانایی کرینی خەڵک توانایی هەڵبژاردنی خەڵکیش دابەزیوە؟

زۆربەی بیرمەندان لە سەر هەبوونی ئەم پرسیارانە کۆکن، بەڵام توانای وڵامدانەوە بەو پرسیارانەشیان نییە. وڵامی ئەو پرسیارانە نەک زۆر دژوارە، بەڵکوو ئەو پرسیارانە لە پرسیارە بێ وڵامەکانی ئێستای جیهانە. لە رەوتی هەڵبژاردنەکانی فەڕانسەدا، گەنجێکی فەڕانسەیی پرسیاری دەکرد کە بۆ دەبێ ئێمە بەهای قەیرانی ئابووریی یونان بدەین؟ لە رەوتی هەڵبژاردنەکانی یونانیشدا گەنجێکی یونانی پرسیاری دەکرد کە کومیسیۆنی ئورووپا بۆ رێگەچارەیەک بۆ بێکاری ئەوان نادۆزێتەوە؟ ئەو پرسیارانە ئاماژە بە راستییەکی گەورە دەکەن ئەویش ئەوەیە کە ئابووریی فەڕانسە و یونان ئابوورییەکی لێکگرێدراوە، بەڵام کۆمەڵگەی یونان و فەڕانسە کۆمەڵگەیەکی هاوپێوەند نییە. بە واتایەکی دیکە رەوتی لێکگرێدرانی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا لە سەر بنەمایەکی تاک رەهەندی ئابوورییەوە ئەنجامی گرتوە، بەڵام بە کۆمەڵگەبوونی یەکیەتیی ئورووپا یان شوناسێکی هاوبەشی ئورووپایی شکڵی نەگرتوە.

لە راستیدا بۆ وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا هەبوونی شوناسێکی هاوبەش پێویستییەکی سەرەکییە. سەرنج بدەنە ئەو وێنەیە کە وڵاتێک هەیە ٢٧ پارێزگای بە ناوەکانی ئاڵمان، فەڕانسە، یونان، ئیسپانیا و ... هەیە. ئەگەر لەو وڵاتەدا پارێزگای یونان تووشی قەیرانی ئابووری بێ، ئایا ئەرکی هەموو وڵات نییە کە یارمەتیدەری باشتربوونی دۆخەکە بێ و قەیرانی ئەو پارێزگایە بە قەیرانی خۆی و قەیرانی وڵاتەکەی بزانێ؟ دیارە ئەو وێنەیە نە تەنیا گرفت و چارەسەری یەکیەتیی ئورووپا نیشان دەدا، بەڵکوو لە ئاستێکی گەورەتردا گرفت و چارەسەری جیهانییش نیشان دەدا. بە واتایەکی دیکە پرۆسەی بەجیهانیبوون جوغرافیای جیهانی لێک گرێداوە، لێکگرێدانی جوغرافیای جیهانیش جوغرافیای وڵاتەکان واتە بەستێنە ئابووری، کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکانی لێک گرێ داوە، هەر بۆیە زۆرێک لە کێشەکانی ئێستای وڵاتە پێشکەوتووەکان کێشەی بان نەتەوەیین بەڵام سیستمی ئیداری، سیستمی هەڵبژاردن، سیستمی یاسادانان، بکەرە سیاسییەکان واتە دەوڵەتەکان و... هەروا نەتەوەیین. سیستمی پارلمانی، سیستمی ئیداری، دەوڵەتەکان و ...هێزی مرۆڤ لە بەرامبەر تەکنۆلۆژی و ژینگەی مرۆڤدا پێشان دەدەن. بەو پێیە خودی مرۆڤ لە پرۆسەی بەجیهانیبوون دا دواکەوتوە و مرۆڤ لە جیهانێکی لە دەست دەرچوودا دەژێ. مرۆڤ بە دامەزراوە نەتەوەییەکانی لە جوغرافیایەکی بان نەتەوەییدا دەژێ، هەر بۆیە لە نێوان توانایی مرۆڤ، گەشەی تەکنۆلۆژی و بەرفراوانبوونی شوێنی ژیاندا ناهاوسەنگی و ناتەباییەکی گەورە دروست بووە.

وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا لە دوایین دانیشتنی خۆیاندا کە لە ٢ی مارسی ئەمساڵدا بەڕێوە چوو پەیمانێکی ماڵی تازەیان واژۆکرد. ئەو پەیمانە کە جگە لە بریتانیا و چێک لە لایەن هەر ٢٥ ئەندامی دیکەوە واژۆ کراوە باس لەوە دەکا کە پێویستە دەوڵەتەکانی ئەندام رێگە نەدەن رادەی قەرزەکانیان لە رادەیەک کە دیاری کراوە زیاتر بێ. هەروەها دەوڵەتێک کە ئەو دیسپلینە ماڵییە بەڕێوە نەبا لە لایەن دیوانی ئورووپاوە دادگایی و سزا دەدرێ. بە واتایەکی دیکە زۆرێک لە رێوشوێنەکان پێشتر دیاری کراون و فەڕانسە ناچارە بەڕێوەیان بەرێ. فرانسوا ئۆلاندیش تەنیا دەتوانێ لە چۆنییەتی بەرێوەچوونی ئەو پەیمانەدا دەسەڵاتی هەبێ. بەو پێیە بۆ فەڕانسەیەک کە ئەندامێکی گرینگی یەکیەتی ئورووپا و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەڵبژاردنی فرانسوا ئۆلاند چارەسەرێکی ئێستراتژیک نییە. ئەگەر تەماشای کێشەکانی یەکیەتی ئورووپا و جیهان بکەین توانایی بچووکی هەڵبژاردنی فەڕانسەمان چاکتر بۆ دەردەکەوێ.



**١- کێشە و چارەسەری یەکیەتی ئورووپا:** یەکیەتیی ئورووپا لە ساڵی ١٩٥١ لە چوارچێوەی «کۆمەڵگەی خەڵوز و ئاسن» دا لەلایەن ٦ وڵاتی فەڕانسە، ئاڵمان، ئیتالیا، لوکزامبورگ، هولەند و بلژیک لە پاریس پێکهات. دواتر لە ساڵی ١٩٩١ بە پەسند کردنی پەیمانی ماستریخت یەکیەتیی ئورووپا جێگەی کۆمەڵگەی ئورووپای گرتەوە. رەوتی گەشەی یەکیەتیی ئورووپا لە دوای رووخانی بلۆکی یەکیەتیی سوڤییەت و لاچوونی دیواری برلین خێراتر بووە هەتاکوو لە ساڵی ٢٠٠٤ دا دە وڵاتی دیکە بەو یەکیەتییە پەیوەست بوون و ئەو یەکیەتییە بوو بە ٢٥ وڵات.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دا وڵاتانی نێو یەکیەتیی ئورووپا لە چوارچێوەی پەیمانی لیسبۆن لە سەر ئەوە رێککەوتن کە سەرجەم ئاییننامە و پەسند کراوەکان کۆ بکەنەوە و دواتر لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی یەکیەتیی ئورووپادا پەسندی بکەن. دیارە رەوتی پەسند کرانی یاسای بنەڕەتیی ئامادەکراو دوابەدوای دەنگی نەرێنیی خەڵکی فەڕانسە راوەستا. هەروەها بریتانیا لەگەڵ لابردنی ئاڵا و سروودی وڵاتەکان و دەستنیشانکردنی کەسێک وەک وەزیری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا لە نێو یاسای بنەڕەتی ئامادەکراو دژایەتی هەبوو. بەو پێیە چارەسەری گرفتی خێرا نەبوون و ناسەقامگیریی یەکیەتیی ئورووپا پێویستی بە یاسایەکی بنەڕەتیی هاوبەش هەبوو بەڵام پرسیار ئەوە بوو کە ئەو یاسایە دەبێ لەسەر بنەمای شوناسی نەتەوەکان یان شوناسێکی ئورووپایی بنیات بنرێ؟

سێ وڵاتی ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا، سێ وڵاتی سەرەکیی نێو یەکیەتیی ئورووپان. ئەو سێ وڵاتە خاوەنی مێژوو، ئابووری، زمان، فەرهەنگ و... دواجار بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیانن. هەروەها لە نێوان مێژوو، ئابووری، فەرهەنگ و بەرژەوەندی ئەو سێ وڵاتەدا بەستراوەیی و بە نێو یەکداچوونێک هەیە. دیارە هەر سێ وڵات بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان لە هەبوونی یەکیەتیی ئورووپادا هەیە بەڵام خاڵە جیاوازەکانیان رێگرە لەوە ئەو یەکیەتییە ببێتە یەکەیەکی سیاسی، ئابووری، نیزامیی و... (دەوڵەتێکی مەزن). هەنووکە ئاماژە بەو شوناسە جیاوازە و بەرژەوەندییە هاوبەشەی ئەو سێ وڵاتە لە نێو یەکیەتیی ئورووپا دا دەکەین.

**بریتانیا لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا:** بریتانیا لە وڵاتانی دامەزرێنەری یەکیەتیی ئورووپا نەبووە. ئەو وڵاتە بە دوای شکڵگرتنی کۆمەڵگەی ئورووپا و بازاری هاوبەش لە پێناو وەچنگ خستنی بەرژەوەندی ئابووریی زیاتر لە ساڵی ١٩٦١ داوای ئەندامەتی دەکا بەڵام ئەو داواکارییە رووبەڕووی دژایەتی توندی ژێنراڵ دۆگۆل و فەڕانسە دەبێتەوە. ژێنراڵ دۆگۆل لە پێوەندی لەگەڵ بریتانیادا دەیگوت «بریتانیا ئەسبی تێرۆوای ئەمریکایە لە ئورووپادا». دیارە هەتاکوو ئێستاکەش ئەو وتەیەی دۆگۆل هەر راستە. لە راستیدا لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە هێزی ئابووری، سیاسی و نیزامیی بریتانیا لە نێوان ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپادا دابەش بووە. ئەو هەڵکەوتنەی بریتانیا لە نێو ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپادا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بە روونی دەرکەوت کاتێک ئەو وڵاتە بە پێچەوانەی هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپا و بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکادا هێرشیان کردە سەر عێراق. هەروەها بریتانیا هەتاکوو ئێستاکە پەیماننامەی شێنگێنی (لابردنی سنووری نێوان وڵاتانی ئورووپایی) واژۆ نەکردوەو نەچۆتە نێو ناوچەی یۆرۆ. لە دوایین پەیمانی ماڵیی یەکیەتیی ئورووپاشدا تەنیا دوو وڵات پەیمانەکەیان واژۆ نەکردوە کە ئەو دوو وڵاتە بریتانیا و چێکە. لە راستیدا روانینی بریتانیا بۆ یەکیەتیی ئورووپا روانینێکی ئابوورییانەی تاکە رەهەندییە، بەم هۆیەوە ئەو وڵاتە نەیتوانیوە رۆڵێکی داهێنەرانە لە نێو ئەو یەکیەتییە دا بگێڕێ. هەروەها گرتنەبەری ئەو ئێستراتێژییە تاک رەهەندییە وایکردوە ئامادەیی بریتانیاییەکان بۆ تێپەڕین لە دەمارگیری نەتەوەیی بەرەو شوناسێکی هاوبەشی ئورووپایی نەک زیاد نەکا بەڵکوو بەردەوام کەم بێتەوە. سەلمێنەری ئەم راستییە ئەوەیە کە ساڵی پێشوو ١٢٢ هەزار هاووڵاتی بریتانیایی بە واژۆکردنی نامەیەک داوایان لە پارلمان کردوە کە بۆ هاتنە دەرەوە یان مانەوەی بریتانیا لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا ریفراندۆم بەڕێوە بچێ.

**ئاڵمان لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا:** یەکێک لە فاکتەرەکانی بوون بە هێزێکی جیهانی هەبوونی هێزی نیزامییە. ئاڵمان نە چەکی ئەتۆمی و نە هێزی نیزامی هەیە. بەم پێیە ئەو وڵاتە بۆ بەرەوپێشبردنی دیپلۆماسییەکەی لە ئاستی جیهاندا ناتوانێ لە پشتگیری هێزی نیزامی کەڵک وەربگرێ. هەروەها ئاڵمان لە نێو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامی هەمیشەیی نییە و مافی ڤێتۆی نییە. دەرئەنجام ئاڵمان لە پێناوی بوون بە هێزێکی جیهانی، یەکیەتیی ئورووپا وەک پێویستییەکی ئێستراتیژیکی نیزامی - یاسایی لە قەڵەم دەدا. ئاڵمان لە ئێستادا گەورەترین و بەهێزترین ئابووریی یەکیەتیی ئورووپایە. رووردانی قەیرانی ئابووری بە جورێکیش دەرفەتێکی بۆ ئاڵمان رەخساندوە تا بە پشبەستن بە توانایی ئابوورییەکە رێبەری ئورووپا بکا و لە ڕێبەری جیهانییشدا رۆڵێکی گەورەتری هەبێ.

**فەڕانسە لە نێو یەکیەتیی ئورووپادا:** ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٦٦ بەملاوە لە ناتۆ دا بەشداریی نیزامی نەکردوە. دیارە هۆکاری بەشداری نەکردنی نیزامیی فەڕانسە لە ناتۆدا بۆ ئەوە دەگەڕاوە کە ئەو وڵاتە داوای فەرماندەیی بەشێک لە هێزەکانی ناتۆی دەکرد بەڵام ئەمریکا لەگەڵ ئەو بابەتە دژایەتی هەبوو. فەڕانسەوییەکان رۆڵی فیکری - سیاسیی خۆیان لە جیهاندا لەگەڵ ئەمریکادا بەراوەرد دەکەن. ترۆپکی ئەو بەراوردکردنە لە بەراوردی شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی ئەمریکادا دەبینرێ. بەو پێیە فەڕانسە لە پێناوی بوون بە هێزێکی جیهانی، یەکیەتیی ئورووپا وەک پێویستییەکی ستراتژیکی سیاسی - نیزامی تەماشا دەکا. لە لایەک روانین و پێگەی جیهانیی جیاوازی ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا وایکردوە کە ئەو وڵاتانە نەتوانن ستراتێژییەکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە لە هەمبەر گەشەی یەکیەتیی ئورووپا بگرنەبەر تا ئەو یەکیەتییە ببێ بە دەوڵەتێکی مەزن لە ئاستی جیهاندا، لە لایەکی دیکە هەبوونی ستراتێژییەکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە پێویستییەکی سەرەکی جیهانی ئێستایە.

**٢) کێشە و چارەسەری جیهان:** بە هۆی شۆڕشی پێوەندییەکان هەموو رەهەندەکانی جیهانی مۆدێرن هاوکات ئاوێتەی یەکتربوون، گەشەیان کرد و گۆڕانیان بە سەردا هات. لە راستیدا شۆڕشی پێوەندییەکان و گڵۆباڵیزم پێکەوە لە دایک بوون. تەلەفۆن، ماهوارە، کامپیۆتێر و ئینتێرنێت و فەیس بووک نە تەنیا پێوەندییە فیکری، کلتووری، ئابووری و سیاسییەکانی مرۆڤی خستە نێو جوغرافیا و نیشتمانێکی گەورەتر و سەرتر لە دەسەڵاتی دامەزراوەکانی مۆدێرن بە تایبەتی سەرتر لە دەسەڵاتی «دەوڵەت-نەتەوە»کان، بەڵکوو گرفتە مرۆییەکانیشی زۆرتر و ئاڵۆزتر کردووە. دیارە تەکنۆلۆژی و ئابووری بە هۆی ئەوەی کە نە شوناسیان هەیە نە ئایین، زیاتر و خێراتر لە رەهەندەکانی دیکەی مۆدێرنە پەرەیان ئەستاند و بەجیهانی بوون. ئەمرۆکە لە لایەک بە پێکهاتنی کۆمپانیا بان نەتەوەییەکان، سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، بانکی جیهانی، گرووپی G٢٠، کەڵک وەرگرتن لە یۆرۆ و... بە تەواوەتی هەست بە بەجیهانیبوونی ئابووری دەکەین. لە لایەکی دیکە کۆمپانیا بان نەتەوەییەکان دەسەڵات و کاریگەریان بە سەر بەستێن و پرسە گشتییەکان، ئەو پرسانەی کە پێوەندیدارن بە هەمووی هاووڵاتیان وەک سیستمی تەندروستی و خزمەتگوزاری، هەیە بە بێ ئەوەی هەڵبژێردراوی خەڵک بن. لەو پێوەندییەدا خەڵک لە وڵاتانی جۆراوجۆر نارەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام چارەسەرکردنی پرسەکە لە توانا و دەرەقەتی «دەوڵەت-نەتەوە»یەک بەدەرە.بەو پێیە پرۆسەی گڵۆباڵیزم بە جۆرێک پرۆسەی بەجیهانیبوونی سەرمایەدارییە.

هەروەها بە جیهانیبوون لە ریگەی بە جیهانیکردنی بەرهەمهێنان و بە جیهانیکردنی دراو، دەوڵەت - نەتەوەی لاواز کردوە و سیستمی بانکداریی جیهانی بەهێز کردوە. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی فەڕانسە فلانە بانک یا سەرمایەدار بخاتە ژێر گوشارەوە و هەوڵ بدا ماڵیاتێکی زیاتر لەو سەرمایەدارە یا بانکە بستێنێ، ئەوان دەچن بۆ شوێنێکی دیکە وەک هیند، چین، ئەفریقا و...

کەوایە هەر دەوڵەتێک لە جوغرافیای حوکمڕانیی خۆی دا دەتوانێ کاریگەریی لە سەر بازار و ئابووری هەبێ بەڵام ئەو کاریگەرییە بە چەشنێک نییە کە بتوانێ پارێزگاری لە خزمەتگوزار بوون یا خۆشبژیوبوونی دەوڵەت بکا. بەم شێوەیە نەبوونی هاوپێوەندیی نێوان دەوڵەت - نەتەوەکان دەبێتە هۆی دەرەقەت نەهاتنی دیموکراسیی پارلمانی (دیموکراسی سنووردار لە باری جوغرافیاییەوە) لە بەرامبەر سیستمی بانکداریی جیهانی دا. دواجار دیموکراسیی پارلمانی بە هۆی بەجیهانیبوونی ئابووری و بە تایبەتی بە هۆی سیستمی بانکداریی جیهانی ناتوانێ پارێزگاری لە خۆشبژیوی هاووڵاتان بکا.

ئەو بابەتە بە واتای دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە دێموکراسیی پارلمانی نییە، بەڵکوو بە واتای تێگەیشتن لە پێویستیی دێموکراسییەکی جیهانییە. لە راستیدا لە گەڵ بەرفراوانبوونی جوغرافیاکان ئەقڵانییەتی مرۆڤەکانیش دەبێ گەورەتر بێ. یەکیەتیی ئورووپا سەرەرای هەموو گرفتەکانی پێویستییەکی ئورووپاییە هەر وەک چۆن نەتەوەیەکگرتووەکان سەرەرای هەموو گرفتەکانی پێویستییەکی جیهانە چونکە یەکیەتیی ئورووپا گەورەترین ناوەندی دیالۆگی ئورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش گەورەترین ناوەندی دیالۆگی جیهانە. لە راستیدا لێکگرێدانی جوغرافیاکان ناچارمان دەکا فەزای هاووڵاتیبوون و فەزای دیالۆگ و هاوکاریکردنیش بەرفراوان بکەینەوە.

**سەرچاوەکان :**

**١- زوال طبقه متوسط ، خطری برای اینده دموکراسی_ فرانسیس فوکویاما**

**٢- ئاسۆ جیهانییەکان، ئانتۆنی گیدێنز _ وەرگێر: عەتا جەماڵی**

**٣- ناتۆ ، مطالعات اروپا و امریکا، غلامرضا خادمی**

**٤- تجدد و تشخص ، انتونی گیدنز ، ترجمه : ناصر موفقیان**

**٥- گفتگوی شهلا بهاردوست با جلال ایجادی و جمشید اسدی**

**٦- قەیرانی یەکیەتی ئورووپا لە نێو جیهانێکی «لە دەست دەرچوو» ، رێبوار مەعروف زادە**

**٧- مسئلەی چپ در ایران و جهان، گفتگو با شیدان وثیق**

# نامەکانی پێشمەرگەیەک




وریا ڕەحمانی

«نامەکانی پێشمەرگەیەک» ناونیشانی کتێبێکی بایەخدار و جێی سەرنجی هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویستم کاک مۆحسین خالیدی یە، کە چ لە بواری سیاسی و مێژوویییەوە و چ لە بواری ئەدەبییشەوە هەڵگری پێگە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەرزی نووسینە کە خوێنەری ئەم کتێبە تەنانەت بێ ئەوەی بشزانێ بە شێوەیەکی سیحراوی و ئیستحالەیی بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشێ و لەگەڵ خۆی دەیبات. دەیباتە نێو قووڵاییەکانی بەشێک لە مێژووی پڕ لە شانازیی سیاسی و ئەدەبیی ئێمەی کوردەوە کە ڕەنگە بۆ کەسێکی وەک منی لاوی ئێستایی زۆر ئاشنا و هەست پێکراویش نەبێ. کەچی بە جۆرێکی یەکجار سەرسوڕهێنەرانەی تایبەتی پڕ لە واتاوە دڵ و هزری خوێنەری خۆی وا لە خۆیدا دەخەملێنێ کە خۆی وەک بەشێک لەو دەقە بزانێ و خۆی تێدا ببینێتەوە. هونەری بەرزی ئیستاتیکای نووسین و ناوەڕۆکی پڕ لە جوانی و دەوڵەمەندی نێوئاخنی ڕستەکانی ئەم کتێبە کەسایەتییەکی بێ وێنەی دەقێکی تێکهەڵکێش کراوی پرسی نەتەوەیی و خەبات و ئەدەبی بەرەنگاریی پێ بەخشیوە. ڕەنگە زۆرێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ساڵانی سەختی خەبات و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان کارێکی لەم چەشنەیان کردبێ و بیرەوەرییەکانیان نووسیبێتەوە و بەش بە حاڵی خۆیان سەرکەوتووش بووبن، کەچی ڕەهەندی نووسەر بوون و هۆگری بە ئەدەبیاتەوەی مۆحسین خالیدی وەک نووسەری ئەم دەقانە بوارێکی بەهێزتر و پڕ لە جوانی و سەرنج ڕاکێشانەتری بە کتێبەکە بەخشیوە. کۆی ٢٧ نامە و دەقێکی ئەدەبیی دیکە بەناوی «شەو نییە خەونت پێوە نەبینم» نێوئاخنی گشتیی ئەم کتێبە بەنرخە پێک دێنن، کە هەرکامەیان بەشێک یان بڕگەیەک لە ڕەنگدانەوەی شەقەی شاباڵی خەیاڵی سەردەمانێکی ژیانی پێشمەرگەیەکی نووسەرن، کە لەسەر بەرزترین شاخەکانی وڵاتەوە سەیری ئاواتی نیشتمانەکەی لە نێو دڵدا دەنەخشێنێ.

پێشمەرگەیەکی تێکەڵاو لە تووڕەیی و ئەوین، لە خاک و خۆشەویستەکەی، لە خۆزیا و گڕ. پێشمەرگەیەک کە پێنووس چەکەکەی دەلاوێنێتەوە و نووسەرێک کە ژیلەمۆی وشەکانی لە تفەنگەکەیدا گڕ دەگرێ. نامە بە نامەی ئەم کۆنامەیەی کتێبە ئاوێتەیەکی ورد و شاعیرانە و ئیستاتیکن لە خۆشەویستیی نیشتمان و مرۆڤ، لە دڵەخورپەکانی مرۆڤ بۆ ڕزگاری و ئازادی، لە باوەشی نیشتمانێکی بەرین بۆ ریسالەتی ئەوین. ئیتر ئەستەمترین چیاکان و پڕ ئێشترین زامەکانیش لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی مەزندا، واتایەکی ئارام بەخشانە و باوەڕمەندانە دەبەخشن و هەمووی ڕوو لە جوانی دەکەن. ئەوەی هەیە و پێناسەی چوارچێوە دەگرێ، ژیانە و تەنانەت مردنیش وەک بەشێک لە ژیان دەنوێنێ. لە تویێی ئەم نووسراوانەدا خۆشەویستیی نیشتمان و مرۆڤ بەتایبەت وێنای پیرۆزی دڵداری بە جۆرێک بە یەکەوە بەستراونەتەوە و گرێدراوی یەکترین، کە زۆرجار لێک جیاکردنەوەیان کارێکی یەکجار ئەستەمە و واتایەکی وەک یەک دەگرن.

ئەم نامانە تەنیا نامەیەکی لاوێکی پێشمەرگەی کورد نین کە هەواڵی بڕگەیەکی ژیانی خۆی بە دڵدارەکەی بگەیەنێ، بەڵکوو مێژووی ساتەوەختەکانی ژیانی نەتەوەیەکی زیندووشن کە ڕۆڵەکانی بە ئەمەگ و بەرپرسیارەتییەوە لە نێو مەیدانی خەباتدا زامەکانیان دەلاوێننەوە و گۆرانیی ئارەزوو دەچڕن. «نامەکانی پێشمەرگەیەک، بیرەوەری و ڕاستیی ژیانی زۆر لەو لاوانەیە کە زۆربەی کاتەکانی تەمەنی گەنجیی خۆیان لە پێناو پاراستنی گەورەیی نەتەوەیی کورد و بەدەستهێنانی مافی ڕەوای میللەتەکەیان، ژیانی پارتیزانی (پێشمەرگایەتی) لە شاخیان هەڵبژارد. هەڵبژاردنێک کە بێ شک حەزێکی کاتی نەبوو، حەزێک تێکەڵاو بە هەست و عەقڵانییەتێک کە پێشەشکردنی گیانی تەنیا




دیاریی ڕاستەقینەی بوو. ئەم نامانە قسەی زۆر لەو پێشمەرگە لاوانەیە کە نوقمی دەریای ئەوینی نیشتمان و یارن».

بەستێنی گشتیی ئەم نامانە بە گشتی لە چوارچێوەی پەخشانی ئەدەبیدا خۆی دەدۆزێتەوە کە تێمێکی جوانیناسانەی شێعری بە سەریدا زاڵە و کەڵکێکی باشی تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی چیرۆک نووسیشی تێدایە.

نامەکانی پێشمەرگەیەک، لەگەڵ ئەوەیدا کە بە نموونەیەکی سەرکەوتوو لە بواری پەخشاننووسیی ئەدەبیی کوردیدا دەژمێردرێ، لە هەمان کاتیشدا نموودارێکی شایان و جوان لە ڕەوایی کەڵکەڵە و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤی بەتایبەت لاوی پێشمەرگەی کورد لە سەردەمی خەباتی چەکدارانەی شاخ لە چوارچێوەی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستاندا نیشان دەدات. ئەم کتێبە بەرهەمێکی یەکجار بە نرخە بۆ ئەوەی لاوانی ئێستای کوردستان بیخوێننەوە و زەرفییەتێکی باش و گونجاویشی بۆ وەرگێڕان بە زمانەکانی دیکە بەتایبەت فارسی و تێگەیشتنی نەتەوەکانی دیکە لە ئێمە و خەباتی ڕەوای ئێمەی کورد، هەیە.

## خەمڕەوێنەکەم

لەسەر نامەی ئەمجارەم دڵۆپێک خوێنت بۆ دەنێرم. ئەوە خوێنی جەستەمە کە بەڵێننامەی گیانفدایی لە ڕێی کوردستانی پێ مۆر دەکەم. پەیمانێکیشە لەگەڵ تۆ کە تا دوادڵۆپی خوێنم، کۆتری یادت لە هێلانەی دڵم دەرنەکەم. ئەوە عەهدێکە بە تۆ و نیشتمانی دەدەم کە تا ئەو ڕۆژەی میری هەناسەم کۆشکی دڵم بەجێ دێڵێ، یادی ئێوە بکەمە مەشخەڵی ڕووناکی ژیان.

ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، ئازاری برینێکی شیرین جەستەمی داگرتوە. برینێک کە وەک شلێرە لەسەر جەستەم ڕواوە و کوێستانی هیمەتمی ڕازاندووەتەوە. ئێستا هەست دەکەم کە کوردستانی دایک



منی بە ڕۆڵەی خۆی وەرگرتوە و بۆ سارێژی برینەکەم لایە لایەی سەربەستیم بۆ دەڵێ. بەڵێ، من بریندار بووم.

پێرێ شەو یاوەرانی هەڵۆ لە گوندەکەی سەر جادە هەواڵیان پێداین کە کەمتیارەکان دەیانەوێ بە پێ دزە پەرژینی پاراستنمان ببەزێنن و هەواری پڕ گوڵ و ڕیحانەمان داگیر بکەن. کە فەرماندە هاواری کرد، پلینگ ئاسا داوێن و دۆڵ و لووتکەی هەوارمان لە ئامێز گرت. زەوی لە ژێر پێی پێشمەرگەدا دەلەرییەوە. بوڕکانی تۆڵە تەقیەوە و ئاگرمان لە جەستەی نەیاران بەردا. لێرە نەبووی تا بینی چۆن گزنگی ئاگرینی چەکی پێشمەرگە، شەختە و سەهۆڵبەندانی جەستەی چەقەڵ و ڕێوییەکانی دەتواندەوە. چاوت لێ نەبوو کە چۆن بارانی گوڵلەی کوڕانی چیا، لافاو ئاسا، جەستەی دوژمنی بە تاشەبەردی شاخدا دەدا. نەتبینی کە چۆن گەردەلوولی ڕقی هەناسەی شاخ، کۆشکی خەیاڵیی کەمتیارەکانی ڕادەماڵی و وەک گەڵای پاییز لاشەیانی یەک بە یەک دەوەراند.

ئێمەش بە ئاهەنگی قرمژنی گوڵلە، لە گۆڕەپانی (سەربەرزی)دا، سەرچۆپی مردن بۆ ژیانمان گرتبووە دەست و خوێنی خۆمان دەکردە شاباشی باڵای بەرزی کوردستان. ئەو ئاهەنگە بۆ ئێمە شایی و گۆڤەند بوو، بۆ دوژمنیش سمفۆنیای مەرگ.

لە گەرمای هەڵپەڕیندا، ئازارێک گیانی داگیر کردم و چاوم لە خوێنم بوو کە لۆزەوی دەبوو. لە پەنای بەردێکدا دانیشتم. هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی. بۆنی بارووت و دووکەڵیش نەیتوانیبوو، بەرامەی هەڵاڵە و بەیبوونی کوێستانەکەمان بزر بکات. سەیری شاخەکەم کرد، ڕوو لە من پێدەکەنی. لە دارێکم ڕوانی، هاتبووە سەما، چاوم لە ئاسمان بڕی، هەتاویش خوێنی لێدەتکا. کە لە دوژمن ورد بوومەوە، چۆکی دادابوو، پشتی شکا.

**«ئای چەند شیرینە ئازارێک کە لە پێناو مەبەستێکدا دەیچێژی. هەرگیز ئەو ساتانەم لە بیر ناچێ کە لە بن ئەو بەردە، لە گەرمەی شەڕ و بارانی ئاگر، ئەسپی خەیاڵم بەرەو باخی یادی تۆ تاو دا. کە پێتگەیشتم دەستت لە سەر برینەکەم دانا و خوێنەکەت لە ڕوخسارت دا و گوتت «بە خوێنی تۆ ڕووم سوور دەکەم بۆ ئەوەی ڕوو سوورترین کچی ئەم دنیایە بم» لە بیرمە، پەلکە ڕیحانەکەی ناو دەستت بە فرمێسک تەڕ کرد و لەسەر برینەکەمت دانا. ئازارەکەم وردە وردە کەم بووەوە. خەونووچکەیەک بردمییەوە».** گوێم لێبوو بە هێمنی پێت وتم «هەستە بڕۆ، پۆلە هەڵۆکانی هاوڕێت چاوەڕێتن. مەهێڵە سووکەبرینێک بارانی گوللەت وشک بکات». کە وەخۆم هاتمەوە، دیتم چەکەکەم بە دیارمەوە هەڵکوڕماوە و بە خەمباری لێم دەڕوانێ. لە بن بەردەکەش پەپوولەیەک بە ماتی چاوی تێبڕیبووم.

پەنجە خوێناوییەکەم هێنایە بەرچاوم. وێنەی یارانی شەهیدم بە بەر چاوما تێپەڕ دەبوون. وەبیر فرمێسکی هەزاران دایک و باوکی ڕۆڵەکوژراو و منداڵی هەتیو کەوتمەوە. دیمەنی سووتانی سەدان گوندی وڵاتەکەم لەبەر دیدەم ڕێچکەیان بەست. هەستم بە بۆکڕووزی جەرگی هەڵقرچاوی هەزاران بووکی کۆستکەوتوو کرد. وەبیر خۆم هێنایەوە کە (هەڵۆ لە ئاسماندا نەبێ نامرێ). هاتمە سەر چۆک. دیتم پەپوولەکەش باڵی دەبزوێ و گەش گەش لێم دەڕوانێ. دەستە ساخەکەم بۆ لای کلاشینکۆفەکەم برد. هەڵمگرت، ماچم کرد و ئەویش لە ناو دەستی من و لە مەتەرێزی پارێزگاری لە سەربەستی، قاقا پێدەکەنی. ئەوەندەم دی لەبەر دەمم گەڵای وشکی نەیارانمان هەڵدەوەرین. لەو لاتریش هەڵۆکان هەڵدەفڕین و پڕ بە باڵای کوردستان هاواریان دەکرد «من پێشمەرگەی کوردستانم. ئامادەی جەرگەی مەیدانم».

مۆحسین خالیدی

---

## هەڵە چێنی

## جیاوازی و وێکچوونەکانی نێوان «گیراوە» و «تێکەڵە»



مستەفا شێخە

ئەم تێکەیەڵەیە هەندێک شتی وا دەخاتەوە یادی کەسانی نەوسن و ورگنەوە. ئیشتیایان دەکاتەوە و لیکاوی ئارەزووی خواردن بە لیچیاندا شۆڕدەبێتەوە. ئەگەر ئەم نەوسن و مەوسنانە منداڵی ساوا بوایەن و بەپێی نەریتی کۆنی ناو کەلتووری کوردەواری، مەقستێکیان دابایە دەست خاڵیان و خاڵۆ بە مەقەست لیکاوەکەیانی بڕیبایە، لیکەکە بۆ هەتا هەتایە وشک دەبوو. بەڵام کاتێک خاڵی کەس ئەم کارە ناکات، وابەشە هەرکەسەو خۆی لیکاوەکەی کۆنتڕۆڵ بکات.

تێکەڵە لە ڕوانگەی هێندێک کەسەوە دۆڵمەیە، لە ڕوانگەی کەسانێکی دیکەوە «ئاجیل» واتە چەرەزات یان سوێرەمەنی تێکەڵەیە. لەبەر ئەوەی تێکەڵەی دۆڵمە چەور و پڕ لە ڕۆنە و تایبەتمەندیی سەرەکیی ڕۆنیش چەور کردنە، ڕەنگە بەسەرێک تێکەڵەی دۆڵمە لە تێکەڵەی سوێرەمەنی پەسندتر بێت. کەسێک نفوزێکی قورسی لەسەر کابانی لێنەری دۆڵمە نەبێت، نازانێت هەریەک لە دانە دۆڵەمە جیاوازەکان کە بە پەلکە مێو و کەلەم و سلق و کوولەکە و باینجان و تەماتە و شتی لەم بابەتە ڕووخساری خۆیان پێشان دەدەن، چیان لەناو دایە. نەوسنی دۆڵمەخۆر، نازانێت، ئەو بڕە برنجەی کراوەتە ناو دانەدانەی ئەو دۆڵمانەی بە فیز و ئیفادەوە ڕۆنیان لێ دەتکێتەوە، چەندە ڕۆن و پیواز و گۆشت و کەرەوز و خوێ و بێبار و سیر و شتیدیکەیان تێدایە. لە خواردنی دۆڵمەی تێکەڵەدا ڕەنگە تەنیا جیاوازی لە نێوان تامی ئەو شتانە دابێت کە برنج و قیمە و بەگشتی ناوئاخنەکەیان لە خۆیاندا حەشار داوە.

تێکەڵەی دووهەم کە ئاجیل واتە سوێرەمەنییە، لایەنگرانی تایبەت بەخۆی هەیە. لایەنگرانی سوێرەمەنی، بە پێی لێکدانەوە و تیۆرییەکانی خۆیان دەڵێن ئەو کۆمەڵە شتەسوێرانەی ئەم تێکەڵەیان پێک هێناوە، سەرەڕای تێکەڵبوونیان، خاوەنی کەسایەتیی سەربەخۆشن. لە ناو ئەم تێکەڵەیەدا ڕەنگە تۆوی شووتی هەبێ کە فارسەکان پێی دەڵێن»توخمە ژاپۆنی«. ڕەنگە توخمە ژاپۆنی یان هەمان تۆوشووتیەکەی لای خۆمان، خۆی لە هەموو بەشدارانی تێکەڵەکە بە گرنگتر بزانێت و هیچ هەست بەوە ناکات کە ناوسکی سەد توخمە ژاپۆنی بە قەرای دەنگە بادامێکی قوونڕووت کاکڵ و ناوکی تێدا نییە. یان ڕەنگە تۆو کوولەکەیەکی تاڵ، تامی پستە دەم پێکەنینە بەتامە هەست بزوێنەکانت لە لێ بکاتە ژەهری مار. بە بڕوای بەشێکی بەرچاو لە لایەنگرانی ئەم جۆرە تێکەڵەیە، پستە شای ناو تێکەڵەکان و بە سەربەخۆییش هیچ سوێرەمەنییەک ناتوانێت شان لە شانی بدات.

پستە سەرەڕای تامە خۆش و سوودە زۆرکەی بۆ لەش، توانیویەتی بە هۆی بیچم و قەڵافەتی هەستبزوێنیەوە، سەرنجی خاس و عام بۆلای خۆی ڕابکێشێت و تەنانەت بە چەکی سارد و گەرمیش پیاوی لەسەر بکوژرێت. داروبەرد کڕبێت و یاخوا خوای کائینات بیپارێزێت و ئەم قسەیەی من هەرگیز وەڕاست نەگەڕێتەوە، جار هەیە پستەکە خۆیشی فیدا دەبێت.

هەرکام لە کەسایەتییە سەربەخۆیەکانی وەک تۆو کوولەکە و پستە و باوی و گوڵەبەڕۆژە و بادامی بنزوەی، ئەگەرچی لەناو تێکەڵەکاندا پێکەوەن، بەڵام هەر کامە کەسایەتیی سەربەخۆی خۆیان هەیە و لە ناویاندا تەنیا پستەیە بە تەنیا دەتوانێت نیوەی کۆمەڵ بە بیرو باوەڕی جیاوازەوە بهەژێنێت. ئەم هەژاندنە وای کردووە، ئەو کەسانەی لە دروست کردن و ڕێکخستنی تێکەڵەدا شارەزان، زیاتر لا لە پستە بکەنەوە و هەوڵ بدەن ئەگەر بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمی «کۆتا»ش بێت، بەرێژەیەکی زۆرتر پستە بخەنە ناو تێکەڵەکانەوە.

بەڵام «گیراوە»، شتێکی تەواو جیاوازە و تەنیا دەکرێ لە تێکەڵکردنی بەشێک لە شلەمەنییەکان پێک بێت و دوای تێکەڵ بوون، بەهۆی ئامێر و کەرستەی زۆر پێشکەوتوو و لێکدانەوەی زانستیانە نەبێت، لێک جیا ناکرێتەوە. بۆ وێنە ماستاو، سادەترین گیراوەیە کە لای خۆمان زۆر بە زۆری کەڵکی لێوەردەگیرێت. ماستاو لە ئاکامی شل کردنەوەی ماست و تێکەڵ کردنی ئاو و شڵەقاندنی بەردەوام و خێرا دروست دەبێت. ئەوانەی زۆر شارەزای دروست کردنی ماستاون، باش دەزانن بەر لەوەی ئاو بکرێتە ناو ماستەکەوە، پێویستە ماستەکە زۆر بە باشی لێک بدرێت و پاشان وردەوردە ئاوی پێوە زیاد بکرێت و لە ئاکامدا ماستاوێکی ڕێک و یەکدەست بەرهەم دێت.

ئەوانەی لە دروستکردنی ماستاودا زۆر شارەزان، پێیان دەگوترێت ماستاوچی. ماستاوچیی شارەزا ئەوەش دەزانێت ئەگەر ماستاو لە ڕادەی خۆی زیاتر بشڵەقێت، گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر دادێت و تراوەکەی دەبێت بە دۆ و چەورییەکەش بە ناوی کەرە یان نڤیشک لە دۆیەکە جیا دەبێتەوە و ڕەنگە وەک لایەنێکی سەربەخۆ هەڵوێستیش بگرێت.

شارەزایانی بەشی گیراوە، کە بە تایبەتی‌تر خۆیان بە شلەمەنی و گیراوەی ماستاوەوە خەریک دەکەن، دەتوانن ئەم بەرهەمە بخەنە خزمەت گەمە و کایەی نێوان پێکهێنەرانی «تێکەڵەکان» و بەم تەجروبەیەی لە ڕێگەی دروست کردنی گیراوەی هەستیاری ماستاوەوە پێی گەیشتوون دەتوانن بە هاسانی باڵانسی نێوان پستە و باوی و لەتە نۆک و تۆو گوڵەبەڕۆژە و تەنانەت توخمەژاپۆنی و شتەکانی دیکەش ڕابگرن و هەروەها لەدەستیان دێت کاری زۆر گرنگی وەک لێک دابڕاندن و لەیەک نزیک کردنەوەی تێکەڵ لێک دوورەکانی وەک دۆڵمە و چەرەزاتیش ئەنجام بدەن.

لەم ناوەدا وێڕای هەموو جیاوازی و وێکچوونەکانی نێوان تێکەڵە و گیراوە واتە «مەحلوول و مەخلووت»دا، وێڕای لەبەرچاو گرتنی ڕێز و حورمەتی پستە، نابێ ڕۆڵی بەرچاوی ماستاو لەبیر بچێتەوە.

---

## شیرەی ڕەنج



**بۆ ڕۆڵەی نەمری کورد مامەقالەی سوتوو**

لە گەڵ ئەدای فەڕزی پیرۆز
هەموو ڕۆژێ
نەمامێکی مێوت دەناشت،
بە گۆمیلکە ئاوی بارانی حەسرەتان ئاوت دەدا
لە ڕەشەبا
تینت دەستاند، پێت دەبەخشی
مشت مشت گیانت دەخستە سەر
هەتا لە ساڵ
هەر چوار وەرزان دەهاتە بەر.
شیرەی بەری ڕەنجت لە نێو کوپەی دڵتدا ڕادەگرت
تینی گڕی خۆری حەزت پێدا دەکرد
دەبووە شەڕاب
شەڕابێکی تام تفتی وەک تامی ئەسرین
هەر بە پیاڵەی پەیمانەوە
دەتدایە دەست کۆڕگێڕانی کۆڕی ئەوین.
سەفەرت خێر»مامە»ی ڕەزان،
ڕەزت هەروا بەر دەگرێ
دڵنیا بە پیاڵەی شەڕابی سیحراویت
لە کۆڕی بەزمی یاراندا
هەر دەگەڕێ
بۆیە یادت قەت نامرێ.

بێبەش

## باران



من و ئەم سەخلەتە ڕێی شە
لە سەرتاوە هاوڕێین
بووین بە یەک،

مەگری باران
ئیشکارۆی من
بە تنۆک و
نە بەلێزمەو لافاوی تۆ
نابێتەوە بە کێڵگەی ژین و ئەوین و
چارەی من و ئەم زەردەپەرە
کۆتایین..

من ناگەمە شەوی ژوان!
لە هیجرانی ئەم غوربەتەشدا نەماوێ
دەرد و سۆی غوربەت
چاوەڕوان هات و نەهاتت بم

هەتا کەنگێ؟
زریای دڵ دلۆپێکی شڵەژاو ،و
نا ئارام بێ،
ئەوی بوون و نەبوون بێ
بووم...
ئەوی چوون و نەچوون بێ
چووم!،

ئیتر بێهودە ڕێبوارم!
ئیترچاوم،
ئەو چاوەی وێنەی دەکردە بەر قەڵەمم...
بگری باران
بۆ من؟!
نا
بۆ ژیان بگری،
بۆ ڕووی بێشەرمی هەتاو،
بۆ مانگ!،
زۆر جارم ئەستێرکی ڕەنگینی شێعر هەڵکێشا و
...

تەخشان و پەخشانم ئەمشەو
بگری باران
بۆ من؟
نا،
بۆ ژیان بگری.
بۆ منت هەڵڕشتوە؟
ملوانکەی هەلپچڕاوی
پەیڤی تەڕی مەزدا؟

هۆنینەوەی پرچی شێعر
داڵدەی تەنیاییم نادا.
بگری و نەگریت
چی‌تر نابم...
تۆش بە وەرزیکدا بڕۆ

تەنیا

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 583 20 May 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# هەڵبژاردەی فوتباڵی کوردستان هێمای بەجیهانیبوونی کورد

وریا رەحمانی

لەوەتا وەبیرم دێ هەمیشە حەزم لە یاریی فوتباڵ بووە و هەستم بە کاریگەرییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ... کانی ئەم وەرزشە لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا کردوە. وەبیرم دێ کاتی یەکێک لە گەورەترین و خۆشەویستترین ئاواتەکانی من و زۆری دیکەی وەک من بووە کە رۆژێک لە رۆژەکان تیمی هەڵبژاردەی کوردستان لە ئاستیکی نێونەتەوەیی دا ببینین کە ئاڵای کوردستانیان بە دەستەوە بێ و سروودی ئەی رەقیب بڵێنەوە و بیبەنەوە. هەبوونی تیمی هەڵبژاردەی کوردستان و دەرکەوتن لە تۆرنۆمێنتێکی باڵای نێونەتەوەییدا خۆی هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و دەستەبەربوونی بەشێکی زۆر لە خەونەکانی منی مرۆڤێکی کوردە کە رەنگە بە درێژایی تەمەنیشی لەم پێناوەدا تێکۆشابێ. راستییەکەی دەتوانم بڵێم کە ئەگەر بە درێژایی تەمەنم سێ ئارەزووی گەورەم بووبێ بە دڵنیاییەوە، یەکیان هەمیشە دیتنی تیمی فوتباڵی کوردستان بە سەرکەوتوویی لە ئاستە نێونەتەوەییەکاندا بووە. ئەو هەستە و غروورە پیرۆزەی کە لەکاتی لێدانی مارشی سروودی ئەی رەقیب و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بوارێکی نێونەتەوەیی فوتباڵدا ئینسان هەستی پێدەکا، لەگەڵ هیچ شتێکی دیکە بەراورد ناکرێ و لە گێڕانەوەش نایە.

هەست دەکەم وردەوردە خەریکە سێبەری نەهامەتی لەسەرمان لادەچێ و ئەو ئامانج و ئارەزووە هاوبەشانەی کە ساڵانێکی زۆرە خەونیان پێوە دەبینین خەریکن وەدی بێن. بەرزبوونەوەی مەوجوودییەت و پرسی کورد لە ئاستە باڵاکانی نێونەتەوەیی و دەرکەوتنی کورد وەک یەکەیەکی سیاسی - نەتەوەیی - جوغرافیایی لە مەیدانە بەرزە جیهانییەکاندا بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ ئاواتێکی بێ ئەملاولای رەهەندی نەتەوەیی منێکی تاکی کورد بووە کە بەدرێژایی تەمەن خەونی پیرۆزم پێیەوە دیوە و لە هەوڵی دەستەبەر بوونیدا بووم.

بە راشکاوییەوە دەتوانم بڵێم کە حزوور و دەرکەوتنی تیمی فوتباڵی کوردستان لە ئاستێکی باڵای نێونەتەوەیی وەک تۆرنۆمێنتی چەندلایەنەی فەلەستین و سەرکەوتنی غروور خوڵقێنانەی ئەم تیمە لە کێبەرکێ لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتێکدا لە ساڵانێکی گەلێک دوور و درێژتر خاوەنی سەربەخۆیی و سەروەریی کیانی خۆیانن، لەراستیدا بۆهەر تاکێکی کورد وەک مرۆڤ و کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو کە ساڵانێکی زۆرە لە پێناو مافە رەواکانی خۆیدا خەبات دەکات، گرینگییەکی کەسایەتیی خوڵقێنانەی کەم وێنەی هەیە کە دەتوانێ کاریگەریی راستەوخۆی پۆزەتیڤی لە بواری بایەخی دەروونی کورد وەک نەتەوەیەک بووە کە بەتایبەت بە درێژایی مێژووی خۆی حاشای لێ کراوە. ئێستا کە لە زۆریەک لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان باس و بەرز کردنەوەی هێمای کوردی وەک ئاڵا و سروودی نەتەوەیی لە لایەن دەوڵەتە داگیرکراوەکانی کوردستانەوە پێشی پێ دەگیرێ، زۆر گرینگە کە لە وڵاتێکی دیکەی دوور لە کوردستان بە لوتفی حکوومەتی هەرێمی کوردسانەوە لە باشووری کوردستان، تیمی فوتباڵی هەڵبژاردەی کوردستان لە تۆرنۆمێنتێکی رەسمی نێونەتەوەییدا لە وڵاتی فەلەستین لە بەرامبەر تیمی وڵاتانێکی خاوەن پێگەی جیهانیدا بە سەرکەوتوویی دەردەکەوێ و غروورێکی شایانی نەتەوەیی بۆ کورد لەهەر شوێنێکی دنیادا بەدی دێنێ. ئیتر مەجبوور نیم لە مەیدانە جیهانییەکانی فوتباڵ دا بەهۆی ئەوەی کە بۆخۆم وەک کورد خاوەنی تیمێکی هەڵبژاردەی فوتباڵ نیم لایەنگری لە وڵاتێکی دیکە بکەم، بەڵکوو منیش وەک هەموو خەڵکی دیکەی دنیا خاوەنی شوناسی نەتەوەیی - وەرزشیی خۆمم و بە سەرکەوتن یان شکستی تیمی فوتباڵەکەی خۆم خۆشحاڵ یان دڵگران دەبم. لەم رۆژانەی دواییدا کە یاریی هەڵبژاردەی کوردستان لەگەڵ مۆریتانیا و ئەندۆنیزیام دەدیت بە شێوەیەکی ناخودئاگا وەبیر ئەم شێعری «ئاوات»ی مامۆستا ئاسۆ کەوتمەوە!

بڵێی خوداعومرم بدا
لە مەیدانێکی گەورەدا
یاری تۆپێنی دونیا بێ!
تیمی کوردستان ببینم
کراسێکی سوور و جوانی لە بەردا بێ!!؟
ئیدی ئەو کات زۆر پیریش بم
نەخۆشیش بم قەت قەت مەم بەن بۆ کن تەبیب
ئەلەمم تێدا نامێنێ
بەو شەرت منیش لە گەڵ ئەوان بخوێنمەوە
سروودی بەرزی ئەی رەقیب!!

## کۆچی دوایی چیرۆکنووسی کورد محەممەد موکری



محەممەد موکری، چیرۆکنووسی ناوداری کورد شەوی یەکشەممە، ١٧ ی بانەمەڕ (٦ مای) بە نەخۆشییەکیی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی راپەڕین لە شاری سلێمانی بەخاک سپێردرا.

محەممەد موکری خاوەنی چەندین رۆمان و چیرۆک و نووسینی جۆراوجۆر بووە کە بە رای زۆربەی رەخنەگرە ئەدەبییەکان هەمیشە لە نووسینەکانیدا گیانی داهێنانی خۆی پاراستوە. «تۆڵە»، «هەرەس» و«سەگوەڕ» چەند نموونەیەک لە بەرهەمەکانی محەممەد موکرین کە ئەو نووسەرە کوردەیان لە بواری نووسینی رۆمان و چیرۆکدا پێ دەناسرێتەوە.

محەممەد موکری وەک چۆن جار جارە بیری خۆی دەدایە دەست رەنگ و بە رەنگ تەعبیری لە هزرەکانی خۆی دەکرد، ئاواش بە وەرگێڕان سەر و سەودای لەگەڵ دەقەکاندا دەکرد و یەکێک لەو بەرهەمە بە ناوبانگانەی کە ناوبراو کردوونی بە کوردی «عاشقە ناودارەکان» بوو.

شایانی باسە کە محەممەد موکری زیاتر لە چل ساڵ خزمەتی بە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی کرد و بە نووسین و بەرهەمەکانی کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەندتر کرد.

## بەڕێوەچوونی کۆڕێکی شێعری بۆ ناسر حیسامی لەلایەن ئەنجومەنی ئەدەبیی زێد لە شاری هەولێر




ئێوارەی رۆژی ٢١ی بانەمەڕ، ئەنجومەنی ئەدەبیی زێد لە شاری هەولێر کۆڕە شێعرێکی بۆ کاک ناسر حیسامی، شاعیرو وەرگێڕی ناسراوی کورد بەڕێوە برد.

لەو کۆڕە شێعرەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە هۆگرانی شێعر و ئەدەبیی کوردی لە ماڵی وەفایی لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو، سەرەتا مستەفا شێخە بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی ئەدەبیی زێد وێڕای بەخێر هاتنی شاعیر کورتەیەک لە ژیانی ناوبراوی بۆ بەشداران خوێندەوە. پاشان لە بڕگەی یەکەمی کۆڕە شێعرەکەدا ناسر حیسامی چەند شێعری جوانی خۆی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.

لە بڕگەی دووهەمی کۆڕەکەشدا ناسر حیسامی بە خوێندنەوەی چەند شێعری وەرگێڕدراوی ئەبولسەعید ئەبولخەیر و چەند چوارینەیەکی بابا تاهیر و هەروەها چەند شێعری دیکەی خۆی کۆڕەکەی زیاتر رازاندەوەو لەگەڵ پێشوازیی گەرموگوڕی ئامادەبوان بەرەوڕوو بوو.

شایانی باسە کە هەیئەتێکی تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ کە بەشداری ئەو کۆڕە بوون، دەستە گوڵێکیان پێشکەش بە شاعیر، ناسری حیسامی کردو بەم جۆرە رێز و سپاسی خۆیان پێشکەش بەم شاعیرە ناسراوەی گەلەکەمان کرد.

## داخرانی سێ غورفەی بڵاو کردنەوەی کتێبی سوننە مەزهەبەکان لە پیشانگای کتێبی تاران




سێ غورفەی تایبەت بە بڵاو کردنەوەی کتێبی سوننە مەزهەبەکان لە ٢٥هـ مین پێشانگەی نێونەتەوەیی کتێبی تاران داخران.

بەیانیی رۆژی پێنج شەممە ٢١ی بانەمەڕ، بەرپرسانی بەڕێوەچوونی پیشانگەکە، غورفەکانی بڵاوکراوەی ئاراسی کوردستان، حافز ئەبرووی خوراسانی رەزەوی و ئیلافی پارێزگای فارسیان داخستوە.

دەوترێ لە ماوەی رۆژانی رابردوودا بەرپرسانی پیشانگەی کتێبی تاران چەند جار لە بارەی کۆکردنەوەی هێندێک لە بابەتەکانی ئەو کتێبانە وەک مێژووی سیاسیی کورد نووسینی ئایەت موحەممەدی، ئەمسالی قورئانی نووسیی ئیبنی قەییمی جووزی و کتێبی «دین سوزی «معاصر» نووسینی کەماڵ رووحانی، بەرپرسانی ئەو غورفانەیان وریا کردبۆوە.

شایانی باسە کە ئەو کتێبانە ئیزنی دەرچوونی رەسمیان لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیەوە پێ دراوە.

## ئێران لە سەرکوتی رۆژنامەنووساندا هەر پێشەنگە




رێکخراوی راپۆرتنێرانی بێ سنوور لە راپۆرتێکدا، توندتر بوونی سەرکوتی رۆژنامەنووسان و راگەیەنەکانی لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم کرد. لەو راپۆرتەدا هاتوە کە بەرپرسانی قەزایی حوکمی بانگکرانی دوو رۆژنامەنووس و کاریکاتۆریستێکیان دەرکردوە و هەروەها فەرمانی راگیرانی مانگنامەی "نەسیم"یشیان داوە. ئەو راپۆرتە ئاماژەی بە نەرگیس موحەممەدی رۆژنامەنووس و وتەبێژی رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤ کردوە و دەڵێ: زۆربەی رۆژنامەنووسان، لە زیندانەکاندا، لەگەڵ بارودۆخێکی نامرۆڤانە و بێ حورمەتی پێ کردن بەرەوڕوون.

راپۆرتنێرانی بێ سنوور وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لە بارودۆخی جەستەیی نەرگیس موحەممەدی لە زمانی بنەماڵەی ئەو بەندکراوە گوتوویەتی: ناوبراو ئێستا بۆ بەندی تاکەکەسیی ٢٠٩ی ئێوین کە لە ژێر بەرپرسایەتیی مەئموورەکانی وەزارەتی ئیتلاعات دایە، راگوێزراوە و بە هۆی فشاری دەروونی تووشی هەژانی عەسەبی و گیرانی ماسوولکەکانی بووە.

## رێگریی بەرپرسانی زانکۆی پەیامی نووری مەهاباد لە بەڕێوەچوونی رێوڕەسمیکی خوێندکاران

بەرپرسانی زانکۆی پەیامی نووری مەهاباد ئیزنی بەڕێوەچوونی رێوڕەسمیکی خوێندکارانیان هەڵ وەشاندەوە.

خوێندکارانی زانکۆی پەیامی نووری مەهاباد بۆ مەحکومکردنی جینایەتەکەی بۆکان و رفاندن و کوشتنی سومەییە فەیزوڵاپوور و خەسارناسیی نەبوونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی بەرنامەی پێکهێنانی سمینارێکیان دەبێ و هەموو خوێندکارانی زانکۆش بە ئیمزای خۆیان پشتگیریی بەڕێوەچوونی ئەو سمینارە دەکەن، بەڵام ئەو داوایە لەلایەن بەرپرسانی زانکۆوە رەد کرایەوە.

شایانی باسە کە بیانووی بەرپرسانی زانکۆ ئەوە بووە کە گرتنی ئەو سمینارە لە چوارچێوەی چالاکیی ئەواندا نییە و لە جێدا قانوون ئیزن بە کاری وا نادا.

خوێندکارێکی زانکۆی پەیامی نووری مەهاباد لەو بارەوە دەڵێ رێگریی بەرپرسانی زانکۆ بۆ بەڕێوەچوونی ئەو کۆڕ و سمینارانە لە کاتێک دایە کە تەنیا رۆژی شەممە بە میلیۆن تمەنیان لە بودجەی بەشی فەرهەنگیی زانکۆ کە دەبێ خەرجی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە فەرهەنگییانە بکرێ، خەرجی پێشوازی لە شاڕوودی و هەیئەتی هاوڕێی و خواردنی نەهار لە زانکۆ کردبوو.




گۆلێک لە داوێنی چیاکانی رۆژهەڵاتی چۆمان